# تیشکی نوێ

**گۆڤارێکی سیاسی، لێکۆڵینەوەیی، کولتووری و مێژووییە**

تیشکی نوێ | ژمارە: ١ | دەوری سێهەم | پائیزی ١٣٩٥

کومیسیۆنی ئاموزش و لێکۆڵینەوەی
حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەریدەکات

تیشکی نوێ | گۆڤارێکی سیاسی، لێکۆڵینەوەیی، کولتووری و مێژووییە
ژمارەی ١ | دەوری سێهەم | پائیزی ١٣٩٥
کاری هونەری | ئاگری باڵەکی

کومیسیۆنی ئاموزش و لێکۆڵینەوەی
حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەریدەکات

# پێرست


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٥ |
| رکوودی سیاسی ا رزگار ئەمین نژاد | ٩ |
| رەوتی گەشەی ناسیۆنالیزمی کورد ا سامان فەقێ نەبی | ٣١ |
| کارکردی چالاکی مەدەنی ا رەحمان پیرۆتی | ٣٧ |
| رێکەوتننامەی الجزایر و دەرەنجامەکانی ا عومەر باڵەکی | ٤٥ |
| ئیسلامی سیاسی،.. ا و:مەنسوور پیرۆتی | ٦٣ |
| بووژانەوەی کوردەکان ا و: هەژیر تورجانی | ٧٥ |

# پێشەکی..

تیشکی نوێ گۆڤارێکی سیاسی، لێکۆڵینەوەیی، کولتووری و مێژووییە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەریدەکات. یەکەم ژمارەی تیشک لە سەرماوەزی ١٣٤٥ بە هەوڵ و هیممەتی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دێموکراتی کوردستان دەرچووە. ئەو کات تەنیا دوو ژمارە، ئەویش بە تیراژێکی کەم گۆڤاری تیشک بڵاوکرایەوە. هەلومەرجی خەباتی نهێنی، دووره وڵاتی و کەندوکۆسپی بەردەم رێگای تێکۆشانی تێکۆشەرانی حیزب، دەرفەتی نەدا تەمەنی گۆڤاری تیشک لەوە زیاتر بێت، بەڵام بەو تەمەن و تیراژە کەمەش سەرەتای قۆناغێکی بە نرخ بوو لە مێژووی خەباتی سیاسی و کولتووری گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و نەخشی لە نەخشاندنی چالاکی سیاسی و راگەیاندنی بەرچاوە و جێگای دەستخۆشی و یادکردنەوەیە کە لەو کات و ساتەشدا ئیبتکاریان لەخۆیان نیشانداوە. زیاتر لە سێ دەیە دوای یەکەم قۆناغی دەرچوونی گۆڤاری تیشک ، لە جۆزەردانی ١٣٧٧ جارێکی دیکە دەرفەت رەخسا تا کۆمیسیۆنی فێرکردن و لێکۆڵینەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، قۆناغی دووەمی تیشکی نوێ بە تیراژی زیاتر و پڕ نێوەڕۆکتر، بگەیێنیتە دەست خوێنەران. بڵاوکردنەوەی گۆڤاری تیشک لەو کاتەوە تا ساڵی ١٣٨٩ بەردەوام بوو و لەو ماوەدا نزیک بە سی ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە. لەو ساڵەدا جارێکی دیکە هەلومەرجی

تایبەت و کەندوکۆسپەکان بە ناچار کورتە وچانێکیان پێدا. ئێستا بۆ جارێکی تر ئەو هەلە رەخساوە تا قۆناغی سێیەمی بڵاوکردنەوەی گۆڤاری تیشکی نوێ لەلایەن کۆمیسیۆنی ئاموزشی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرەتای دەیەی هەشتەمی تەمەنی حیزب دەست پێ بکاتەوە و یەکەم ژمارەی لە مانگی ١٠ی ساڵی ١٣٩٥ بگاتە دەست هۆگران و خوێنەرانی.

ئامانجی دەستەی نووسەران لە دەرکردنەوەی گۆڤاری تیشکی نوێ ئەوەیە لەو چوارچێوەدا بە وردی ئاوڕ لە شیکردنەوەی سیاسەتەکان، پرسەکان و چارەسەرەکان بداتەوە. لە دەستنیشانکردنی وتارەکان دا نێوەرۆک، واقع بینی و گشتگیری بابەتەکان لەبەر چاو دەگرێت. هەروەها هەوڵدەدات لە رووی فکری یەوە پەیوەندی یەکی پتەوی لەگەڵ ژینگەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابووری ناوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان هەبێ و تیشک دەخاتە سەر شیکردنەوە و باسکردن لەسەر کۆسپەکانی بەردەم گەشەی چالاکی یە سیاسی و مەدەنی وکۆمەلایەتیەکان.

ناکرێ لە حیزبێکی سیاسی دا گۆڤار یاهەر بڵاو کراوەیک بڵاو بێتەوە وباس لە بابەتە سیاسیە کان نەکا و کاتیک باس لە بابەتیکی سیاسی دەکری ناکری روانگەی ئەو حیزبە سیاسیە تێدا باس نەکرێ. بەڵام گۆڤاری تیشک هەر وەکی لە پیشووش داهەولی داوە ولەودەورەیش دا هەولی ئەوەیە لەسەر ئەو رێچکەیە بەردەوام بێت و دەروازیک بێت بو هەموو نوسەران وخاوەن نەزەران لە سەر بابەتە جۆراجۆرەکانی کە پێوەندی راستەوخۆیان هەیە بە مێژوو جوغرافیای کوردستان وئابووری وبابەتە پێوەندیدارەکان بە مەسەلە جوراجورەکانی کۆمەلگای کوردبەگشتی ورۆژهەلاتی کوردستان بەتایبەتی .

هەروەکی لە پیشەکی گۆڤاری تیشک ژمارە١سالی ١٣٧٧داهاتووە «لاپەرەکانی تیشکی نوێ لە پاوانی دەستەی نوسەران یاتەنانەت ئەندامانی حیزبی دیموکرات دانین.بەلکوتیشکی نوێ بە باوەشی ئاوەڵەوە بە پێشوازی هەر نووسەر وزانایەکی کوردودۆستی کوردەوە دەچێ کە بیهەوێ یارمەتی بدا بۆ دەولەمەند کردنی ناوەرۆکی گۆڤارەکە.»

دەستەی نووسەرانی تیشکی نوێ لەو چوارچێوەدا پێشوازی لە هەر بابەتێک دەکات و ئەو چەند خاڵەتان لەکاتی ناردنی بابەتەکان لەبەر چاو بێت؛

- بە چاوی رەخنە و وردبینانە گۆڤاری تیشک بخوێننەوە و بە پێشنیار و تێبینی

یەکانتان یارمەتی بە دەوڵەمەندکردنی بدەن.
- داواکاریــن لە هــەر بوارێک دا توانا و شــارەزایی تان هەیە، بە نووســینی بابەت لە چوارچێوەی ئاماژەپێکراو لەگەڵ گۆڤاری تیشکی نوێ هاوکاری بکە.
- نووسراوەکانتان دەبێ لە چوارچێوەی ئوسولی رۆژنامەوانی دابێ و نابێ تێیدا هێرش و بێ رێزی بکرێتە سەر کەس یان لایەنێک.
- ئەگەرنووسراوەکــە وەرگێــڕاو بــوو، دەبێ ئاماژە پــێ بدرێت و مافی خــاوەن بابەت بپارێزرێت ودەقە ئەسلیکەی لە گەل دا بنێرن.
- ئەگەر لە نووسراوەکاندا کەڵک لە ســەرچاوە وەرگیــراوە دەبێ بە روونی ئاماژەی پێ بکرێت.
- دەســتەی نووسەرانی تیشــکی نوێ پشــت گەرمن بە خوێنەرانی خۆشەویست کە بــە ناردنی بابەت و رەخنەی بەجێ هەولدەدەن گۆڤاری تیشــکی نوێ دەوڵەمەند تر بکەن.

**دەستەی نووسەران**

# رکوودی سیاسی

رزگار ئەمین نژاد

## پێشەکی

کارل مارکس دەڵێ هەر سەردەمێک کۆمەڵێ پرس لە گەڵ خۆیدا دێنێ کە توانای چارەسەرکردن یاخۆ وڵامدانەوەی بۆ هەبێ. هەڵبەت سەردەم یاخۆ دەوران لە روانگەی مارکسـەوە دیاردەیەکی میکانیکییە کە لە کۆنتێکسـتی ماتریالیزمی دیالێکتیکی دا دەرک پێدەکـرێ، بەڵام هاوتریبب بوونی «پرس» و «سـەردەم» (مسـئلە و زمان) جیـاواز لە بۆچوونی ماتریالیزمیانەی مارکـس، بابەتێکی ئیمپێریکە و ئێمە لە ژیانی رۆژانەدا بەردەوام تاقییان دەکەینەوە. بۆ نموونە کاتێ باس لە پرسی ژینگە دەکەین، لە راسـتیدا باس لە گرفتێک دەکەین کە پێوەندیی بە ئێستامانەوە هەیە و لە رێگای کولتوورسـازی، دامەزراندنی دەزگا و رێکخراوەی ژینگەپارێز و هەروەها هوشـیاریی مەدەنیەوە، هەوڵ بۆ چارەسـەرکردنی ئەم گرفتە دەدەین. ئەگەر ژینگە گرفتی ئەمرۆ نەبـێ، بە دڵنیاییەوە ئامێر و ئیرادەی جیددیش بۆ چارەسـەرکردنی گرفتی ژینگە لە ئارادا نابێ. ئەم نموونەیەی کە باسی لێکرا لە خۆیدا باس لە پێوەندییەکی دیالێکتیکیی دەکا لەمـەڕ دیاردەی «پرس» و «سـەردەم»، بەڵام لەم میانەیەدا «چارەسـەریی» وەک پارامێترێکی گرنگ دێتە ئاراوە کە پێویسـتە سەرنجی تایبەتی پێبدەین. ئەگەر دیاردەی پرس و سـەردەم دوو دیـاردەی عەینی بن، ئەوا چارەسـەریی دیاردەیەکی

زەینییە. بە واتایەکی دی پرس و سەردەم دوو دیـاردەن کە ئێمە لەگەڵیان دەژین، دەیانبینین، دەرکیان دەکەین و تەنانەت تا رادەیەکیش ئاگاییمان لەسەر هۆکاری سەرهەڵدانیان هەیە، بەڵام بۆ دیتنەوەی چارەسەریی ئێمە پەنا بۆ شێوازی جیاواز دەبەین و هەر کـەس یاخۆ لایەنێک بە پێـی روانگەی خـۆی و بە پێـی توانایی خۆی لەدوای چارەسەریی دەگەڕێ.

یەکێک لـەو دیاردانەی کە سـەردەم لـە گـەڵ خۆیـدا دەیهێنـێ، دیـاردەی رکوودی سیاسییە[1] . هەڵبەت دیاردەی دیپراشـێن هەمیشـە لە دوای دەورانی گەشـە و زیندوویـیدا دێـت و لـە زۆر بواری جیـاوازدا دەکار هاتووە، بۆ نموونە لە سـایکۆلۆژی، ئابووری، سیاسـەت و هتد. لە سـایکۆلۆژیدا پرسی دیپراشێن پێوەنـدی بـە خەمۆکی یاخـۆ دۆخێکی ئانۆرمالەوە هەیە کە رەنگە پێوەندیی بەم بابەتەوە نەبێ، بەڵام لە بواری ئابووری و سیاسیدا دیپراشین بە «رکوود» پێناسە دەکرێ و لە وشەی «راکد» وەرگیراوە کە بەمانای راوەسـتان یاخۆ چەقین هاتووە، هەڵبـەت لە زمانـی کوردیشـدا زۆرجار سوود لە وشەی «نسکۆ» وەرگیراوە. کاتێ لە باری ئامازەناسـی و تێرمینۆلۆژییەوە سـەیری چەمکـی رکـوودی سیاسـی بکەیـن، دەبینین کـە وێکچوونێکی زۆر هەیـە لە ماناکردنی ئـەم دوو دیاردەیە. بۆ زیاتـر شـیکردنەوەی چەمکی رکوود هـەوڵ دەدەم سـەرەتا درگای باسـێکی تێرمێنۆلۆژیانـە لەمەڕ رکوودی ئابووری بکەمەوە و دواتر لەباری چەمکناسییەوە پێناسـەی رکوودی سیاسـی بکـەم. لە بەشـی دووهەمـی ئـەم وتـارەدا بـاس لـە کۆنتێکسـتی هاتنەئـارای رکـوود و هەروەهـا هۆکارەکانی رکوودی سیاسـی دەکـەم، دواتـر هەوڵـی چارەسـەریی رکوودی سیاسی دەخەینە بەرباس و لە کۆتاییدا زۆر بەکورتی دواوتەی ئەم وتارە پێشکەش دەکرێ.

## تێرمینۆلۆژی رکوود

کاتێ لـە زانسـتی ئابووریـدا باس لە رکوود دەکرێ، مەبەسـت لە تەعامولی نێـوان بەرهەمـی ئابـووری و بـازاڕی ئابوورییـە. رکـوودی ئابـووری باس لە دۆخێکـی ئابـووری دەکا کـە بەهـۆی زێدەبەرهەمهێنانـی کارخانـەکان پێکدێ، واتـە کارخانەکان کالایەکی زۆر بەرهەم دێنـن لە کاتێکدا بـازار لەگەڵ کەمبوونـی مشـتەریدا بـەرەورووە. لـە وەهـا دۆخێکدا کۆمەڵـێ دیاردەی وەک وەستانی بەرهەمهێنان، داخرانی کارگە و کارخانـەکان و بێکاریی بەدوایدا دێ کە

[1] Political Depression (Political Stagnation)

دواتر کاریگەریی لەسەر ئابووری وڵات دەبێ. ئەم قۆناغە بە پێی بەراوردی ئابووریناسان، قۆناغێکی کاتییە کە لە چەند مانگ تێناپەڕێ و دواتر لە ڕێگای سیاسەتی ئابوورییەوە ڕێکار بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخە دیاریی دەکرێ کە یەک لەوانە زیادکردنی بودجە بۆ بووژاندنەوەی سیستەمی بەرهەمهێنان و نەهێشتنی بێکارییە.

سەبارەت بە ڕکوودی سیاسی ئێمە پێناسەیەکی تۆکمە یاخۆ چەمکێکی مێتۆدۆلۆژیک شک نابەین، هەر بۆیە کاتێ باس لە ڕکوودی سیاسی دەکرێ، ئاماژە بە دوو دیاردە دەکرێ؛ یەکەمیان باس لە بێجووڵەیی سیستەمی سیاسی دەکا و ئەوەی دیکە باس لە خەمساردی شارومندان دەکا لەهەمبەر ژینگەی سیاسی و چارەنووسی وڵاتەکەی دا. هەڵبەت کاری لێکۆڵەرێکی سیاسی گەڕان بەدوای ئەو هۆکارانەیە کە دەبێتە هۆی پاسیڤبوون و خەمساردیی ئەندامانی کۆمەڵگا و هەروەها لەدوای وڵامی ئەم پرسیارەدا دەگەڕێ کە بۆچی خەڵک لە حاند گۆڕانکاریە سیاسییەکان و سیستەمی دەسەڵاتدا چاو دەنووقێنن. ئەمەی کە ئاماژەی پێکرا ڕوانگەی «کۆمەڵگا-تەوەر» بوو، بەڵام ڕوانگەیەکی دیکە لەمەر ڕکودی سیاسی لە ئارادایە کە پێوەندیی بە «نیهادی سیاسییەوە» هەیە، واتە ئەو بەستێنەی کە تەعاموولی نێوان تیۆر و کردەوەی سیاسی تێدا دیاریی دەکرێ و بەشێوەیەکی کلاسیک حکومەت، بزووتنەوە، حیزب یاخۆ کلۆبە ڕۆشنبیرییەکان لەخۆی دەگرێ. کاتێ باس لە تیۆر دەکەین مەبەستمان لە ئەندێشەی سیاسییە کە لەو نیهادانەدا بە شێوەیەکی ئازاد، لەسەر بنەمای ڕەخنە و نرخاندن پەسەند دەکرێ و وەک بەرنامەی سیاسی پێشکەس دەکرێ. مەبەست لە کردەوەی سیاسیش تێگەیاندن و پەروەردەکردنی کادر و ئەندامی حیزبییە کە لە چوارچێوەی بەرنامەی سیاسی حیزبەکەیدا چالاکیی سالم و شەفاف دەکا بۆ بردنەپێشی سیاسەتەکانی حیزبەکەی. یەکێ لە مەرجەکانی کردەوەی سیاسی ئەوەیە کە ئەندام و کادێرانی ئەو حیزبە لەسەر بەرنامە سیاسییە پەسەندکراوەکانی حیزبەکەی ساغ بووبێتنەوە و لەنێوان ئەندێشە و کردەوەی سیاسییاندا هەست بە ناکۆکی نەکرێ.

بەگشتی ڕکوودی سیاسی لەباری فێمێنۆلۆژییەوە وێکچوونی لەگەڵ ڕکوودی ئابووریدا هەیە، بەڵام لەباری کارتێکەرییەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ ڕکوودی ئابووری. کاردانەوەکانی ڕکوودی سیاسی وەک ڕکوودی ئابووری

دیــار و خێرا نین، واتــە ئەگەر حیزبێکی سیاسی لە وڵاتێکدا تووشی رکوود بێ، سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو وڵاتە زۆر درەنگتر و هێمنانەتر هەست بە کاردانەوەکانی رکوودی سیاسی دەکەن و لە زۆر حاڵەتدا رەنگە بەیسێکی سیاسی یاخۆ حیزبێکی دی بە ئەجندای نوێ و دروشمی تازەوە شانسی هێژمۆنی خۆی لە کۆمەڵگادا تاقی بکاتەوە.

## ئاماژەناسیی رکوودی سیاسی

زۆر سرووشتییە کاتێ پێناسەی دیاردەیەک دەکەین،بەشێوەیەکی وێرایی باس لە نیشانەکانی ئەو دیاردەیەش بێتە ئاراوە. لەم وتارە و لە کاتی پێناسەکردنی رکوودی سیاسیدا ئاماژەمان بە هێندێ لە نیشانەکانی رکوودیش کرد، بەڵام لەم بەشەدا هەوڵدەدەم زۆر بە کورتی باس لەو نیشانانە بکەم کە رکوودی سیاسیی بەدوای خۆیدا دەهێنێ. پێشتر باس لە دوو زەمینەی جیاواز کرا کە رکوودی سیاسی تێدا پێکدێ. یەکەم؛ چۆنایەتی مامەڵەکردنی کۆمەڵگا لەگەڵ نیهادە سیاسییەکان بوو، واتە خەمساردی کۆمەڵ لەهەمبەر بڕیار و پەسەندنامە سیاسییەکان. دووهەم؛ رکوودی سیاسی لە نێو نیهادی سیاسیدا بوو، واتە ئەو شوێنەی کە تەعامول لەنێوان تیۆر و کردەوەی سیاسیدا رێکدەخرێ. سەرەتا باسێکی کورت لەمەڕ ئاماژەناسییەکانی زەمینەی کۆمەڵایەتی دەکەم و دواتر دەچمە سەر پرسی رکوود لە نیهادە سیاسییەکان دا.

## ١- زەمینەی کۆمەڵایەتی رکوود

لە پێوەندیی بە کاردانەوەی رکوود و چۆنایەتی رکوودی سیاسی لە ئاستی کۆمەڵگادا تیۆر و بابەتی زۆر هەیە کە لەم وتارە کورتەدا ناپرژێینە سەر گشتیان. بۆ ئەوەی خۆ لە ئاڵۆزیی بەحسێکی ئینتەزاعی رزگار بکەین هەوڵدەدەم ئەم وتارە بە ئاراستەی سیمپلیتیک یاخۆ سادەکردنەوەدا ببەم. بۆ ئەم مەبەستە هەوڵدەدەم باس لە مەجالەکانی دەرکەوتنی رکوودی سیاسی لە دوو کۆنتێکستی جیاواز و دوو مۆدێلی کۆمەڵایەتیی جیاوازدا بخەمە بەر باس کە لەم وتارەدا من بە «کۆمەڵگای ئەوتۆریتی» و «کۆمەڵگەی رێفلێکسیڤیتی» پێناسەیان دەکەم. کۆمەڵگەی ئەوتۆریتی کۆمەڵگایەکی میکانیکییە کە رەوتی پەروەردە چ لە ئاستی میکرۆ (واتە نیهادی بنەماڵە کە تایبەتمەندیی باوکسالارانەی هەیە) و چ لە ئاستی ماکرۆدا (واتە پەروەردەی نیشتمانیی کەتایبەتمەندی دیسپۆتیزمی هەیە) لەسەر بنەمای ئەوتۆریتی یاخۆ ئیقتەدارگەرایی بنیاد نراوە. کۆمەڵگای رێفلێکسیڤ کۆمەڵگایەکی ئۆرگانیکییە

کە ئازادی تاک و مافی هەڵبژاردنی تاک دەستەبەر دەکا. بەراوردکردنی ئەم دوو کۆمەڵگایە لە راستیدا بە مانای هەڵسەنگاندنی کەیفییەتی ئەم کۆمەڵگایانە نییە، بەڵکە مەبەستمان ئەوەیە کە ئەگەری رکوودی سیاسی بە شێوەیەکی رێژەیی لە هەردوو کۆمەڵگادا هەیە و هەوڵدەدەین لە میکانیزمەکانی رکوود لەم دوو کۆنتێکستە جیاوازەوە تێبگەین.

## ١-١ کۆمەڵگای ئەوتۆریتی

ئەدۆرنۆ و دورکهایمێر (١٩٤٧) لە روانگەی سایکۆلۆژی کۆمەڵایەتییەوە خوێندنەوەیەکی سیستەماتیکیان بۆ کۆمەڵگای ئەوتۆریتی و سیستەمی هیژمۆنیکی بنەماڵە کردووە و هەروەها کارتێکەریی ئەو سیستەمە لەسەر مامەڵەکردنی تاک و دەسەڵاتیان خستۆتە بەر باس. هەڵبەت لەم میانەیەدا ساختاری سیستەمی پەروەردە و فێرکردن وەک میکانیزمێک رۆڵی تایبەتی هەیە لە راڤەکردنی پێوەندیی نێوان تاک و دەسەڵاتی سیاسیدا. بە پێی بۆچوونی تایپۆلۆژیانەی ئەدۆرنۆ و دورکهایمێر، کاراکتێری تاکی ئیقتەدارگەرا (واتە ئەو کەسەی لە کۆمەڵگایەکی ئەوتۆریتیدا پەروەردە دەبێ) کاراکتێرێکی هاوشێوە و یەکسانیان هەیە کە هەوڵدەدەن خۆیان لەگەڵ بارودۆخەکاندا بگونجێنن و بەشێوەیەکی رەمەکی لەگەڵ رەوتەکاندا دەرۆن. یەکێکی دیکە لە کاراکتێرەکانیان ئەوەیە کە زۆر سازشکار و خۆپارێزن و لەژێر سێبەری دەسەڵاتدا هەوڵ بۆ پاراستنی نۆرم و رێسا هەنووکەییەکانی کۆمەڵ دەدەن. ئەم کاراکتێرانە لە خۆیدا باس لە ترس و نیگەرانییەک دەکەن کە لە کەسایەتی ئەواندا نیهادینە دەبێت و ئێمە لە کاتی هەڵوێستەکردنی تاکی ئیقتەدارگەرادا بەروونی دەیانبینین. کاتێ لەم وتارەدا باس لە «ترسی نیهادینەکراو» دەکرێ لە راستیدا مەبەست لە ساختارێکی زەینییە بۆ کۆنترۆڵ کردن. لێرەوە هەوڵدەدەم دیاردەی ترسی نیهادینەکراو و دەرکەوتەکانی بەسەر سێ قۆناغی جیاوازدا پۆلین بکەم:

## ١/ ترسی نەهادینەکراو و پاساوی عەقڵانی:

**عەقڵانی:** لەوەها دۆخێکدا تاکی ئیقتەدارگەرا ناکارامەیی خۆی لە ژێر سێبەری هێزی دەسەڵاتدا دەشارێتەوە. بە واتایەکی دی هەوڵدەدا دەسەڵات بەرادەیەک گەورە و بەهێز پیشان بدا کە پاساو بۆ بێهەڵوێستی خۆی بێنێتەوە و لە ئەنجامدا خۆی لە لە ژێر قورسایی ویژدانی کۆمەڵایەتیدا رزگار بکا. بۆ نموونە یەکێک لەو پاساوانە کە بەردەوام

لە زاری تاکی ئیقتەدارگەراوە دەبیسترێ ئەمانەن: «ئەو هەمووە هەوڵە درا چی بە چی کرا؟ لەم دەسەڵاتەدا هیچ ناگۆڕدرێ! کێ گوێ بە داوای خەڵک دەدا؟ و ...»

**٢/ ترسی نەهادینەکراو و خۆرێخەری:** ترسی نیهادینەکراو لەم قۆناغەدا زۆر خۆپارێزانەیە و خۆی لە کەیفییەتی هەڵوێستەکردنی تاکی ئیقتەدارگەرادا دەردەخا. واتە کاتێ تاکی ئیقتەدارگەرا بەتەمایە نارازیبوونی خۆی دەرببڕێ یاخۆ داواکارییەکی هەبێ، لەدوای خاڵی هاوبەش یاخۆ ناسنامەی هاوبەش لەنێوان خۆی و دەسەڵاتدا دەگەڕێ تاکوو بەم چەشنە شرعییەت بە نارازیبوون یاخۆ داواکەی خۆی بدا. تاکی ئیقتەدارگەرا تەنانەت توانای خۆ سەپاندن یاخۆ سەلماندنی خۆی وەک ناسنامەیەکی جیاواز نییە، بەڵکە هەوڵدەدا خۆی وەک پاژێکی لاواز لەنێو چارەنووسێکی گشتیدا پێناسە بکا. بۆ نموونە کاتێ منداڵ داواکارییەکی هەیە لە باوکی، هەوڵدەدا خێر و شەڕی داواکەی خۆی و تووڕەبوونی باوکی هەڵسەنگێنێ. لەوەها دۆخێکدا دەبێ یا چاوپۆشی لە داواکارییەکەی بکا یاخۆ بە چەشنێک هەڵسوکەوت بکا کە نەبێتە هۆی تووڕەبوونی باوکی.

**٣/ ترسی نیهادینەکراو و قارەمانپەروەری:** لە کۆمەڵگای ئەوتۆریتیدا، تاکی ئیقتەدارگەرا، تەناهی و ئاسایشی خۆی لە پشت کەسایەتییەکی بەهێز یاخۆ قارەمانێکدا دەبینێتەوە. کاتێ کەسایەتییەکی بەهێز هەڵوێستە دەکا، بە سەدان هەزار تاکی ئیقتەدارگەرا لە پشت سەریەوە دێنە مەیدان. بەڵام کاتێ قارەمان یاخۆ کەسایەتی بەهێز لە مەیداندا نەما، مەیدانەکەش لەگەڵ نەمانی ئەودا چۆڵ دەبێ. هەڵبەت ئەگەر لە هێندێ هەلومەرجدا قارەمان لە ئارادا نەبوو، هەوڵدەدەن بوونی خۆیان بە کۆمەڵێ ڕووداوە بەرجەستە بکەنەوە کە لای دەسەڵاتی سیاسیی بقە نەبێ. بۆ نموونە پشتیوانیکردن یاخۆ خۆخەریککردن بە هێندێ ڕووداوی لاوەکی و ئازایانە کە لە وڵاتانی دەوروبەریان ڕوودەدا و من وەک «فانتازیای بەتالیی» ناوی دەبەم.

باسکردن لە ڕکوودی سیاسی یاخۆ چالاکیی سیاسی لە کۆمەڵگای ئەتۆریتیدا لەراستیدا وەهمییە، چوونکە هیچ شەفافیەتێک یاخۆ کاری مەیدانیی لە ئارادا نییە تاکوو ئامارێکی باوەرپێکراو لەمەڕ بەشداری سیاسی خەڵک بەدەستەوە بدا و لە ئەنجامدا حوکم

لەسەر چالاک بوون یاخۆ رکوود بدەین. چوونکە بەپێی ئەو پێناسە تایپۆلۆژییەی کە پێشتر ئاماژەی پێدرا ئێمە نازانین خەت یاخۆ بەرنامەی سیاسی چلۆن لە وەها کۆمەڵگایەکدا پراکتیزە دەکرێ، چوونکە بە هۆی دۆخی سایکۆلۆژیی کۆمەڵایەتیی ئەو کۆمەڵگایانە، تەما و ئارەزووە سیاسییەکانی خەڵک هەمیشە بە نەهێنی دەمێنێتەوە و تەنیا لە دۆخی گونجاودا خۆیان دەردەخەن. یەکێک لە هۆکارەکان رەنگە مودیریەتی ناکارامەی سیاسی بێ کە هەوڵ بۆ بەرهەمهێنانەوەی هێژمۆنی دەسەڵات دەدا، واتە سیستەماتیک کردنی بڕیاری سیاسی لە پلەی سەرەوە بۆ ئاستەکانی خوارەوە. ئەم چەشنە مودیریەتە نە خاوەن ئیرادەی سیاسییە و نە گوێ بە ئیرادە و دەنگی گەل دەدا. بەڵام ئەگەر ئێمە خەمساردی وەک نیشانەی رکوودی سیاسی لەبەرچاو بگرێن ئەوا ناچارین پشت بەو تیۆرانە ببەستین کە لە سایکۆلۆژی کۆمەڵایەتیدا رەهەندەکانی کۆمەڵگای ئەوتۆریتەی پێ شرۆڤە دەکا. هەڵبەت لە زۆر حاڵەتدا تەنانەت نیهادە سیاسییەکان رۆڵی بەرچاویان هەیە لە دیسان بەرهەمهێنانەوەی ئەم دۆخە. چوونکە دروشم و بەرنامەی سیاسی بەشێک لە نیهادە سیاسییەکان لە کۆمەڵگای ئەوتۆریتیدا بەپێی سایکۆلۆژی ئەو کۆمەڵگایە دادەرێژرێ و کاری پێدەکرێ. لە وەها کۆمەڵگایەکدا چەمکی قارەمان هەمیشە بەرجەستە دەکرێتەوە، چاوپۆشی لە پۆلۆرالیزمی کولتوری و فرەناسنامەیی دەکرێ و هەروەها هەوڵدەدەن کۆدەنگییەکی پاسیف بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنن کە تاک ناچاربێ بەردەوام لەدوای خاڵی هاوبەش لە نێوان خۆی و دەسەڵاتدا بگەڕێ بۆ دیسان نیهادینەکردنەوەی ترس.

## ٢-١ کۆمەڵگای رێفلێکسیڤیتی

ئانتۆنی گیدینز (١٩٩٧) بۆ پێناسەکردنی «سێنمۆدێرنیزم» (واتە؛ دواقۆناغی مۆدێرنیزم. گیدینز باوەڕی بە پۆستمۆدێرنیزم نەبوو) باس لە سێ ئیندێکس دەکا کە بریتین لە: ١- کەلێنی زەمان- مەکانی، واتە مرۆڤ وەک سەردەمی پێشمۆدێرن دەروەستی کات و شوێن نەماوە. ٢- دابڕان لە ئاخێزگە؛ واتە دابڕانی تاکی سێنمۆدێرن لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی و هەروەها دەرباز بوون لە قۆرغ و چوارچێوە لۆکالییەکان کە لە ئەنجامدا خۆی لە خانەی جیهانیبووندا دەبینێتەوە و ٣- رێفلێکسیڤیتی. من لەم وتارەدا هەوڵمداوە کۆمەڵگای سێنمۆدێرن لە چەمکی رێفلێکسیڤیتیدا کورت بکەمەوە چوونکە خاڵی یەکەم

و دووهـەم بـە شـێوەیەکی ڕێژەیـی لە کۆمەڵـگای پێشـمۆدێرندا هـەن و بـە بۆچوونـی بەشـێک لـە ڕەخنەگەرانـی گیدێنز ئـەو دوو دیاردەیـە دەرەنجامی گولوبالیزمـی ئابووریـن و سروشـتییە کە ناتوانن ئیندێکسـێکی پایەدار بن بۆ پێناسەکردنی سـێنمۆدێرنیزم. بەگشتی ئەم سـێ چەمکە کە گیدێنز وەک سـێ فاکتۆری گرنـگ بۆ شرۆڤـەی هۆکاری خێرایی سـێنمۆدێرنیزم ناوزەدیان دەکا، لـە هەنـاوی خۆیدا بـاس لە ترسـێکی نیهادینەکراویـش دەکـەن کـە لەباری ئانتۆلۆژییـەوە جیـاوازی هەیـە لەگەڵ ترسـی نیهادینەکـراو لـە کۆمەڵـگای ئەوتۆریتی.

ڕێفلێکسـیڤیتی (باز اندیشی) یەکێکە لەو چەمکانەی کە گیدێنز لە تیۆرەکانی خۆی لەمەڕ مۆدێرنیزم دەکاری هێناوە. لە ڕاسـتیدا مەبەست لە ڕێفلێکسیڤیتی پێداچوونەوە و دیسانخوێندنەوەیە، واتە تاکـی سـەردەمی سـێنمۆدێرن بەهۆی خێرایـی زانیـاری، ئـازادی ڕادەربڕین، مافـی هەڵبـژاردن و فرەئەلتەرناتیڤـی، بەردەوام خەریکـی خوێندنەوەی نوێیە بۆ گشـت کـردەوە کۆمەڵایەتییەکان و هزر و تێگێشـتنەکانی سەردەمی خۆی. ئەم پێداچوونەوەیە ئاسـتی تاک، ئاستی نیهادەکان و هەروەها ئاسـتی تەعامولی نێوانی تـاک و نیهادەکانیش دەگرێتەوە (هەڵبەت مەبەست لە نیهاد بنەماڵەیە، خوێندنگەیە، ڕێکخـراوە و حکوومەتە). لە وەها دۆخێکدا پرسـی مەتمانە، ترس، ئاسـایش و تەناهیی خـۆی لە فۆرمێکی دیکـەدا پێناسـە دەکاتـەوە و چیـدی ئەم پرسـانە بـە نەریـت، ئاییـن یاخۆ ئایدیالۆژییەوە پێناسە ناکرێن. بۆ نموونە پرسـی «مەتمانە» بـە پێـی بەڵێندانی (تعهد) تـاک لەهەمبەر بەرپرسـایەتی مەدەنیدا یاخـۆ ئیلتیزامی نیهادەکان بە کەرامەتی تاکەوە مەزندە دەکرێ و، لەبری ترس باس لە «ریسک» دەکرێ. لە وەها کۆمەڵگایەکدا پرسـی ریسک و مەتمانە بـەردەوام لـە حاڵـی پێداچوونەوەدایە، ئەوەی ئەمڕۆ مەتمانەی پێدەکەی دەشێ سـبەی بەلای تۆوە جێـی مەتمانە نەبێ بەڵکە ریسـک بـێ، چوونکـە بنەماکای پێناسـەکردنی مەتمانـە لای تۆیـە و تـۆش مافی ئەوەت هەیـە پێداچوونەوە بـۆ بنەماکانـی مەتمانە بکـەی. ئەوەی لەم میانەیەدا جێی سـەرنجە ئەوەیە کە ترسی نیهادینەکراو لەم قۆناغەدا خۆی لە چەمکی «کلتووری ریسـک» دا پێناسە دەکاتـەوە. تاکـی مۆدێرن بـەردەوام لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چالاکدایە لەگەڵ دیاردەی ریسک کردن چوونکە خێرایی گۆڕانکارییەکان وا لە تاکی سـێنمۆدێرن دەکا کـە ژیانی خـۆی لەسـەر بنەمای ریسک کردن دارێژێ.

رکوودی سیاسی لە وەها کۆمەڵگایەکدا دیاردەیەکی وەهمیی نییە بەڵکە ئاماریی و عەینییە. کاتێ باس لە رکوود دەکرێ لە راستیدا باس لە رادەی بەشداربوونی شارومەندان لە پرۆسەی سیاسیدا دەکرێ و دەنگدان یەکێکە لە موتەغەییەرەکانی[٢] . هەڵبەت پرسی خەمساردیی یاخۆ بەشداریکردنی شارومەندان لە پرۆسەی سیاسیدا پیوەندییەکەی راستەوخۆی هەیە بە «مەتمانە» و «ریسک». کاتێ باس لە خەمساردیی دەکەین مەبەستامان «خەمساردی مەدەنییە» کە گۆفمەن (١٩٧٤) لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا باسی لێکردووە. خەمساردی مەدەنی بە پێی بۆچوونی گۆفمەن پێوەندییەکی چروپڕی بە مەتمانەسازییەوە هەیە، بۆ نموونە شاروومەندی کۆمەڵگای مەدەنی خۆی بەرپرسیار نازانێ لەهەمبەر گشت رووداوەکانی دەورووبەریی چوونکە مەتمانەی بە سیستەم هەیە و دڵنیایە سیستەم - ئەگەر کەموکوڕیشی هەبێ - کاری خۆی دەکا. سەبارەت بە کەمبوون یاخۆ زۆربوونی بەشداریکردنی سیاسی، پارامێتری ریسک لە کۆمەڵگای رێفلێکسیڤیتیدا رۆڵی بەرچاوی هەیە. کاتێ تاک هەست دەکا بەشداری نەکردن ریسکێکی گەورەیە و هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی دەکا ئەوا بە شێوەیەکی جیدیی سیستەم دەباتە ژێر پرسیارەوە و لە هەڵبژاردنەکاندا دەوری خۆی باشتر پیشان دەدا. هەڵبەت پرسی بەرژەوەندیی وەک هەڵبژاردنی سیاسی بابەتێکە کە تاکی مۆدێرن خۆی سەرپشکە لە دیاریی کردنیدا، بۆ نموونە سەقامگرتوویی سیستەمی دێمۆکراتیک و دەوڵەوتی خۆشبژێوی مەجالێکی گرنگە تاکوو بەرژەوەندییەکانی تاک دەستەبەر بکا و، سرووشتییە کە تاک بەرژەوەندیی خۆی بە سەقامگرتوویی ئەو سیستەمانەوە گرێ بداتەوە. ئەگەر هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی فەرانسە لە ساڵی ٢٠١٥ دا وەک نموونە بێنینەوە دەبینین کە ترس لە بەهێزبوونی باڵی دەستەراست، شارومەندانی فەرانسەیی هاندا کە بۆ رێگرتن لە دەسەڵاتی باڵی کۆنسێرڤاتیڤ بە رێژەیەکی بەرچاو بەشداریی لە هەڵبژاردنی سەرانسەریدا بکەن.

## ٢- زەمینەی رکوود لە نیهادی سیاسی دا

دەسەڵات لە هەر کۆمەڵگایەکدا کۆمەڵێ بەرژەوەندی هاودژ بەرهەم دەهێنێ کە لە درێژخایەندا دەبێتە هۆی سازبوونی مەودای کۆمەڵایەتی.

---

٢ variable

ئەگــەر بەرژەوەندیــی ئــەم کەلێنــە کۆمەڵایەتییانــە بە شــێوەیەکی چالاک و شــەفاف دەرکــەون، ئــەوا زەروورەتی دامەزرانی نیهادی سیاســی یاخۆ بزاڤی کۆمەڵایەتیــش دێتە ئاراوە. مەبەســت لــە کەلێنــی کۆمەڵایەتی ئــەو هاودژانە دەگرێتــەوە کــە بەهــۆی بەرژەوەندیی چینایەتی؛ بۆ نموونە بەرژەوەندیی خاوەن کار و خــاوەن ســەرمایە، بەرژەوەندیــی دەسەڵات؛ بۆنموونە شەڕی دین و نیهادە ســێکۆلارەکان، بەرژەوەندیی کولتوریی؛ بــۆ نموونــە ناکۆکیــی نێــوان نەریت و مۆدێرنیتــە و هەروەهــا بەرژەوەندیــی هێژمۆنیک؛ بۆ نموونە مافی نەتەوایەتی، دێنە ئاراوە. لە وەها دۆخێکدا زەروورەتی نیهادی سیاسی یاخۆ بزاڤی کۆمەڵایەتی، ڕێکخســتن و بەمانیفێســت کردنی ئەو کەلێنە کۆمەڵایەتییانەیە. ئەم ڕەوتە لە ئەنجامدا نیهادە سیاســییەکان بەســەر دوو بــەرەی دژبەیــەک دابــەش دەکا و لــە وەهــا دۆخێکدایە کە ئێمــە باس لە چالاکیی سیاســی یاخۆ ڕکوودی سیاسی دەکەیــن. ئــەم پێناســەیە لەراســتیدا شرۆڤەیەکــی کۆمەڵناســیانە لەمــەڕ چۆنایەتی دامەزرانی نیهادی سیاســی و هۆکاری سەرهەڵدانی بزاڤی کۆمەڵایەتی بوو کە من زۆر بــە کورتکراوەیی ئاماژەم پێــدا. بە پێــی ئــەم بۆچوونــە، نیهادی سیاســی لەراســتیدا بەرهەمی هاودژیی بەرژەوەندییــە کۆمەڵایەتییەکانــە و هەروەهــا بەرهەمی ئیســتەعدادی ئەو کۆمەڵگایانەیە کە نیهادە سیاسییەکانی تێــدا دادەمەزرێــن. کەواتــە کاتێ باس لە ڕکوود لە نیهادی سیاســیدا دەکەین پێویســتە ژینگــەی کۆمەڵایەتــی ئــەو نیهادانــەش لەبەرچاو بگریــن و بزانین کــە داخوا ئەو نیهادە سیاســییەی ئێمە باسی دەکەین لە کۆمەڵگای ئەوتۆریتی دامەزراوە یاخۆ ڕێفلێکسیڤیتی.

هومایــون کاتووزیان لە کتێبی «ایران، جامعە کوتاە مدت» (١٣٩٠) شرۆڤەیەکی بەراوردکارانــە لەمــەڕ جیاوازییەکانــی کۆمەڵــگای ئێران و ئۆرووپــای کردووە. ئــەم کتێبــە ئێمــە لەگــەڵ تیۆرییەکی نوێدا ئاشــنا دەکا بە نــاوی «کۆمەڵگای درێژخایــەن و کۆمەڵگای کورتخایەن». کاتووزیان باس لە ســێ فاکتۆری گرنگ بۆ پێناســەکردنی کۆمەڵگای کورتخایەن دەکا کــە من بەشــێوەیەکی شرۆڤەیی و زۆر بە کورتی لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەم.

### ١- گرفتی مەشرووعیەت و جێگرەوە:

لــە مێــژووی سیاســی ئێرانــدا کاتــێ کەســێک بە ڕێــگای تووندوتیژیی یاخۆ بە هۆی هێزی ســەرمایە بە دەســەڵات گێشتووە، پێگەی سیاســی و مەعنەوی ئــەو کەســە بەرادەیــەک بــەرز نرخاوە کــە هێندێجــار وەک خەلیفــەی خوا و

تەنانەت وەک سێبەری خوا ناوزەدیان کردووە. تەقدیس کردنی کەسایەتی لە پرۆژەی حکوومیدا هەمیشە گرفتی بۆ دیاریکردنی جێگری ئەو کەسە و هەروەها بەردەوام بوونی پرۆژەی سیاسی یاخۆ درێژماوەبوونی سیستەمی بەڕێوەبەریی ئەو حکوومەتەش ناوەتەوە. بۆ نموونە کاتێ پاشا یاخۆ ڕێبەری نیزام لە ژیاندا نامێنێ، کێشەی جێگرەوە بەرادەیەک گەورە بۆتەوە کە بووەتە هۆی ڕەشەکووژی لەنێوان وەزیر و گوزیر و ئیلیتی حکوومیدا و لە ئەنجامدا حکوومەت بەرەو لاوازی دەبا تاکوو کەسێکی دی پەیدا دەبێ و لە ڕێگای توندوتیژییەوە کۆتایی بەو دەسەڵاتە دێنێ و سەرلەنوێ سیستەمێکی نوێ لەسەر وێرانەی دەسەڵاتی پێشوو دادەمەزرێنێتەوە.

### ٢- نەبوونی بایەخی ماڵی و گیانی:

نرخ و بایەخی سەرمایەی خسووسی ونرخ و بایەخی سەرمایەی خسووسی و هەروەها ئێلیتی سیاسی و کولتوریی لە کۆمەڵگای درێژخایەندا زۆر بەرز دەنرخێ، چوونکە کەڵەکەبوون و ئەمنییەتی سەرمایە نەک هەر ژێرخانی ئابووری وڵات بەهێزدەکا بەڵکە دەبێتە هۆی بەردەوامبوونی پرۆسەی گەشەسەندوویی لە بواری کولتووری و سیاسیشدا. هەڵبەت ئێلیتی سیاسی و کولتوریش سەرمایەیەکی مەعنەوی گرنگە کە لە پرۆسەی گەشەسەندن و دامەزراوەبوونی سیستەمدا دەوری کاریگەری هەیە. لە کۆمەڵگای کورتخایەندا ئەم نرخاندنە نەک لە ئارادا نییە بەڵکە بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر وەبەر غەزەبی دەسەڵاتداران دەکەوێ. بۆ نموونە لە ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتدا یاخۆ لە ماوەی دەسەڵاتی پاشا یا ڕێبەری نیزامدا زۆر کەس لە خاوەن سەرمایەکان بەر غەزەبی دەسەڵات کەوتوون و دەستیان بەسەر ماڵ و سامانیاندا گیراوە و دواتر ئەو سەرمایە بەسەر خاوەن دەسەڵات و بازنەی نزیک لە دەسەڵاتدا دابەشکراوە. هەروەها ئیلیتی سیاسی و کولتووریی بە حوکمی نارەوا و بە شێوەی سەلیقەیی ڕەشەکووژی کراون، بۆ نموونە قەتڵە زەنجیرەییەکان لە ئێران، تیرۆری کەسایەتییە سیاسییەکان، حوکمی ئیعدام یاخۆ زیندانی درێژماوە بۆ ڕەخنەگران و هتد.

**٣- گرفتی کەڵەکەیی (Accumulation)[٣] و گەشەسەندوویی:** چەمکی کەڵەکەیی یاخۆ ئاکومولاسیۆن بە پێچەوانەی ڕوانگەی کلاسیکیی مارکسیسزم ئەمڕۆ لە زانستی ئابووریدا گرنگیی تایبەتی

٣ Accumulation

پێدەدرێ. مەبەست لە کەڵەکەیی لە ڕاستیدا هەموارکردن و دەستەبەرکردنی مافی سەرمایەگوزارییە لە وڵاتدا. هەڵبەت خاڵی سێهەم واتە کەڵەکەیی و گەشەسەندووی پێوەندیی بە خاڵی دووهەمەوە هەیە کە باسمان کرد. بە هۆی نەبوونی تەناهیی ماڵی و گیانی لەو وڵاتانەی کە بە کۆمەڵگای کورتخایەن پێناسە دەکرێن، خاوەن سەرمایەکان ئەنگیزەی سەرمایەگوزاریان لە نێوخۆی وڵات نامێنێ و لە ئەنجامدا سیاسەتی گەشەسەندوویش شکست دەهێنێ.

بە پێی ئەو فاکتۆرانەی کاتووزیان ئاماژەیان پێدەدا ئێمە لینکێک لە نێوان کۆمەڵگای ئەوتۆریتی و کۆمەڵگای کورتخایەن و هەروەها کۆمەڵگای ڕێفلێکسیڤیتی و کومەڵگای درێژخایەندا دەبینینەوە. هەڵبەت کاتووزیان لە نێوەرۆکی باسەکەیدا کۆمەڵگای کورتخایەن وەک «خانە کلنگی» پێناسە دەکا و مەبەست لەم وتەزایە لە ڕاستیدا نەریت و وەسواسی ئێرانییەکان دەگەیەنێ لە مامەلەکردن لەگەڵ دیاردەی کۆن دا. بۆ نموونە لە کاتی کرین و فرۆشتنی خانووبەرەدا کاتێ کڕیار باس لە «کلنگی» بوونی بینایەک دەکا، مەبەستی ئەوەیە کە خانووەکە بە مەبەستی ڕووخاندن و سەرلەنوێ بینا کردنەوە دەکڕێ، لە حاڵێکا ڕەنگە ماوەی بیست یاخۆ سی ساڵ بەسەر سازکردنی ئەو بنیایەدا تێنەپەڕیبێ. لە ئۆرووپا تەمەنی خانووەکان نزیک بە سەد ساڵە و خانوو ڕووخاندن و بیناکردنەوە زۆر بەدەگمەن لە پرۆژەی مێعماریی شارسازیدا لەبەرچاو دەگیرێ، چوونکە سیاسەتی نۆژەن کردنەوە هەمیشە لە ئەولەویەتدایە. ئەگەر بمانەوێ تیۆری کۆمەڵگای کورتخایەن لە چەند وشەدا فۆرموولە بکەین بەم ئاکامە دەگەین: «سیکلی ئانۆمی - دیسپۆتیزم» واتە:

«ئیستبداد > شێواویی > ئیستبداد > شێواویی > ئیستبداد > شێواویی > ئیستبداد».

نیهادی سیاسی لە کۆمەڵگای کورتخایەندا بەرهەمی بازنەیەکە کە لە شێواوییەوە بەرەو ئیستبداد و لە ئیستبدادەوە بەرەو شێواوی دەچێ. لە کاتی شێواوی یاخۆ پاشاگەردانیدا جموجۆڵی سیاسی و دامەزرانی تاقم و گروپ و حیزبی سیاسی بەشێوەیەکی بەربڵاو لە کۆمەڵگای کورتخایەندا دەردەکەون و پەرەدەستێنن. کاتێ باڵ یاخۆ حیزبێکی سیاسی لە ململانێی دەسەڵاتدا سەرکەوتن بەدەست دێنێ، بە شێوەی توندووتیژانە سەرکوتی لایەنەکانی دیکە دەکا و لە مەیدان

بەدەریـان دەکا. یەکێک لە بەرچاوترین نمادەکانـی چالاکیی سیاسـی و ڕکودی سیاسـی لـە کۆمەڵـگای کورتخایەنـدا ڕەنگـە لـە خانـەی سـیکلی «ئانۆمی/ دیسـپۆتیزمدا» دەرکەوێ کە باسـمان لێکـرد. حیـزب یاخۆ نیهادی سیاسـی پرۆژەیەکـی درێژخایەنـە و کاراییەکەی لـە بەردوامبـوون و تەمەندرێژیـی ئەو نیهادەدا دەردەکەوێ. لە کۆمەلگایەکدا کە دیاردەکانی کورتخایەن بن سروشتییە کـە مەجالـی بەردەوامبوونـی کاری سیاسیش کەمخایەن دەبێ.

## ڕکوود، داننان و چارەسەری

تا ئێرە باسمان لە زەمینە و بەستێنەکانی ڕتا ئێرە باسمان لە زەمینە و بەستێنەکانی ڕکوودی سیاسـی کرد، واتە باسمان لەو دۆخانـە کرد کـە ئیحتیمالـی ڕکوودی سیاسی تێدا بەهێز دەکا. بەڵام هۆکاری ڕکوودی سیاسـی بابەتێکـی دیکەیە کە ئێمە پێویستمان بە مێتۆدی لێکۆڵینەوە هەیە بۆ باسـکردن و دەستنیشانکردنی هـۆکار یاخـۆ هۆکارەکانـی. ڕەنگـە لـە قسـە و باسـی ڕۆژانە یاخۆ لـە هێندێ لێدوانـی ژوورنالیـدا باس لـە ڕکوودی سیاسـی حیـزب یاخـۆ جووڵانەوەیەک بێتـە ئـاراوە و کۆمەڵـی نیشـانە و تێرم بـۆ سـەلماندنی ڕکـوود ڕیـز بکرێـن، بـۆ نموونـە: کەمپنشـینی، لـە ڕۆژەڤدا نەمـان، کلاسـیک بـوون، بێجووڵەیی، لاوازی گوتار، شکسـتی تاکتیکی، کلوبی ڕۆشـنبیری، حیزبی لۆکس و زۆر شـتی دیکـە کە ئێمـە دەتوانین بـەم زەنجیرە هۆکارانـەوە زیادیـان بکەیـن. بـەڵام هیچکام لەم خاڵانە لە باری زانستییەوە ناتوانـن ڤاریابلێکـی (متغییـر) گۆنجاو و باوەڕپێکـراو بن. بـۆ لێکۆڵینەوەیەکی زانسـتی ئێمـە هـەم پێویسـتامان بـە دیزاینێک هەیە کە هۆکاری ڕاسـتەوخۆ و هـۆکارە ناڕاسـتەوخۆکانی دیـاردە یاخـۆ ڕووداوەکان فۆرموولـە بـکا، هەم پێویسـتمان بـە تیۆر و سـیگنیفیکانت بـوون هەیـە، واتـە سـەلماندنی ڕەوایی بوونی تیۆر و دیزاینی لێکۆڵینەوەکە.

لە زانسـتی پزیشکیدا باوە کە یەکێک لە مەرجەکانی چارەسـەریی نەخۆشـی ئەوەیە نەخۆشەکە باوەڕ بکا کە نەخۆشە، ئەوجـار هـەوڵ بـۆ کاری پشـکنین و لێکدانەوەی (تشـخیص) نەخۆشییەکە دەدرێ و دواجار پرۆسەی دەرمانکردنی نەخۆشـییەکە دەسـت پێـدەکا. ئـەم مۆدێلە باس لە سـێ قۆناغ دەکا: یەکەم داننان بە نەخۆشـییە، دووهەم پشکنین و لێکۆڵینەوەیە و سـێهەم چارەسەرییە. کاتێ بمانەوێ باس لە هۆکاری ڕکوودی سیاسـی بکەین لە ڕاستیدا پێویستیمان بـەم مودێلەیە، واتە داننـان بە ڕکوودی سیاسـی کە پێویسـتی بـە واقعگەرایی

سیاسی هەیە، دواتر لێکۆڵینەوە بۆ هۆکارەکانی رکوود کە پێویستی بە تیۆر و مێتۆد هەیە و دواجار پرۆسەی چارەسەرییە کە حەتمەن بە پرۆژەی «تاقیکاری- هەڵە» دا تێدەپەڕێ تاکوو دەگاتە چارەسەریی.

**١- داننان:** لەم وتارەدا باسێکی چەمکناسیمان لە بەشی تێرمینۆلۆژیدا کرد و چەند خاڵمان وەک پێناسە بۆ رکوودی سیاسی باس کرد. لێرەوە ئێمە ڤاریابڵێکی دی بە چەمکناسیی رکوودی سیاسییەوە زیاد دەکەین بە ناوی «وڵامنەدانەوە». مەبەست لە «وڵامنەدانەوە» ئەوەیە کە بۆ نموونە رێکخراوێکی بازرگانی یاخۆ حیزبێکی سیاسی مێتۆدێک پەسەند دەکا بۆ بردنەپێشی ئامانجی رێکخراوەکەی و، ئەم مێتۆدە لە پرۆسەی تاقیکاریدا چەندجار وڵام ناداتەوە. ئێستا ئەگەر بۆ سەرخستنی هەمان مێتۆد سوود لە باشترین تیۆر و پێشکەوتووترین تێکنۆلۆژی وەربگرێ لە راستیدا مێتۆدێک دەباتە پێشەوە کە هەڵەیە. لە وەها دۆخێکدا ئەم پرۆسەیە دوو خاڵ دەپێکێ: یا پرۆژەکە دیسان وڵام ناداتەوە کە لە کۆمەڵناسیدا بەم رەوتە دەڵێن هەڵەی سیستەماتیک، یاخۆ گرفتاری ئاکسیۆماتیزە بوون دەبێ (واتە پێمان وابێ کە درگا تاقە رێگای چوونەژوورەوەیە، لە کاتێکا دەشێ زۆر رێگای دیکە لە ئارادا بێ بۆ چوونەژوور). یەکێک لە تراژیدییەکانی هەڵەی سیستەماتیک ئەوەیە کە لەرێگای رێکلام کردن و بانگەشەی عاتیفییەوە مێتۆدە هەڵەکە بەسەر عەرزی واقعدا بسەپێنێ کە لە ئەنجامدا دوو هۆی لێدەبێتەوە: لە یەکەم حاڵەتدا ناچار دەبێ بکەویتە حاڵەتی بەرگریکردن لە مێتۆدە هەڵەکە و درگا لەسەر بەحسی «دەروون پارادایمی» دابخا و، دووهەم حاڵەت ئەوەیە کە لەهەمبەر رەخنە گرتندا حەساس بێ و ناچار خۆڕاگریی بکا. ئەم دۆخە نەک هەر زۆرترین تێچووی بۆ نیهادە بازرگانی و سیاسییەکان هەبووە بەڵکە سیستەم لە رکوودەوە بەرو قەیران دەبا. کەواتە کاتێ سیستەم وڵام ناداتەوە عەقڵانی ترین کار داننان بە هەڵەبوون و ناکاراییی مێتۆدەکەیە.

**٢- لێکدانەوە و پشکنین:** مرۆڤی سەدەی بیستویەکەم لە سەردەمێکی زۆر ئاڵۆزدا دەژیت. ئاڵۆزیی (پیچیدگی) هۆکارێکی دیاریکەرە بۆ گشت دیاردە سرووشتییەکان و هەروەها ئەو دیاردانەی کە بەدەستی مرۆڤ بەرهەم دێن. کەواتە چەمک و ئاماژەکانی ئاڵۆزیی دەشێ هەم لەنێو رێکخراوەدا هەست پێبکرێ و هەم لەو ژینگەیەدا کە رێکخراوەکەی

تێدا دامەزراوە. پێشتر و لە سەدەی رابردوودا «یاسای نیوتۆن» بەسەر گشت بوارەکانی زانست و تەنانەت سیاسەتیشدا زاڵ بوو. نیوتۆنیستەکان پێیان وابوو جیهان لە کۆمەڵێ سیستەمی مونەزەم پێکهاتووە کە بە پێی یاسا جەبرییەکانی سروشت لە جوولەدایە و ئێمە دەتوانین پێشبینیان بکەین. ئەم مۆدێلە وا دەردەخا کە مەعلوولەکان بەشێوەیەکی هێڵ- ئاسایی دەرەنجامی هۆکارێکی تایبەتن. بەڵام زانستی ئەمرۆ باس لەوە دەکا کە جیهان لە کۆمەڵێ سیستەم پێکهاتووە کە لە «هیچەوە» دروست دەبێ، بەشێوەیەکی داهێنەرانە کار دەکا و هەروەها دەرکەوتەکانی ئەم دۆخە مەجالی پێشبینی کردن بە کەس نادەن چونکە بە هەڵکەوت (تصادفی) سەرهەڵدێنن. هەڵبەت لەم پارادایمە نوێیەشدا یاسایەکی دێتەرمینیستی (جبری) لە ئارادیە، واتە پێمان دەڵێ کە سیستەمەکان لەم پارادایمەدا پێڕەوی لە سیکلێکی بەردەوام دەکەن کە لە بێنەزمییەوە بەرەو نەزم و لە نەزمەوە بەرەو بێنەزمی دەچن، ئەم بۆچوونە بە تیۆری ئاڵۆزیی[٤] ناوزەد کراوە. هەر لەم پێوەندییەدا تیۆرییەکی دیکە بە ناوی تیۆری بێنەزمی[٥] هاتۆتە نێو دونیای زانستەوە کە ئێمە بەرەو پارادایمێکی نوێ پاڵ پێوەدەنێ، هەڵبەت ئەم تیۆرە زۆر خاڵی هاوبەشی لەگەڵ تیۆری ئاڵۆزیدا هەیە. پرۆفسۆر کاترین هێڵز (١٩٩٠) لە شرۆڤەکردنی تیۆری بێنەزمیدا دەڵێ: بێنەزمی و ئاڵۆزیی شێوازێکە لە بێنەزمییەکی بەنەزم[٦] یاخۆ نەزم لە بێ نەزمیدا. بۆیە بێنەزمن؛ چوونکە توانای پێشبینی کردنمان نییە و، بۆیە بەنەزمن؛ چوونکە بڕشت (قطعیت) و زەبروزەنگی تێدا بەدی دەکرێ. هەڵبەت کاتێ باس لە بڕشت دەکرێ مەبەست لەوەیە کە لە هەناوی بێنەزمیدا شیوازێک لە نەزم بەدی دەکرێ کە هۆکاری دەرەکیی نییە بەڵکە بێنەزمی لە هەناوی خۆیدا هەڵگری یاسایەکە کە ناچارە بەرەو نەزم بڕوا. بۆ زیاتر دەرک پێکردنی جیاوازییەکانی پارادایمی نیوتۆنی و پارادایمی بێنەزمی لەمەڕ پرسی بەڕێوەبەریی و ڕێکخستندا هەوڵدەدەم لێرەدا بەراوردێکی کورت بکەم.

**پارادایمی نیوتۆنی:** ژینگەی کۆمەڵایەتی لە پارادایمی نیوتۆنیدا سادە و ئیستاتیکە و وا مەزندە دەکرا کە توانای پێشبینی کردنی گشت رەفتارە کۆمەڵایەتییەکانمان هەیە. دیدێکی میکانیکیمان بۆ سیستەم و ڕێکخراوەکان

٤ Complexity Theory

٥ Chaos Theory

٦ Olderly Disorder

هەبوو و پێمان وابوو کە یاسای «علەت-مەعلوولی» بە سەر گشت دیاردەکاندا زاڵە. لە پارادایمی نیوتۆنیدا پرسی کارایی بە پێی بارستایی زانیاری و ئایدیالۆژی پێناسە دەکرا و ڕێکخراوە وەک نیهادی بەرهەمێنانی ئیدە دەناسرا، بۆیە ناوەندی بڕیاردان هەمیشە لە بازنەیەکی چەند کەسیدا چڕ دەبووەوە (سێکتاریزم) و لە ئەنجامدا ئەرکی سەرەکیی بەڕێوەبەران پاراستنی دۆخی ئارایی بوو.

**پارادایمی بێنەزمی:** : ژینگەی کۆمەڵایەتی لە پارادایمی بێنەزمیدا ئاڵۆز و دینامیکییە و بەمچەشنە زۆر زەحمەتە ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان پێشبینی بکرێ. لەم پارادایمەدا چیدی ڕێکخراوە وەک ماشین چاو لێ ناکرێ بەڵکە وەک ئورگانێکی زیندوو سەیری دەکرێ. دیاردەکان نەک بە پێی یاسای علەت-مەعلوولی بەڵکە وەک پێوەندییەکی «تەعامولی» دەرک پێدەکرێ. لە پارادایمی بێنەزمیدا چیدی ڕێکخراوە ئاخێزگەی بەرهەمهێنانی ئیدە نەماوە بەڵکە پەنا بۆ هەر ئیدەیەک دەبا کە هۆکاری گەشەسەنوویی ڕێکخراوەکە و چالاک کردنەوەی ئۆرگانیزمە جیاوازەکانی سیستەم بێ. لێرەدا ناوەندی بڕیاردان لە چەند کەسدا چڕ نابێتەوە بەڵکە بە پێی «وشیاری بەکۆمەڵ» لەسەر بڕیارەکان ساغ دەبنەوە و ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی نەک پاراستنی دۆخی ئارایی بەڵکە داهێنان و نەوگەراییە.

بەم چەشنە سەردەمەی ئێمە، پارادایمی نیوتۆنی تێپەڕاندووە و بەرەو پارادایمی بێنەزمی هەنگاوی ناوە، کەواتە زۆر سروشتییە کە گۆڕانێکی بنچینەیی لە هەلومەرجی سیاسی و ژینگەی کۆمەڵایەتیدا پێکهاتبێ کە حەتمەن مەجالی کارکردن بۆ حیزب یاخۆ بزوتنەوەیەکی سیاسی ئاڵۆزتر دەکا و لە زۆر حاڵەتدا دەبێتە هۆی ڕکوود.

**٣- چارەسەریی:** لە سەرەتای ئەم وتارەدا باسمان لەوە کرد کە پارامێتری»چارەسەریی» لە پەنای پارامێتری «پرس» و «سەردەم» دا زۆر گرنگە و پێویستە سەرنجی تایبەتی پێبدرێ. چارەسەریی لە کولتوری ئێمەدا هەمیشە ڕەهەندێکی نەسیحەتاوی هەبووە، واتە هەرکەسێ لە جێی خۆیەوە هەڵدەستێ و وەک ڕیشسپییەکی ماقوڵ دڵسۆزیی دەکا و ڕێکار و چارەسەریی پێشکەش لایەنەکان دەکا. لە ئەنجامدا کەس یاخۆ ئەو لایەنە سیاسییەی کە لە دۆخێکی قەیراناویدا دەژی هەمیشە لەهەمبەر ئەو چارەسەرییە حەکیمانەدا حەساستر و ئاڵۆزتر دەبن. ئەم وتارە هەوڵدەدا خۆی لەو دۆخە کلتوورییە دوور ڕاگرێ و سروشتییە کە باس کردن

له چارەسەریی- لەم وتارەدا - پێرەویی لەو رەوتە رۆتینییە ناکا کە وەک ریشسپی رێکار و رێگا حەل ئاراستەی دۆخە قەیراناوییەکان بکا. هەڵبەت چارەسەریی بە زمانی زانستیانە، پێرەوی لە مۆدێلێک دەکا کە لە زانستدا کاری پێدەکرێ. کەواتە ئێمە پێویستیمان بە پێناسەیەکی زانستی هەیە بۆ هەر سێ پارامێترەکان. لێرەدا هەوڵدەدەم بە شێوەیەکی فورموولەکراو چەمکی سەردەم، پرس و چارەسەریی بخەمەوە بەرباس.

پارامێتری سەردەم یاخۆ زەمان، بە زمانێکی زۆر سادە، پێوەندیی بە جووڵە و گۆڕان هەیە. کاتێ باس لە جووڵە دەکەین مەبەستمان یەک شتە: واتە دیاردەکان بە گووزەرێکی زەمانیدا تێدەپەڕن (دەسپێک، هەنووکە، داهاتوو) و کاتێ باس لە گۆڕان دەکەین مەبەستمان گۆڕانکاری لە چەندایەتی و چۆنایەتی دیاردەکانە کە بەپێی زەمان دەردەکەون. مانای پارامێتری پرس بریتییە لە مەودای نێوان دۆخی ئارایی (موجود) و دۆخی ئیدەئال (مطلوب) کە ئەم مەودایە پڕە لە دیاردەی نەناسراو و هۆکاری نادیار (مجهولات و معلولات). وەک لەم پێناسەیەدا دەردەکەوێ چەمکی پرس جیاوازی هەیە لەگەڵ گرفت دا چوونکە گرفت باس لە کۆمەڵێ دۆخی نائیدەئال دەکا کە بەهۆی یەک یاخۆ چەندانە پرس دێتە ئارا. مەبەست لە چەمکی چارەسەریی ئەوەیە کە بە پێی ئەو زانیارییانەی لەبەر دەستدا هەن، لایەنە نەناسراوەکانی پرس بدۆزینەوە و رێگایەکی مسۆگەر بۆ دەرچوون لە دۆخی ئاراییەوە بۆ دۆخی ئیدەئال ببینینەوە.

جێنریچ ئاڵتشوولێر (١٩٤٦) لە سەردەمی سۆڤیەتی پێشوودا، بنەمایەکی زانستیانەی بۆ «داهێنان و چارەسەریی» هێنایە نێو جیهانی زانستەوە کە بە داهێنانناسیی تریز[٧] ناوی دەرکرد. تریز (TRIZ) کورتکراوەی دەستەواژەیەکی روسییە و لە ئینگلیسیدا بە (Theory of Inventive Problem Solving) ناوەزەد کراوە و ئەمڕۆ لە لقە جیاوازەکانی زانستدا سوودی لێوەردەگیرێ. ئەگەر بمانەوێ بە کورتی و بە زمانێکی زۆر سادە تیۆری تریز پێناسە بکەین دەبێ بڵێین کە تریز شێواز یاخۆ ئالگوریتمێکە بۆ چارەسەریی گرفتی داهێنان کە بە مێتۆدێکی سیستەماتیک هەوڵ بۆ دۆزینەوەی هۆکارە نائیستانداردەکان دەدا و لە ئەنجامدا بە شێوەیەکی مێتۆدۆلۆژیانە چارەسەریی پێشکەش دەکا. وەک باس کرا تریز لە زۆربەی

٧ TRIZical Creanovatology

بوارەکانی زانستدا دەکار دێ و من هەوڵدەدەم مۆدێلی تریز لە پێوەندیی بە نێوەرۆکی سەرەکی ئەم وتارە دەکار بێنم، چوونکە ڕێکارەکانی تریز خۆی لە چل دانە بنەمادا دەبینێتەوە کە لەم وتارەدا ناپرژێینە سەر گشتیان. کەواتە سوود وەرگرتن لە مۆدێلی تریز لە پێوەندیی بە ڕکوود و چارەسەریی ڕکوود بە مانای ئەوەیە کە سیستەمێکی باوەڕپێکراو و زانستیمان لەبەردەستدا بێ تاکوو بە شێوەیەکی ڕێژەیی مۆدێلێکی مێتۆدۆلۆژیانە بۆ پرسی چارەسەریی ببینینەوە.

چوار بنەمای سەرەکی بۆ تریز کە پێویستە بۆ پرسی داهێنان و چارەسەریی ڕەچاو بکرێن بریتین لە: ١- ڕەچاوکردنی ڕەوەندی قۆناغ بە قۆناغ، واتە بۆ دیتنەوەی چارەسەریی پیویستە هەنگاو لە دوای هەنگاو هەڵێنینەوە و بە شێوەیەکی سیستەماتیک گرفتەکان یاخۆ ئەو هۆکارانەی کە - بۆ نموونە دیاردەی ڕکوودی لەگەڵ خۆیدا هێناوە- یەک بە یەک چارەسەریی بۆ ببیندرێتەوە. ٢- ڕیزکردنی ڕێگاچارەکان لەلای یەک بۆ ئەوەی چارەسەرییەکی ئیدەئال تر هەڵبژێرین. ٣- چارەسەرییەکان توانای تاقیکارییان هەبێ واتە مۆدێلێکی ئیستاندارد بن. ٤- دەرەنجامی ئەو چارەسەریانە وەک بنەمایەک بۆ داهێنان بەهێز بن. بەڵام لەم نێوەدا چوار سیستەمی گرینگ هەن کە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە بنەماکانی چارەسەرییەوە هەیە، واتە: ١- ناسینی پرس، بۆنموونە کاتێ پرسی ڕکوود دێتە ئاراوە، سەرەتا دەبێ بنەماکانی پێناسەی ڕکوود بناسین. ٢- فورمولبەندیی کردنی گرفتەکان، ٣- گەڕان لەدوای ئەو ڕێکارانەی کە پێشتر بۆ چارەسەریی پرسێکی هاوشێوە تاقی کراوەتەوە، ٤- هەڵبژاردنی ئالگوریتمێکی گوونجاو.

ئەوەی تا ئێستا باسمان کرد لە ڕاستیدا ئاڵۆزیی پرسی چارەسەریی دەردەخا و لە هەمان کاتدا پێمان دەڵێ کە ئەگەر چارەسەریی بە پێی مۆدێلێکی ئیستاندارد دیاری نەکرێ، نەک هەر گرفت و کێشەکان چارەسەر ناکا بەڵکە ئاڵۆزتریشیان دەکا. لە ڕاستیدا یەکێک لە هۆکارە بەهێزەکانی ڕکوودی سیاسی- چە لە ناو حیزب یاخۆ بزووتنەوەیەکی سیاسی - پێشکەشکردنی ڕێکاری ئاماتۆڕانە و چارەسەریی ناسیستەماتیکە، کە هەم دەبێتە هۆی ئاڵۆزکردنی پرسی ڕکوود و هەم ڕێکخراوەکان بە ڕادەیەک حەساس دەکەن کە چاوپۆشی لە پرسە سەرەکییەکە بکەن، واتە ڕکوود.

## دواووته و کۆتایی

ئەم وتارە تایبەت بوو بە دیاردەیەکی هەئەم وتارە تایبەت بوو بە دیاردەیەکی هەنووکەیی بەناوی رکوودی سیاسی. وەک لە بەشی چەمکناسیدا ئاماژەمان پێدا، هەتا ئێستاش پێناسەیەکی تۆکمە بۆ ئەم چەمکە لە ئارادا نییە. بەڵام ئێمە باش دەزانین کە رکوودی سیاسی هەیە، هەست پێدەکرێ، باس دەکرێ و تەنانەت یەکتریشی پێ تۆمەتبار دەکەین. هەڵبەت ئەوەش دەزانین کە چەمکی رکوودی سیاسی جیاوازیی هەیە لەگەڵ قەیرانی سیاسی و شکستی سیاسی و هەروەها ئاشبەتاڵ دا. لە میانەی ئەم وتارەدا باسمان لە سێ فاکتۆری سەرەکی کرد بۆ بەستێن سازیی رکوودی سیاسی؛ یەکەم زەمینەی کۆمەڵایەتی بوو، دووهەم ساختاری کۆمەڵایەتی و سێیهەم نیهادی سیاسی بوو. رکوودی سیاسی دۆخێکی کاتییە کە هەم لە کۆمەڵگا و هەم لەنێو نیهادی سیاسیدا سەرهەڵدەدا. کاتێ باس لە دۆخی کاتیی دەکەین مەبەستەکەمان روونە، واتە رکوودی سیاسی بەرهەمی قۆناغێکی مێژووییە کە گشت بنەماکانی نەزمی ئارایی و سەقامگرتوویی سیستەمەکان تووشی چالنج کردووە. کەواتە رکوودی سیاسی لەخۆیدا مەترسی نییە، چوونکە هەر دیاردەیەکی کاتیی تا ئەوکاتەی رێگای چارەسەریی بۆ هەبێ شانسی دەربازبوونیشی هەیە. بەڵام یەکێک لە مەترسییەکان بۆ سەر رکوودی سیاسی، بەهێزکردنی رەوتی ئاکسیۆماتیکە کە لەم وتارەدا هاتە بەر باس و هەروەها دانەنان بە رکوود و دابەزینی ئاستی تۆلێرانسی نیهادە سیاسییەکانە لەهەمبەر رەخنەگرتن دا. ئەم دۆخە نەک هەر یارمەتی بە دەربازبوون لە رکوود نادا بەڵکە زەمینەی قەیران و دواتر شکستی سیاسی بۆ نیهادە سیاسییەکان خۆش دەکا.

یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکان لە کاری نیهادە سیاسییەکاندا ئەوەیە کە کاتێ رێبەریی ئەو نیهادانە هەوڵ بۆ گۆران و چالاک کردنی رێکخراوەکانیان دەدەن، بێ ئەوەی خۆیان هەست پێبکەن لەبەرامبەر ئەو رەوتانەدا دەوەستنەوە کە دەبنە هۆی هاوسەنگی (تعادل) دروستکردن لە رێکخراوەکەی دا. واتە رێبەرایەتی لە کاتی بردنەپێشی بەرنامەکەیدا هەست دەکا لە شوێنێکدا گرفتێک هەیە و خێرایی کار و پلانەکانی کەم دەکاتەوە، بەڵام سەرچاوەکەی نابیننەوە. لە کاری رێکخراوەییدا زۆر گرنگە سەرنج بەو دیاردە و رەوتانە بدەین کە لەبەرامبەر پرۆژەکاندا خۆراگریی دەکەن. ئەو خۆراگرییە

پێویستە وەک هاوسەنگ ڕەچاو بکرێن نەک ڕەقیب. ئەگەر ئەو هاوسەنگییە خۆراگرە، بەشێوەی نەهێنی چالاک بێ و ڕێبەرایەتی حیزب یاخۆ سیستەمی سیاسی وڵات بایەخی پێنەدا، لە ڕاستیدا زەمینە بۆ ترسی نیهادینەکراو و لە ئەنجامدا کورتخایەن بوونی پرۆژەکان خۆش دەکا کە پێشتر لەم وتارەدا هاتە بەرباس. ڕێبەرایەتییەکی وشیار و زانا پیویستە ڕێگا بۆ خۆنواندن و چالاک کردنی ئەو هاوسەنگییە نەهێنیانە بکاتەوە کە لە ترسانا و بەشێوەیەکی نەهێنی خەریکە خۆراگری دەکا. درووستکردنی هاوسەنگیی لەنێوان هاودژەکاندا بابەتێکی گرنگە لە پرۆژەی چالاکیی سیاسیدا. لەم پێناوەدا بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر پرسی هاوسەنگیی بە پێویستی دەزانم ئاماژەیەکی کورت بە ئەسڵی لوشاتیلیە لە کیمیادا بدەم کە دەشێ وەک بنەمایەک بۆ پرسی کۆمەڵایەتیش ڕەچاو بکرێ. هێنری لوئی لوشاتیلیە (١٨٥٠-١٩٣٦) ساینتیستێکی بواری کیمیا بوو لە فەرانسە. لوشاتیلیە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە بواری کیمیادا بەم ئەنجامە گێشت کە سیستەمێکی تەعادوولی، هەمیشە لە بەرامبەر گۆڕانکاریی و پارامێترەکانی دەوروبەریدا کاردانەوە لە خۆی پیشان دەدا و تووشی ناهاوسەنگی دەبێ. بۆ ئەوەی ئەم ناهاوسەنگییە قەرەبوو بکاتەوە ناچارە خۆی لەگەڵ دۆخەکەدا سازگار بکا و لە ئەنجامدا بەرەو تەعادولێکی نوێ دەچێ. کەواتە ڕەخنە، خوێندنەوەی جیاواز و تەنانەت قەوارەی نوێی سیاسی، لە خۆیدا باس لە بوونی هاوسەنگییەکی جیاواز و سەربەخۆ دەکەن کە ئەگەر لە تەعاموولێکی ڕەخنەگرانە و دێمۆکراتیکدا بن لەگەڵ نیهادە سیاسییەکان، ئەوا نیهادەکان وێران ناکەن بەڵکە بەرەو تەعادولێکی نوێیان دەبەن. بەم چەشنە لە کۆتایی ئەم وتارەدا بەم ئاکامە دەگەین کە: «باشترین پێشمەرج بۆ بەرگرتن لە ڕکوودی سیاسی، کۆتایی هێنان بە دیدی کۆنتڕۆڵ و بێمەتمانەییە و هەروەها گرتنەپێشی ڕەوتی تەعاموول کردنە لەگەڵ دیاردەی فرەهاوسەنگیی کە پارادایمی بێنەزمی وەک زەروورەتێکی سەردەمیانە لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی».

ئەو سەرچاوانەی کە بۆ ئەم وتارە سوودیان لێ وەرگیراوە:
١- Adorno W. Theodor & Horkheimer Max (١٩٤٧). "Opplysningens Dialektikk". Oversatt av Lars Petter Storm Torjussen (٢٠١١). Spartacus.
٢- Giddens, Anthony. (١٩٩٧). "Modernitetens konsekvenser". Oslo. Pax forlag
٣- Goffman, Erving (١٩٧٤). "Vårt rollespill til daglig": en studie i hverdagslivets dramatikk, Dreyer.
٤- Hayles N. Katherine (١٩٩٠). "Chaos Bound: Orderly Disorder in Contemporary Literature and Science". Ithaca: Cornell University Press, ١٩٩٠.

سەرچاوە فارسییەکان:
١- کاتوزیـان، محمـد علی همایون. «ایران، جامعە کوتاە مـدت (١٣٩٠). ترجمە عبدالله کوثری. نشر نی.
٢- گلسـتان هاشـمی، سـید مهدی (١٣٨١). سیسـتم حل مسـئله ابداعی و خلاقیت و نوآوری نظام یافته. TRIZ مجله مدیریت (انجمن مدیریت ایران)، شماره ٥٩-٦٠ فروردین-اەدیبهشت ١٣٨١.

# ڕەوتی گەشەی ناسیۆنالیزمی کورد

سامان فەقێنەبی

ناسیۆنالیزم بەرهەمی گۆرانێکی قووڵی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئەورووپایە. لەو سۆنگەیەوە لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکاندا چەمکێکی نامۆ بووە و شێوازی گەشەکردنی وەک ئەورووپا ڕەوتێکی سروشتی نەپێواوە.

لە دەستپێکی قۆناغێک کە مۆدێرنیتە وەک شەپۆلێکی هزری و ماددی ڕۆژئاوایی پێی نایە ڕۆژهەلاتی ناوەراست، تێکۆشانی کۆمەڵگا سوننەتییەکان لەم بەشەی گۆی زەوی بەو ئاقارەدا چوو کە پێویستە بە خێرایی و لە ڕێگای سازدانی دەوڵەت بە شێوازێکی مۆدێرن ئەرکی بونیادنانی نەتەوە بەجێبگەیەنن.

یەکەم کاریگەری ئەم شەپۆلە لە نێو کوردان دا لە هزری ئەحمەدی خانی، یەکێک لە شاعیرە بە ناوبانگەکانی کورد، دەردەکەوێ، کە لە داستانی «مەم و زین» ڕەنگیداوەتەوە. لە ڕاستیدا هزری ئەحمەدی خانی بۆ مەسەلەی ناسیۆنالیزم دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠٠ ساڵ لەوەپێش، واتە ١٠٠ ساڵ پێش شۆڕشی فەرانسا. بیری نەتەوەیی ئەحمەدی خانی بە قسەی «مارتین ڤان برۆسن» زۆر مۆدێرن و ئەقڵانییە و وەکو بیری سەدەی بیستەم وایە.

ئەحمەدی خانی بیروڕای ناسیۆنالیزمی کوردی (کوردایەتی) بە شێوەیەکی ڕێکوپێک

پێشکەش کردووە، بە شێوەیەک ئەو لەم بوارەدا ئەندازیارێکی خاوەن پرۆژەیە. راقە و لێکدانەوەکانی لەسەر بارودۆخی کوردان لە سەردەمی خۆیدا هۆکار و دەرئەنجام و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی خستۆتە روو.
مرۆڤ دەتوانێ بەشە نەتەوەییەکان لە دیباجەی «مەم و زین» دا ببینێ و وەکو بەرنامەی پارتێکی سیاسی ئەمرۆیی بەرجەستە بکا.
هزری ئەحمەدی خانی لە نێو کوردان دا بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدرا، هەر بۆیە ۲۰۰ ساڵ دواتر واتە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم، بە مەودایەکی درەنگتر لە چاو نەتەوەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەراست، بزاڤی نەتەوەی کوردیش وەکوو دیاردەیەکی هەڵقوڵاو لە گۆرانکارییە نوێیەکان بەرەبەرە بوونی خۆی لە نێو چینی بورژوای خۆجێی و توێژی نووسەر و روناکبیر بەرجەستە دەکا.
هۆکاری وەدوا کەوتنی پرۆسەی بیچم گرتنی بزاڤی ناسیۆنالیستی لە نێو کوردان دا دەتوانین بە سروشتی شاخاویی کوردستان، نەبوونی پەیوەندی بەرفراوانی مرۆڤی بە هۆی خۆبژێویی رێژەیی گوندنشینان، هێژمونی پێکهاتەیی عەشیرەتی و پێک نەهاتنی بازارێکی گەورەی ئابووری و بازرگانی لە کوردستاندا گرێ بدەین.
لە هەمان دەستپێکدا ئەو کارتێکردنە نێگەتیف و نەخوازراوە کە ناسیۆنالیزمی پەرەگرتووی فارسی، تورکی و عەرەبی بۆ کۆمەڵگای کوردییان بە دیاری هێنا، رۆڵ و شوێنپێی بەرچاوی لە مەڕ وەخۆوەهاتن و جموجۆڵی کوردان بۆ پاراستنی شوناس و کولتووریان جێهێشت.
لە واقیع دا روخساری هێرشهێنەر و پاوانخوازانەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی جیران و پلانی دەوڵەتە شێوە مودێرن و تازە دامەزراوەکانی ئەم نەتەوانە لە پێناوی پراکتیزە کردنی سیاسەتی ئاسیمیلاسیون و تواندنەوە، گەلێک راپەرین و سەرهەڵدانی لە سۆنگەی وەڵام و کاردانەوەی کوردان بە هەرەشەکان لێکەوتەوە.
هەر وەک ئاشکرایە ئەحمەدی خانی هەوڵی داوە میرەکانی کورد لە یەکتری نزیک بکاتەوە و یارمەتی یەکتری بدەن، بە پێچەوانە ئەگەر پارچەپارچە بن پادشایەکی تاج لەسەری بێگانە حوکمرانیان دەکا. وەکوو چۆن شاعیرانی رۆمانتیکی ئاڵمانی لەو سەردەمەدا لە دژی دەوڵەتی بچووک و دەرەبەگ بوون، ئەحمەدی خانیش ئەمارەتە بچووکەکانی میرە کوردەکان بە رێخۆشکەری ژێردەستی لە بەرامبەر رەوتی بەرەوپێشچوونی نەتەوەکانی جیران دەزانێ. وەکوو پسپۆران سەرنجیان داوە

لە سەدەی نۆزدەوە میرنشینە کوردەکان لەو ئاواتەی خانی نزیک ببوونەوە و بەرەو یەکبوون دەچوون،ئەمەش مەترسییەکی گەورەی بۆ هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عوسمانی هێنا ئاراوە.
مەترسی گەشی هۆشیاریی نەتەویی کورد وایکرد کە ئەم دوو دەوڵەتە ناکۆکی و دوژمن داری نێوان خۆیان وەلانێن و پێکەوە بەرەنگاری پرۆسەی یەکبوونی کورد ببنەوە و لەو چوارچێوەیە میرنشینەکانیان یەک لە دوای یەک لە ناو برد.
روونە کەوەکوو ولامێکی سروشتی لە بەرامبەر هێرش و سوکایەتی، ناسیۆنالیزمی کوردی روخسارێکی دیفاعی و دژکردەوەیی بەخۆیەوە گرت و پێویستی ئامادەکاریی لە بەرامبەر هەرەشەکان و بەرپەرچدانەوەی بەکۆمەڵی ئەو مەترسیانە ناقووسی رابوونی نەتەوەیی لە نێو کوردان دا وەلەرزە خست و بەو چەشنە دڵەراوکێ و کەڵکەڵەی پاراستنی شوناس بە جۆرێک خۆی نیشان دا کە هەتاکوو ئەمرۆکەش تەواوی بوارەکانی هزریی و پراکتیکی ژیانی مرۆڤی کوردی لە خۆی گرتووە.
زۆربەی مێژوونووس و بیرمەندانی کورد شۆرشی «شێخ عوبەیدوڵلای نەهری» لە سالانی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا وەک خالی دەستپێکی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد دست نیشان دەکەن.
حاشاهەڵنەگرترین بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەو راستییە نامەی شێخ عوبەیدوڵلایە بۆ ئینگلیزییەکان لە ٥ تشرینی یەکەمی ١٨٨٠دا. شێخ لەو نامەیە دا دەڵێ: « گەلی کورد میلەتێکی جودا و تایبەتە، مەزهەبیان لە مەزهەبی ئەوانیتر جیایە، یاسا و داب و نەریتی تایبەتیان هەیە...، ئێمە میللەتێکی دابەشکراوین، دەمانەوێت بەرێوەبردنی کار و باری خۆمان بە دەست خۆمانەوە بێت...، ئەو مافانەمان هەبێت کە میللەتانی تر هەیانە. میللەت لە سەرتاپای کوردستان مەسەلەکان دەخەنە دەستی خۆیانەوە، چونکە میلەت لە توانایدا نەماوە خراپە و چەوساندنەوەی زۆری ئەم دوو دەوڵەتە [ئێران و عوسمانی] قبووڵ بکات.» لەو نامەیەدا دەبینین کە شێخ زۆر شێلگیرانە و بە ئاشکرا باس لە نەتەوەبوونی کورد و مافە نەتەوایەتییەکانی بە تایبەت پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دەکا، کەچی لە راپەرینەکانی بەر لەم مێژووە شتێکی لەم چەشنە واتە باسی نەتەوە و مافی نەتەوایەتی لە گۆرێدا نەبووە.
دەکرێ بەرپا بوونی شۆرشی نەتەوەیی سەرانسەری بە سەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە ساڵی ١٨٨٠، دەرکردنی یەکەمین رۆژنامەی کوردی

بــە نــاوی (کوردســتان) لــە قاهیــرە لە لایــەن مقداد بەدرخان لە ســاڵی ١٨٩٨، درووســت بوونــی حیزبــی سیاســی نەتەوەیــی و... هەمــوو ئەمانــە بــە هێماگەلێک بۆ ســەرهەلدانی هۆشیاری نەتەوەیی کورد لە قەڵــەم بدەین. دواتر لە راپەرینەکانی سمکۆی شکاک و شێخ مەحموودی حەفید و شۆرشــی ئارارات ناســیۆنالیزمی کورد بەرەو گەشە کردن دەروا و قۆناغەکانی گۆرران و پێگەیشتن دەپێوێت و لە کاتــی پێکهاتنی کۆماری کوردســتان لە شــاری مەهاباد لە ســەر دەســتی حیزبی دێموکراتی کوردســتان و رێبــەری ئــەم حیزبە «پێشــەوا قازی محەممەد» بە لوتکە دەگات. دامەزرانی کۆماری کوردستان رووداوێکی سیاسی ـ نەتەوەیی گەورە بوو لە مێژووی هاوچەرخی کــورددا، چونکە ئامانجی هــەرە گرینگی ئــەم نەتەوەیەی بەدی هێنا، کە ئەویش پێکهێنانــی کیانێکی نەتەوەیی سیاســی بــوو. کۆماری کوردســتان رەنگدانەوەی ئاســتێکی بەرزی هوشیاری نەتەوەیی و لە هەمان کات، لێهاتووی سیاســی کورد بوو.لەبەر ئەوەی سەرکردایەتی سیاسی کورد توانی ســوود لە هــەل و مەرجێکی سیاســی دیاریکراو وەربگــرێ و کورد بۆ یەکەم جــار لە مێژووی خــۆی دا ببێتە خاوەن دەوڵەتێکی مودێرنی نەتەوەیی.

هەروەک دەردەکەوێ رەوتی ناسیۆنالیزمی کــورد لــە ســۆنگەی دوورخســتنەوە و پووچەڵ کردنەوەی هێرشی ناسیونالیزمی زێدەخواز و هێرشــبەری ئەو نەتەوانەی کــە خاکەکەیان بــە خۆیانــەوە لکاندوە، تاکــوو ئێســتاش زیاتــر لەســەر بنەما عەینییەکانی ســەلماندنی نەتەوە وەکوو خاک، زمان، کولتوور و مێژووی هاوبەش تەرکیزی کردووە و لە چوارچێوەی بزاڤ گەلێکــی نەتەوەیــی، پراکتیــزە کردنــی ئیرادەو ویستی سیاسی نەتەوەی کوردی بە ئەرکی سەرەکیی خۆی زانیوە.

بەڵام ئەوەی کە ئەمرۆکە جێگای سەرنج و مشــتومرە، ئەوەیە کە نەوەی هەڵگری بیرۆکەی ناسیونالیزم لە کوردستان، پتر هــۆکارە زەینییەکان لــە ناوەندی راقەی خۆی دادەنێ. ئەم نەوەیە بەم قەناعەتە گەیشتووە کە ناسیۆنالیزمی کوردی جگە لە ئەرکی رزگاریی خاکی نیشتمان دەبێ پێشــەنگی دامەزراندنــی سیســتمێک بێ کــە لــە نێوئاخنیــدا، تاکی کــورد لە روانگەی هــزری و دەروونییەوە خۆی بە هاووڵاتییەکی پلەدوو و نامۆ لە کۆمەڵگا دانەنێ.

بەو پێیە ئەم توێژە نوێیە، خستنەرووی چارەســەرییەک لە پێناوی ســرینەوەی هەستی نەخۆش و لەخۆناموێی تاکی کورد کە لــە حافزەی مێــژووی مرۆڤی کورددا جێگیــر بووە و هەروەهــا وەڵامدانەوە بە

کێشە دەروونییەکانی مرۆڤی کورد کە بە درێژایی مێژووی چەوساندنی نەتەوەی کـورد لە لایــەن داگیرکەرانەوە بونیادی هزریــی تاکــی کوردیــان ئاڵۆز کــردووە، لەســەرووی ئامانجــە دیاریکراوەکانــی ناسیۆنالیزمی کورد دادەنێن.
توێــژی رووناکبیر و بەشــێک لە توێژی ئاکادێمیک لە کوردستان بەو مەعریفەیە گەیشــتوون کــە توانایــی بەخشــین بە گوتارێکــی ناسیۆنالیســتی کــە بــەر لە هــەر شــتێک لە ســەر بەهــا و چەمکە مودێرنــەکان وەک هاووڵاتیبوون، مافی مــرۆڤ، مافی ژنــان، پاراســتنی ژینگە و بەها دێموکراتیــیــەکان تەرکیز دەکا، بە بنەما و بنچینــەی خەبات ئەژمار بکەن و بزاڤی نەتەوەیی کــورد وەکوو بزاڤێکی فرەرەهەند تەواوی بوارەکانی کۆمەڵایەتی، فکری، فەلسەفی و دەروونی تاکی کورد و کۆمەڵگاکەی لە خۆی بگرێ.
لە راســتیدا بزووتنەوەی ناسیۆنالیســتی کــوردی دەتوانــێ لــە ســۆنگەی داخوازییەکانــی هەڵقــولاو لــە ماناکانی ســەردەم و حافــزەی مێژوویــی تاکــی کــورد خــۆی ســەر لــە نــوێ پێناســە بکاتــەوە کە لە نێویدا ئەرکی ســەرەکیی بزاڤــی نەتەوەیــی بریتیــی دەبــێ لــە نەهادینــە کردنــی مێکانیزمێکی شــیاو بۆ ســەر لە نوێ دارشــتنەوەی قەوارەی کۆمەڵایەتی و هەروەها کردنەوەی دەرگا بــەرەورووی هێنانەکایــە و ســەقامگیر کردنی کەســایەتییەکی دێموکراتیک و باوەربەخۆ لە ناخی مرۆڤی کورد دا.

**سەرچاوەکان:**

ـ ئیتنۆگرافیا و یەکێتی ئێتنیکی کورد
ن: رەشاد میران

ـ کوردستان و کورد
ن: عەبدولڕەحمان قاسملوو

ـ ئەحمەدی خانی و ناسیۆنالیزم
ن: موراد جوان

ـ کورد و کوردستان لە یەکەم ئەنسیکلۆپیدیای تورکی وەرگێرانی: ئەحمەد تاقانە

# کارکردی چالاکی مەدەنی لە چوارچێوەی دەسەڵاتە نادیموکراتیکەکان

## ڕەحمان پیرۆتی

پێ بە پێی دەسەڵاتە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکان، نارەزایەتی و هەوڵدان بۆ گۆڕینی دەسەڵاتە ناخەڵکی و خۆسەپێنەکان دەستی پێکردووە و شێوازی جیاواز بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دەسەڵاتانە تاقی کراونەتەوە، بەڵام لە چەند دەیەی ڕابردوو و هاوکات لەگەڵ پێشکەوتن و گەشەسەندنی کۆمەڵگاکان، بەکارهێنانی شێوەکانی توندوتیژ و پڕ تێچووی خەبات بەرەو کەمبوونەوەیە و لە بەرامبەردا ڕووکردنە شێوەکانی کەم تێچوو و کاریگەرتری خەباتی جەماوەری و مەدەنی لەهەڵکشاندایە. خەباتی مەدەنی پێش سەقامگیر بوونی دیموکراسی و دەسەڵاتی دیموکراتیک، شێوەیەکی گرینگی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پێشێلکارییەکان و لە مەیدان دا بوونی خەڵکە بۆ بەدی هێنانی مافەکانیان. دوای گۆڕینی شێوە و پێکهاتەی دەسەڵاتەکانیش خۆی لە فۆرمی کۆمەڵگای مەدەنی دەبینێتەوە و دامەزراوە ناحکومییەکان لە بەرگی کۆمەڵگای مەدەنی ئەگەر چالاک بن و ڕێگەی کارکردنیان پێ بدرێت، دەتوانن هۆکارێک بن بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرەڕۆیی دەسەڵات و کۆسپی بەردەم زاڵبوونی دەسەڵات بەسەر کۆمەڵگادا. بۆیە گرینگە پێکهاتە و فۆرمی ئەو شێوە چالاکییە

و چۆنیەتــی بەڕێوەبردنــی بناسرێــت و کار لەســەر پەرەپێدانــی بکرێــت. بــە تایبــەت ئەوەیکــە ســەرەڕای هەمــوو ئــەو گۆڕانکارییانــەی لەناوچە و جیهان ڕوویانداوە، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ئێــران هەروا لــە بەرامبەر شــەپۆلی گۆڕانکارییەکاندا خۆی ڕاگرتووە و شێوازە جۆراوجۆرەکانــی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دەســەڵاتەش لە ۳۸ ســاڵی ڕابــردوودا، گۆڕانــی دەســەڵات یــان چاکســازی ڕاستەقینەی لێ نەکەوتووەتەوە.

خەڵکی ئێران و بەتایبەت نەتەوەکانی نێو ئەو وڵاتە نیشانیانداوە خوازیاری گۆڕان و نەهێشــتنی ئــەو دەســەڵاتەن، بەڵام تا ئێســتا ڕۆڵی خەڵک تەنیــا دەربڕینی نارەزایەتی بــووە بەشــێوەی پچڕ پچڕ و هێــزی خەڵک بــۆ ســەرگرتنی گۆڕینی پێکهاتــەی دەســەڵات نەخراوەتەگەڕ. ئــەوەش پێویســتی بەوەیــە کــە هێز و توانــای خەڵک لە ڕێگــەی بەهێزکردنی دامەزراوە و شێوازە مەدەنییەکان ڕێک بخرێت.

## چالاکیی مەدەنی

چالاکیــی مەدەنی بە بناغەی کۆمەڵگای مەدەنــی دادەندرێــت. ئــەو شــێوە ســەردەمییانەی چالاکــی بــە هەمــوو جۆرەکانی تێڕوانیــن، چالاکی، نارەزایەتی و فشــارانە دەگووترێ کــە عەقڵییەت و هەڵســوکەوتی مەدەنی یانەیان بەسەردا زاڵــە. لــە چالاکیی مەدەنی دا شــێوازی ڕادیــکاڵ و توندوتیــژ بــۆ چارەســەری کێشــەکان بــەکار ناهێندرێــت و لــە ڕێگەی هێمنانە و ئاشتییانە بۆ گەیشتن بە ئامانج کەڵک وەردەگیرێت. هەروەها بــاوەڕ هەبــوون بــە یەکــتر تەحەمــول کردن و ســازان و بەکارهێنانی شــێوەی دانوســتان و وتوویژ بۆ چارەســەرکردنی ناکۆکی و کێشــەکان لــە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی چالاکی مەدەنییە.

لە چالاکــی مەدەنی دا گرینگــی زۆر بە داهێنان و ئیبتــکاری عەمەل دەدرێت. بەو مانایە کە چالاکی مەدەنی شێوەیەکی تایبەتی نییە کە پێی بناسرێتەوە و تەنیا دەبــێ ئــەو بنەمایانــەی تێــدا بێت کە ئاماژەیــان پێدرا. لە ڕابردووەوە شــێوەی وەک مانگرتنــی گشــتی، دەربڕینــی نارەزایەتــی، بەڕێوەبردنی خۆپێشــاندان، گردبوونــەوە و کۆبوونــەوە وەک شــێوە باوەکانــی چالاکــی مەدەنــی نــاسراون. هەروەهــا بەپێــی ئــەو شــێوە چالاکییە خەڵــک دەتوانــن بــە بایکۆتکــردن و وەڵامنەدانەوە بە خواستەکانی دەسەڵات و خاوەن کارەکان، زیان گەیاندن و لەکار خســتنی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات، چوونــە بــەردەرگای ناوەندەکانــی بڕیار، گرتنی ڕێگەوبانەکان، کۆکردنەوەی واژۆ و هتد بە ئامانج و خواستەکانیان بکەن. چــالاکی و خەبــاتی مــەدەنی تێڕوانینی

ڕەخنەگرانــە و ریفۆرمخوازانــەی هەیە. عەقڵییەتــی چالاکــی مەدەنــی هــەوڵ دەدات کێشــە و گرفتەکانــی کۆمەڵگا و خواســتەکان خەڵک و گرووپە سیاســی، نەتەوەیــی، ئابووری، کولتــووری و یەکە پیشــەیەکان وەک خــۆی ببینێــت و بــە ڕوانینی ســەردەمیان لــە چۆنیەتی تووشــبوون و ســەرهەڵدانی کێشــەکان دەکۆڵێتەوە.

بــۆ ئەوەیکە چالاکیــی مەدەنی کاریگەر بێــت پێویســتە دامــەزراوە و ڕێکخراوە مەدەنی یەکان دابمەزرێندرێن.

دامەزراوە مەدەنییەکان

دامــەزراوە مەدەنییــەکان پێکهێنــەری کۆمەڵــگای مەدەنیــن و نەخشــی ســەرەکییان لــە بەهێزکــردن و ســەقامگیربوونیدا هەیــە. دامــەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییە ناحکومییەکان، ڕێکخراوە خۆبەخشەکانی کەرتی تایبەت، ڕێکخراوەکانــی تایبەت بــە دابینکردنی مافــی پێکهاتــە ڕەگــەزی، نەتەوەیــی، ئایینــی و مەزهەبییــەکان، ڕێکخــراوە ژینگەپارێــزەکان، یەکێتــی و ڕێکخراوە پیشــەیەکان، بنکەکانــی فێرکــردن و ڕاهێنــان و هتــد لــە ڕیــزی دامــەزراوە مەدەنییەکاندا جێ دەگرن.

دامەزراوە مەدەنییەکان لە ڕووی ئامانج، ســتراتیژی و قــەوارە پێکــەوە جیاوازن، بــەڵام ســەرجەمیان دەبــێ هەڵقوڵاوی کۆمەڵگا بن و لە لایەن چالاکان یان خۆی خەڵکەوە پێــک بهێندرێن. دامــەزراوە مەدەنییەکان پێویســتە سەربەخۆ بن و نابێ لەژێر کاریگەری دەسەڵاتی سیاسی، بازار، ئایین یان گرووپی هاوشــێوە دابن و دەبــێ تێکەڵاویــی پتەویــان لەگــەڵ کۆمەڵانی خەڵکدا هەبێ و بۆ پاراســتنی ســەربەخۆیی خۆیان لە ڕووی داراییەوە پشــت بــە پــڕۆژەی دامەزراوەیــی و هاوکاری بێ بەرامبەری خەڵک ببەستن. دامــەزراوە مەدەنییــەکان دەبێ خاوەن ڕوانگــەی ڕیفۆرمخوازانــە بــن و هــەوڵ بدەن کۆسپەکانی بەردەم گەشەسەندنی کۆمەڵگا و ســەقامگیربوونی دیموکراسی یان خواستە پیشەیی و ڕێکخراوەییەکان لاواز بکەن و بەرنامەیان بۆ چاکســازی و گەیشتن بە ئامانجەکانیان هەبێت.

ئەرکی دامەزراوە مەدەنییەکان بەتایبەت ئەوانەیکــە لە بــواری ســەقامگیربوونی مافەکانی مرۆڤ و پرســە سیاسییەکاندا کار دەکــەن، ئەوەیــە کــە کار لەســەر ڕێکخســتنی هێــز و توانــای خەڵــک بــکات و بــە پشــتیوانی خەڵــک دژی سەرکوت و ســەرەڕۆییەکانی حکومەت بوەســتنەوە. دامــەزراوە مەدەنییــەکان هەروەها دەتوانن نەخشــی بەهێزیان لە دەســتەبەرکردنی خزمەت گوزارییەکان و پاراستنی بەرژەوەندی گشتی یان چین و توێژ و گرووپەکاندا هەبێت.

دامــەزراوە مەدەنییــەکان ئەگــەر وەک

کەرەستەی گەیشتن بە ئامانجە تایبەتییەکان بەکار بهێندرێن، کارایی خۆیان لەدەست دەدەن و توانای ئەوەیان نابێت پێش بە سەرەڕۆییەکان و پێشێلکردنی مافە گشتییەکان بگرن.

## کۆمەڵگای مەدەنی

شارەزایانی کۆمەڵناسی و فەلسەفەی سیاسی لەسەر کات و شوێنی سەرهەڵدانی دامەزراوە مەدەنییەکان و کۆمەڵگای مەدەنی بۆچوونی جیاوازیان هەیە. زۆر بیرمەندی ڕۆژئاوایی وەک توماس هابز، جان لاک، هێگڵ، مارکس، ئالکسی دۆتۆکویل و هەروەها لایەنگرانی بیرۆکەی پۆست مۆدێرن باسیان لەو بابەتە کردووە.
بەشێک لەوان مێژووی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ پێش پێکهاتنی دەوڵەتەکان دەگێڕنەوە. لایەنگرانی ئەو بۆچوونە کە زیاتر کۆمەڵناس و فیلسوفە سیاسییەکانی لایەنگری بیرۆکەی گرێبەستی کۆمەڵایەتین، پێیانوایە بەر لە پێکهاتنی دەوڵەت، خەڵک خۆی بە دامەزراندنی ڕێکخراوە و گرووپ داکۆکییان لە بەرژەوەندی گشتی کردووە. بەشێکیش سەرەتای پێکهێنانی دامەزراوە مەدەنییەکان بۆ یونانی کۆن دەگێڕنەوە و باس لەوە دەکەن کە ئەرەستوو، فیلسوفی یونانی بۆ جاری یەکەم بە ناونیشانی «دەوڵەت شار» پێناسەی کۆمەڵگای مەدەنی کردووە.
سەرەڕای ئەو مێژووە، کۆمەڵگای مەدەنی بە چەمکێکی سەردەمیانەدادەندرێت کە بەرهەمی جیهانی دوای شەڕ و شۆڕشە مەزنەکانی ڕۆژئاوایە. پێکهاتنی گەورە شارەکان کە هاوکات بوو لەگەڵ گەشەی پیشەسازی، دەرفەتیان بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەن و ڕێکخراوەکان لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵات ڕەخساند.ئەو گۆڕانکارییانە هاوکات کاریگەرییان لەسەر شێوەی بیرکردنەوە و هەڵوێستی خەڵکیش دانا. خەڵک لەگەڵ زاڵبوون بەسەر کۆسپە نەریتییەکان،جیاکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە دین و بەدواداچوونی مافەکانیان ئاشنابوون. ئەو ئاشنایەتییە بووە هۆی ئەوەیکە خەڵک خۆیان بە خاوەنی دیاریکردنی چارەنووس و شێوەی ژیانیان بزانن و ڕەوایی دەوڵەتەکان لە جیهانی نوێ لە چوارچێوەی ڕازیبوون و دەنگی خەڵک پێناسە کرا. هەروەها خورافەپەرەستی گۆڕەپانی کێبەرکێی بۆ واقع بینی و عەقڵانییەت جیهێشت و دین لە جیهانی دەسەڵاتی بێسنوورەوە لە بازنەی باوەڕی تاکەکەسی بەرتەسک کرایەوە. دوای ئەو ڕەوتە، بۆ یەکەمجار بزووتنەوەی سۆلیدارێتی یان هاوپشتی لەهەستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی تاک حیزبی ئەو وڵاتە کەڵکی

لە چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی وەرگرت.
ئـەو چەمکە بووە شـێوازێکی سیاسـی نوێ بۆ گۆڕینی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان و هەروەهـا بەرتەسـککردنەوەی دەسەڵاتەکانی حکومەت.
لەنێوان پێناسـەی نەریتـی و مۆدێرنی کۆمەڵـگای مەدەنی دا جیـاوازی هەیە. ئـەو جیاوازییە پەیوەندی بـە کارکردی کۆمەڵگای مەدەنی هەیە. لە پێناسـەی مۆدێرنـدا کارکردێکـی تازە بە نەخشـی کۆمەڵگای مەدەنی زیادکـراوە، ئەویش داکۆکیکردنـە لە مافـی هاووڵاتی بوون و بەهـا ئینسـانییەکان. هەروەهـا لـە وڵاتانی نادیموکراتیکدا باری سیاسـی و هاورێیەتی کردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و دیموکراسـی خوازەکانـی پێـدراوە. بەو پێیە دەکرێ بەشـێوەیەکی گشـتی کۆمەڵگای مەدەنی بەسـەر دوو بەشـی سیاسـی و نـا سیاسـی دابـەش بکرێ. هەرچەنـدە نەخـش و کارکردنی حیزبە سیاسییەکان و دامەزراوە مەدەنییەکان جیاوازە، بەڵام بەشی سیاسی تەواوی ئەو رێکخراو و پارتە سیاسـییانە دەگرێتەوە کە لە بەرامبەر سـەرەڕۆیی دەسـەڵات دەوەسـتنەوە و نەخشـی ئۆپۆزسـیۆنی دەسـەڵاتە سـەرەڕۆکان دەگێـڕن. هەروەهـا بەشـی نـا سیاسییەکەشـی چالاکی دامەزراوە پیشـەیی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەییە ناحکومییەکان لە خۆ دەگرێت.

کۆمەڵگای مەدەنی پەیوەندی نەبڕاوەی بـە هاتنەسـەرکار و جێگیربوونـی دەسـەڵاتی دێموکراتیـک هەیە و وەک بنەمایەکی سەقامگیربوونی دێموکراسی دانی پێ دانـراوە. کۆمەڵگای مەدەنی لە کەشێکدا گەشە دەکات و جێ دەگرێت کە بایەخ بە ئازادی و یەکسانی، مافەکانی مرۆڤ بدرێت و یاسا جێبەجێ بکرێت. هەروەها دەسـەڵاتەکان لێـک جیا بن و ئاسایشی کاری رێکخراوەیی دابین بکرێ و راگەیاندنی ئازاد و سەربەخۆ هەبێ.
لە کۆمەڵگای مەدەنی دا گرینگی زۆر بە مرۆڤ دۆسـتی و پێگەیاندنی هاووڵاتی بەرپرس و خوڵقاندنی هەسـتی هاوکاری لـە نێـوان خەڵـک دا دەدرێـت. لـەو چوارچێـوەدا هەوڵ دەدرێـت تاکەکانی کۆمەڵگاوا رابهێندرێن لەبەر بەرژەوەندی گشـتی بۆ خوڵقاندنی داهاتوویێکی باشتر هەڵوێست بگرن.
هاوکات هەنـدێ هۆکار دەبنە کۆسـپی بـەردەم پێکهاتـن و سـەقامگیر بوونی کۆمەڵگای مەدەنی کە سەرەکی ترینیان بریتین لـە دەسـەڵاتی نادیموکراتیک، زاڵ نەبوونی یاسـا، بەسـتێنە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانـی کۆمەڵـگا پێشنەکەوتووەکان، تێکەڵاوبوونی ئایین لەگـەڵ سیاسـەت و هەروەهاگەشـە نەکردنی ئابووری پیشەسازی.

## بزووتنـــەوەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وەک ئاماژەی پێدرا، کۆمەڵگای مەدەنی لە چوارچێوەی دەسەڵاتە دیموکراتیکەکان دا پێناسەکراوە و لەکەشێک دا نەخشی خۆی دەبینێتەوە کە یاسا ڕێگەی پێ بدات و ئەمنییەتی چالاکییە مەدەنییەکان پارێزراو بێ، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکاندا، ڕەوتی مەدەنی چاوەڕێی گۆڕانکاریی ریشەیی لە پێکهاتەی دەسەڵات بێت، بەڵکوو بەپێچەوانە. بەهۆی ئەوەیکە لە چوارچێوەی دەسەڵاتە نادیموکراتیکەکان دا لانیکەمی دەرفەت بە کاری سیاسی لە دەرەوەی چوارچێوەکانی دەسەڵات دەدرێت، ئەو ڕەوتە خۆی لە ناوەڕۆکی بزووتنەوەی گۆڕانخواز و نارەزایەتییەکاندا دەبینێتەوە و هێزی خەڵک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەرەڕۆیی و پێشێلکارییەکانی دەسەڵات وەگەڕ دەخات.

پرسیارێکی جیدی کە لەبارەی چالاکی مەدەنی لە ئێران لە ئارادایە ئەوەیە کە لە کاتێک دا لە ئێران بەپێی یاسا چالاکییە مەدەنییەکان بەرتەسک کراونەتەوە و دەسەڵاتی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی جیاوازی بیروبۆچوونی سیاسی تەحەمول ناکات، ڕەخنەگر و نەیاران بە توندترین شێوە سەرکوت دەکات و دەرفەت بۆ دەربڕینی بیروبۆچوونی ئازاد و بەڕێوەبردنی نارازایەتی جەماوەری نادات، چالاکانی مەدەنی چۆن دەتوانن کار بکەن وچالاکیی مەدەنی پەرە پێ بدەن و کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگا هەبێ ؟

ئەو پرسیارانە هەم لەنێو بەشێک لە خەڵک و هەمیش لەنێو ڕەوت و لایەنە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵاتدا هەیە. وەڵامی ئەو پرسیارە پەیوەندی بەو جیاوازییە جەوهەرییە هەیە کە لەنێوان شوناس و کارکردی چالاکی مەدەنی لە وڵاتانی دیموکراتیک و نادیموکراتیکدا هەیە. ئەوەیکە لە وڵاتانی دیموکراتیک بەناوی چالاکییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ پێشگرتن لە لادانی دەسەڵات لە بەرژەوەندییە گشتییەکان دەکرێت جیاوازی زۆری لەگەڵ ئەو چالاکی و ڕەوتە مەدەنییانە هەیە کە لە وڵاتانی نادیموکراتیکدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەرەڕۆیی دەسەڵات و هەوڵدان بۆ گۆڕینی پێکهاتەی دەسەڵات ئەنجام دەدرێن. جگە لە شێواز و تێڕوانینی مەدەنییانە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، تەنیا خاڵی هاوبەش کە چالاکییە مەدەنییەکان لە وڵاتانی دیموکراتی و نادیموکراتیک پێکەوە گرێ دەدات، ئامانجی هاوبەشیانە بۆ دابینکردنی مافی پێکهاتە جیاوازەکان و پاراستنی

بەرژەوەندییە گشتییەکان. لە وڵاتانی نادیموکراتیکدا ڕەوتی مەدەنی نەخشی کۆسپ لەبەردەم پێشێلکاری ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ و پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگا دەگێڕێت، خەڵک لە پێشێلکارییەکان ئاگادار دەکاتەوە و پەرە بە بەها ئینسانییەکان دەدات. هەروەها هەوڵ دەدات کۆمەڵانی خەڵک لە بەرامبەر دابینبوونی مافەکانیان هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن و خۆیان لە ڕەوتی گۆڕانکارییەکان و نارەزایەتییەکان دا ببیننەوە و لەو ڕێگەوە پاشەکشە بە دەسەڵات بکەن.

هەرچەندە لە یاسای ئێران ڕێگە بە پێکهێنانی دامەزراوەی مەدەنی راستەقینە نەدراوە و دەسەڵات دژی چالاکییەکانی دەرەوەی چوارچێوەی خۆیەتی و هێزە ئەمنی و ئیتلاعاتییەکانیش گووشاری زۆر دەخەنە سەر چالاکانی مەدەنی، بەڵام لەو دۆخەشدا بزووتنەوەیەکی مەدەنی لە ئێران و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهاتووە کە ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە دەگرێت. ئەو بزووتنەوەیە لە شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوازی جیاواز خۆی نیشان دەدات و بەپێی دەرفەتەکان هەوڵ دەدات مافەکانیان زیاتر بە کۆمەڵگا بناسێنێ و دەرفەتی بەشداری خەڵک لە چالاکییە جۆراوجۆرە سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان برەخسێنێت. ئەو بزووتنەوە لە بوارە جیاوازەکاندا دەستکەوتی گەورەی هەبووە. ئەو بزووتنەوە بەتایبەت دوای دووربوونەوەی درێژماوەی هێزە سیاسییەکان لەناوخۆی وڵات، لە رووی سیاسییەوە کاریگەری زۆری لەسەر ئاستی وشیاری سیاسی خەڵک و هێنانەبەرباسی خواستە نەتەوەییەکانی خەڵک هەبووە. هێنانەبەرباسی ئەو خواستانە لەلایەن چالاکان و ڕەوتی مەدەنی ناوخۆ ئەگەر تەنانەت لە چوارچێوەی یاسا و ڕێسا ڕێگەپێدراوەکانیش بێ، گرینگە چوونکە دەسەڵات لە ٣٨ ساڵی رابردوو هەوڵیداوە پرسی سیاسی و نەتەوەیی کورد تەنیا لە چوارچێوەی خواستی حیزبەکان بەرتەسک کاتەوە. چالاکانی مەدەنی دەرفەتەکانیان قۆستووەتەوە بۆ ئەوەیکە دوو پەیامی سیاسی بە دەسەڵاتدارانی تاران بگەیێنن، یەکەم ئەوەیکە لەگەڵ گۆڕان و چاکسازی دەسەڵاتی سیاسی ناوەندن و دووەمیش ئەوەیکە بەدی هێنانی مافەکانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران،خواستی کۆمەڵانی خەڵکە.

لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، کولتووری و ژینگەییش دەستکەوتی گەورەی ڕەوتی مەدەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرچاوە. ئەو ڕەوتە لە بانگەشەی

مافەکانـی مـرۆڤ، بەگژداچوونـەوەی نابەرابەرییە رەگەزییەکان، بەڕێوەبردنی خولـی فێرکردنـی زمـان و ئەدەبیاتـی کـوردی تاوەکوو چالاکییە هونەرییەکان و چالاکـی ژینگەیـی وەک شـکاندنی چەکەکانی راوکردن، کوژاندنەوەی ئاوری دارستانەکان و خاوێن کردنەوەی ژینگە نەخشی سەرەکی دەگێڕێت و کاریگەری لەسـەر خەڵـک دانـاوە. یەکێـک لـە خاڵـە ئەرێنییەکانـی چالاکـی مەدەنی ئەوەیـە کـە بەڕێوەبەرانـی چالاکییـە مەدەنییـەکان بە ئیبتکار و خەلاقییەتی خۆیان چالاکییـەکان بەڕێوە ببەن، بۆیە پێشـگرتن لێی بۆ دەسـەڵات ئاستەمتر دەبێت. رێژیم لە زۆر حاڵەتدا توانیویەتی بە بەکارهێنانی مەنتقی هێز و سەرکوت، پاشەکشە بە رەوتی مەدەنی بکات بەڵام پاشەکشـەکە کاتـی بـووە و نەیتوانیوە لـە مەیدان بەدەری بـکات. بە تایبەت ئەوەیکـە بەهـۆی چالاکـی هێزەکانـی ئۆپۆزسـیۆن، دامـەزراوە مەدەنییەکان، میدیـای ئـازاد، بەرزبوونـەوەی رێژەی خەڵکـی خوێنـدەوار و لاو خەڵـک رۆژ بە رۆژ زیاتـر لەگـەڵ فەرهەنگی ژیانی سـەردەم ئاشـنا دەبن و ئـەوەش مەیل و کاریگەرییـان بـۆ گۆڕانـکاری زیاتـر دەکات.

**سەرچاوەکان:**

١-کۆمەڵـگای مەدەنـی هێزیکـی نـوێ /نوسـینی دامـەزراوەی میهـن ،وەرگیرانی:کۆسـار فەتاحـی –چاپی یەکەم دەزگای توێژینەوەوبڵاوکردنەوەی موکریانی ٢٠٠٦هەولێر.

٢-فەلسـەفە ،ئازادی ،کۆمەلگای مەدەنی / نوسـین ووەرگیران :یاسـین عومەر –چاپی یەکەم خانەی چاپ وپەخشـی رێنما سالی ٢٠٠٦ سلیمانی.

٣-کۆمەلـی مەدەنـی چییە؟(کورتـە مێژوو،واتاوچۆنیەتی بەکارهێنانی لە وڵاتانی جیهاندا)کۆ کردەنەوە وریکخسـتنی :مریم پیر نەزەر/وەرگیرانی :یاسـین عومەر چاپی یەکەم ٢٠٠٣سلیمانی.

# ڕێکەوتننامەی الجزایر و
## دەرەنجامەکانی
### عومەر باڵەکی

لەمێـــژووی هەرنەتەوەیـــەك دا زۆرن ئـــەو ڕووداوانـــەی كـــە بوونەتـــە مادەتاریخ و چارەنووســـی ئەونەتەوەیان لە گەردوونەی زەمان دا بەشـــێوەیەکی نەخوازراو گۆڕیوە مێـــژووی پڕلەهـــەوراز ونشـــێوی نەتـــەوەی کوردیش بێ بـــەری نیە لـــەو ڕۆژانە كە خوڵقێنەری کارەســـاتی گەورە بوون بە شێوەیەك كە کاریگەریان بۆ ساڵیانیکی دور و درێژلەسەرچارەنووسی کوردلەدوای خۆیان بەجێ هێشتووە.یەکێك لەو ڕووداوانە كە چارەنووســـی بەشێك لەنەتەوەی کوردی لە باشووری کوردستان بە ئاقارێکی دیکەدا بردوتەنانەت کاریگەری سلبی لەســـەرپارچەکانی دیکەی کوردستانیش دانا, ڕۆژی ٦مارســـی ١٩٧٥بوو.کەلەورۆژەدا ڕێککەوتنە شـــومەکەی نێوان شای ئێران و سەدام حوسێن مۆرکرا. شـــای ئێران هەتا ئەو کات خۆی بە دۆستی کورد دادەنا وپشتوانیی لەشۆڕشـــەکەی دەکرد بەڵام لەبەرامبەربـــڕە خاکێك(ئەرزێك)وئیمتیازێکدا پشـــتی کورد وشۆڕشـــەکەی چۆڵ کرد و سەدام حوســـێن و حیزبەکەی (بەعس)کەخۆی بە نوینگەونوێنەری ناسیۆنالیزمی عەرەب دادەنابۆلەنێوبردنی جوڵانەوەی کورد دەستی لەخاکی عەرەب هەڵگرت.

١ـ کێشـــەی شـــەتی عەرەب کێشـــەیەکە تەمەنـــی دەگاتە نزیکەی بە٤٠٠ســـاڵ واتە دەگەڕێتەوە بۆســـەردەمی ئیمپراتۆریەتـــی عوســـمانی(١٦٣٩)کە پەیمانێك لە نێوان

دەوڵەتـی عوسـمانی و پاشـای ئێرانـدا مۆرکراکەبـە پەیمانی زەهـاو بەناوبانگە. کەهەتـا سـاڵی١٩٧٥بەچەندین ڕێککەوتنی دیکە لە سـەر ئەوکێشـەیە لەنێوان دەسـەڵاتدارانی عێراق و تاراندا بەستراوە بەڵام نەگەیشتۆتە ئەنجامێکی سەقامگیر.

٢ـ کێشـەی شـەتی عەرەبـی لـە ساڵەکانی ٧٤ـ٧٥ڕاسـتەوخۆکاریگەریی هەبووەلەسەرکێشـەی کـورد و شۆڕشەکەی لە باشووری کوردستان .

٣ـ لـەدوای هـەر ڕێککەوتنێك لە نێوان دەوڵەتەکانی حاکم بەسەر ئێران وعێراق لەسەر کێشەی شەتی عەرەبی چەندین ڕووداوی دیکـەش لـەو ناوچەیـەدا بە دوای خۆی دا هێناوە.

وەك ئاڵوگۆڕی دەسـەڵاتەکان، شـەڕی نێوان ئێران و عێـراق، پاکتاوی ڕەگەزی کـورد، کەڵك وەرگرتن لە چەکی قەدەغە کراوی کیمیاوی........

٤ـ کـە چـاو بـە مەتنـی هـەر کام لـەو ڕێکەتنامانەداکـە لە مێژووی کێشـەی شـەتی عەربی لە نیوان عیـراق وئیران ئیمزا کراوە دەخشـێنین مادەیەك هەیە کە باس لە سنووری نێوان ئێران وعێراق دەکات کەبەشـی زۆری ئـەو سـنوورە خاکـی کوردسـتانە ولە هیـچ بوارێکەوە وێك چوون وپێوەندی بەکێشەی شەتی عەرەبی یەوە نیە.

## شەتی عەرەب:

شـەتی عـەرەب یـا ڕووبـاری ئەروەند (اروندرود) نـاوی ڕووبارێکە کەلە پێك گەیشـتن وتێکـەڵاو بوونـی ڕووبـاری دەجڵـە وفرەهـات (دیجلە وفـورات) کەلـە نزیك «قرنـە»ی قـەراغ لێواری کەنداوی فارس پێـك دێ. درێژی ئەو ڕووبارە ١٥٧کیلۆمەترە وپانتایی لە نێوان ٤٥٠هەتا ١٢٠٠ میترە. هەروەها لەو شوێنە کـە دەجڵە وفرەهات یەکـتر دەگرنەوە بەشێك لە ڕووباری»کاروون» دەڕێژێتە پاڵیـان. لە سـەدەکانی کۆنـدا ڕووباری ئەروەند یا شـەتی عەرەبی بوونی نەبووە و هەرکام لە ڕووبارەکان بە جیا ڕژاونەتە کەنـداوی فارسـەوە، بـەڵام بـە تێپـەڕ بوونـی زەمان قوڕولیتەی ئـەو ڕووبارانە لێوارەکانی کەنداوی فارسـی بەرەودواوە هێناوە وشەتی عەرەبی دروست کردووە. شـەتی عەرەبی لە ڕێگای دالان یا زارکی «فاو»وە دڕژێتە نێو کەنداوی فارسـەوە، شـەتی عـەرەب یەکێـك لـە پانتریـن ڕووبارەکانـی جیهانە کەبۆکەشـتی وانی دەبێ هەتا بەرەو باشـوور شۆڕ دەبێتەوە پانتر وقوڵتر دەبێ. بۆ وێنە مەودای نێوان بەسرەوزارکی کەنداوی فارس ١٢٠٠میتر و زۆرجار بەهۆی (مەد)هەڵکشانی ئاوەکە دەگاتە١٣٠٠میتروئـەوە لـە حاڵێك دایە کە پانایی ڕووبارەکە لـە باکووری بەسرە ونزیك»قرنە»ناگاتە٤٥٠میتر.

قووڵایی ئەو شەتە بە تایبەتی لە كاتی هەڵكشان و داكشان دا(جزرومد)ئاوەكە كەم وزیاد دەكات بەو مانایە ١٥هەتا ٣٥میتروزۆر جاران هەتا٤٥میترجیاوازی قووڵایی هەیە. هەر ئەو هۆكارە بۆتە هۆی ئەوە كە دەتوانرێ كەشتی وانی تێدا بكرێ.
شەتی عەرەبی لەبەر ئەوە لە نێوان سنووری ئێران ـ عێراق هەڵكەوتووە وەك ڕووبارێكی نێونەتەوەیی بە ژماردێ. هەر بۆیە پێویستە یاساو ریساكانی نێونەتەوەیی بەسەریدا بسەپێنرێ ودەبێ ئەسڵی پێكەوە ژیان و نیەت پاكی و ڕەچاو بكرێ وەك یەك سوود لە كەشتییەوانی و هەموو بەرهەمەكانی تری ئەو ڕووبارە وەربگیرێ وخەتی تالوگ(خط القعر) جێگای ڕەزامەندی هەر دوولابێ.
بەڵام زیاتر لە سەد ساڵە لە نێوان دەوڵەتی ئێران و دەوڵەتی عێراق كە پێشتر بەشێك بووە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی كێشەوگرژی هەیە. لە لایەك عێراق خۆی بە خاوەنی شەتی عەرەبی دەزانی و لە لایەكی ترەوە ئێرانیش خۆی بە خاوەنی ئەگەر هەمووشی نەبێ بەشێك لە شەتی عەرەبی دەزانێ . بۆ سەلماندنی ئەو مافە هەركامیان پەنا بۆ زۆر كەرەسە دەبن و تەنانەت ئەگەر ئەو كەرەسەیە قەڵاچۆكردنی نەتەوەیەكیش بێ وەك نەتەوەی كورد، كە عێراق دەستی لە خاوەن دارێتی بەشێكی بەرچاوی شەتی عەرەبی هەڵگرت وئێران بووبە خاوەنی و ئێرانیش لە بەرامبەردا سنووری لەسەر كوردەكان داخست و بە تەنیا جێ هێشتن هەتا ئەنفال وكیمیاباران بكرێن.
كێشەی ئێران وعێراق لە سەر خاوەندارێتی شەتی عەرەب دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٢٥٣ه. ق بەرامبەربە ١٨٣٧م. عەلی ڕەزا پاشا والی ئەوكاتی بەغدا هێرشی بردە سەر خورەم شاروئەو شارەی داگیركرد. چونكە هەڵاسیانی ئاوری شەرێكی نوێ لە نێوان ئێران وعوسمانی بە ئاشكرا خۆی دەنواند. دەوڵەتەكانی ڕووس و ئینگلیس كەوتنە نێوان ئێران وعوسمانی ولە ئاكامی ئەو نێو بژیدا لە ساڵی ١٢٥٩ه.ق . بەرامبەر ١٨٤٢م كۆمیسیۆنێك لە ئەرزەرۆم بە بەشداری نوێنەرانی هەر چوار دەوڵەت پێك هات و سەرئەنجام لە جمادی الثانی ١٢٦٣ه.ق بەرامبەر بە ٣١ی ١٨٤٧م رێككەوتننامەی ٩ماددەی ئەرزەرۆم لە لایەن هەر چوار دەوڵەتەوە ئیمزا كرا.
دەوڵەتی ئەوكاتی ئێران بە هێندێك هۆ خۆی لە ئیمزا كردنی ئەو ڕێككەوتن نامەیە دەبوارد ، بەڵام لە ژێر فشاری ڕووس و ئینگلیس دا دەوڵەتی ئێران ناچاركرا بە وەزیرموختاری خۆی بسپێرێ (١٨٤٧م) ١٢٦٤ه.ق كەلە پاریس بۆ تاران دەگەڕایەوە لە»اسلامبول»ئەسنادی

ڕێککەوتننامەکە ئاڵوگۆڕبکا ، بەڵام وەزیر موختاری ئێـران (میـرزا محەمەد علی خـان) بێجگە لە گۆڕینەوەی ئەسـنادی ڕێککەوتن نامەکە ، تێبینی یەکی قەبووڵ کرد کەلەشی کردنەوەی ڕێککەوتننامەکە دا بـە قازانجـی عوسـمانی بـوو. بەڵام دەوڵەتـی ئێران ڕەدی کردارەکەی وەزیر موختـاری کردوهەمووڕێککەوتننەکەی بـە باتـڵ ڕاگەیانـد. دوای کێشـەو هەرایەکـی زۆر سـەرئەنجام لـە سـاڵی ١٣٢٩ه.ق (٢١ی دیسـامبری ١٩١١)لـە نێـوان هـەردوو دەوڵـەت قەراردادێك ئیمزا کرا کەبۆ حەلـی گیروگرفتەکانیان کۆمسـیۆنێك بە هـەر دوولا پێك بێنن و ئەگـەر لە ماوەی ٦مانگ دا نەیانتوانی کێشە سـنوورییەکانی خۆیان چارەسەر بکەن، کێشـەکە بەرنە بـەردەم دیوانی دادوەریـی لاهە . ئەو کۆمیسـیۆنە پێك هـات بـەڵام عوسـمانییەکان دووبـارە پشتیان بە نووسراوەکەی میرزا محەمەد عەلـی خانـەوە بەسـتەوە. ئەگەرچی لە بەڵێـن نامـەی سـاڵی ١٩١١ی تارانـدا دیاری کرابوو کە وتووێژی لایەنەکان لە اسلامبول ئیدامەی هەبێ ، بەڵام لە ٢١ی ژوئیـەی ١٩١٣ ڕێککەوتنێك لـە نێوان وەزیـری دەرەوەی ئینگلیس و نوێنەری عوسـمانی دا لەسەر کێشـەی سنووری ئێران و عوسـمانی لە لەنـدەن ئیمزا کرا و ئەو ڕێککەوتنە بۆ بریتانیا وەك بەردی بناغـەی کردارێك بوو کەلـە لایەن ئەو دەوڵەتەوە بۆ دیاری کردنی سنوور ١٩١٤ پێڕەوی کرد.

## درێژەی کێشەکان دوای سەربە خۆیی عێراق

دوای شـەڕی یەکەمـی جیهانـی خاکی ئیمپراتـۆری عوسـمانی دابـەش کـراو عێراقـی ئـەوڕۆی لەسـەر ڕووپـەڕی خەریتەی سیاسـی دونیا هەتـا ئاراوە و لەلایەن جامعەی مللەوە خرایە ژێر سەر پەرشتیی بریتانیا.

بریتانییـەکان هەر لە سـەرەتای کارەوە پێیـان خۆش بـوو سـەربەخۆیی بدەن بە عێراق هەرچەندە ئەو سـەربەخۆییە بـە زاهیر و ڕواڵەت بێ ، بـەڵام بەو کارە دەیهەویسـت دەوڵەتـی عێـراق بێنێتە نێو جامعەی ملل ، دەیهەویست پێشتر دڵنیابن بێت کە دەوڵەتەکانی ئەندام لە جامعەی ملل دژایەتیـی عێراق دەکەن یان نا؟

دەوڵەتی ئەوکاتی ئێران دژایەتیی عێراقی دەکرد کـە نەبێتـە ئەندامـی جامعەی ملل و ڕازی بوونی خۆی بەسـتبۆوە بەو مەسەلەیە کە عێراق دان بە مافی قانوونی ئێران لە شـەتی عەرەب دابنێ و ئەگەر عێـراق ئەو مافەی بۆ ئێران بە ڕەسـمی ناسی ، ئەوکات ئێرانیش دەوڵەتی عێراق بە ڕەسـمی دەناسی و پەیوەندی سیاسی لە گەڵ ئەو دەوڵەتە دادەمەزرێنێ.

دەوڵەتی ئینگلیس کە پشتیوانی ڕژێمی عێراق بوو، هەوڵی دا کە کۆسپەکە لە سەر ڕێ لابەرێ دەرفەتێك بدا بە ئێران لەسەر خاوەنداریەتی ئەو دەوڵەتە بەسەر شەتی عەرەبی دا.

دوای حاسل بوونی ئەو دڵنیایە ، دەوڵەتی ئێران ڕازی بوو کە ڕژێمی نوێ عێراق بە ڕەسمی بناسێ (١٩٢٩م) و وەزیری موختاری ئێران دیاری کراو و ڕەوانەی بەغدا کرا. دوای ماوەیەکی زۆر کە بە چەندین جار ئێران ئەو مەسەلەی وەبیر عێراق و بریتانیا دەهێناوە، لە بەهاری ١٣١٠ه.ش (١٩٣١م)قەرار دراکە نوێنەرانی ئێران، بریتانیا و عێراق لە بەسرە کۆبنەوە بە مەبەستی چارەسەری کێشەی شەتی عەرەبی، لەو کۆبوونەوەش دا ئاکامێك وەدی نەهات و دەوڵەتی ئێران بە ڕەسمی سندی دیاری کردنی سنووری ساڵی ١٩١٤ی لە ئیعتبار خست و بەهۆی نوسراوەی ژمارە ٣٢٧٦ ڕێککەوتی ١٠ی سەرماوەزی ١٣١٠ه.ش (١٩٣١م).

دەوڵەتی عێراقیش بەهۆی نوسراوەی ژمارە ٦٣٤٦ ڕێکەوتی١٦ی دیسامبر١٩٣١م(٢٤ی سەرماوەز١٣١٠ه.ش)وەڵامێکی توندی داوە بە ئێران.

بەو شێوەیە کێشەی شەتی عەرەب لە نێوان ئێران و عێراق چارەسەر نەکراو مایەوە، هەر بۆیە ئەو کێشەیە ڕەوانەی جامعەی ملل کرا ولە جامعەی ملل هەم سۆڤیەت و هەم تورکیە خۆیان لە پابەندی دەوڵەتەکانیان دەرهاویشت و نوێنەری ئیتالیا پێشنیاری کرد بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك و،وتووێژەکان بخرێنە مانگی سیبتامبری ساڵی داهاتوو.

نوێنەرانی ئێران و عێراق لەگەڵ ئەو پێشنیارە موافق بوون . نووری سەعید دوو مانگ دواتر چوو بۆ تاران (١٩٣٧) و سەبارەت بەو مەسەلەیە وتووێژی لەگەڵ ئێرانییەکان داکرد ولە ئاکامدا پەیمان نامەیەك لەسەر ئەساسی ڕێککەوتن نامەی ئەرزەرۆم و پروتۆکۆلی اسلامبول ١٩١٣ و سورەت جەلسەکانی دیاری کردنی سنوور ١٩١٤ لە نێوان «ناجی الاصیل «وەزیری دەرەوەی عێراق و»عنایت الله سمیعی «وەزیری دەرەوەی ئێران ئیمزا کراو چوار ڕۆژ دواتر پەیمانی «سعد اباد» لە نێوان ئێران وعێراق ، تورکیە وافغانستان لە کاخی سعداباد ئیمزا کرا.

دوای شۆرشی عێراق لە ١٤ی ژانوئیە ١٩٨٥، دەوڵەتی عێراق ڕەسمەن لە پەیمانی بەغدا هاتە دەرێ. چاو پێکەوتنی ڕۆژنامەوانی ژنراڵ عبدالکریم قاسم لە ڕێکەوتی ١٩٥٩/١٢/٢ پێوەندی ئێران و عێراق بەرەو ئاڵۆزی برد. ئەو لەو

چاو پێکەوتنـەدا گوتی....پەیماننامەی ١٩٣٧ بەهۆی فشـارەوە بەسـەر عێراقدا داسەپێندرا و دەوڵەتی عێراق بەڕادەی ٥ کیلۆ میتر لە شەتی عەرەبی داوە بە ئێران و ئەوە «هدیە» بووە و «حق مکتسـب» نەبووە.....ئەگـەر ئـەو مەسـەلەیە لە دواڕۆژدا چارەسەر نەکرێ، ئێمە پابەندی ئـەو ٥ کیلۆ میـترە بەخـشراوە نابین و ئـەوێ دەگەڕێنینـەوە بـۆ سـەر خاکی دایکی نیشـتمان..... و ئـەو ناکۆکی و گرژیانە لە نێـوان ئێران و عێراق مایەوە کە بە چەندین جار تێکهەڵچوونی سـەر سـنووری لێکەوتۆتەوە هەتا ڕێککەوتن نامەی ئەلجەزائیر و ساڵی ١٩٧٥.

پەیوەنـدی نێـوان و عێـراق هەتـا مارسـی ١٩٧٥ بە هۆی ناکۆکی لەسـەر خاوەندارییەتـی شـەتی عەرەبی و دیاری کردنی سـنوورەکانی نێوانیان هەر بەرەو گـرژی ڕۆیشـتووە و هەوڵی هـەر دووولا بـێ ئـاکام بـووە. چەندین دانیشـتن و کۆبوونـەوەو سـەردانی وەزیرانی دەرەوە هەر دووولا و تەنانەت لە پلەی بەرزتریش دا هەر نەیتوانی ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکەن وئەگەر بە کورتی ئیشـارە بەم جم وجۆڵە دیپلۆماسـیانە نێوان سـاڵەکانی (١٩٦٦ ـ ١٩٧٥)بکەیـن بـەم شـێوەیە ڕیزبەندی دەکرێن:

ـ سـەفەری عەبباسـی ئـارام وەزیری دەرەوەی ئێـران لەسـەر بانگهێشـتی عدنان پاچەچی وەزیری دەرەوەی عێراق (١٤هەتا ١٩ی دیسـامبری ١٩٦٦) کە بێ ئاکام بوو.

ـ سـەفەری ژێنرال عبدالرحمان محمد عارف سەرکۆماری ئەوکاتی عێراق (مارس ١٩٦٦) بۆ تاران کە هیچ دەسـتکەوتێکی لەسـەر چارەسـەری مەسـەلەی شەتی عەرەبی بە دواوە نەبوو.

ـ سـەفەری سـپا سـالار تاهیـر یحیی سـەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی عێراق (ژوئن ١٩٦٨بۆتاران کە ئەویش بێ ئاکام بوو).

ـ دوای هاتنە سەر کاری حیزبی بەعس لـە عێـراق (١٧ژوئیە١٩٦٧)حـەردان تکریتی جێگری سەرۆك کۆماری عێراق و وەزیـری دیفاع لە سـەر بانگهێشـتی وەزیری دیفاعی ئێران لە (دیسامبر١٩٦٨) چووە تاران و لەسـەر مەسـەلەی شەتی عەرەبـی وتووێژیان کرد و ئـەو وتووێژە ئیدامەکەی هاتە بەغـدا بەڵام بێ ئاکام مایەوە.

ــ لـە ڕێکەوتـی ١٥ی ئاوریـل ١٩٦٩ جێگری سەرۆك وەزیری دەرەوەی عێراق سـەفیری ئێرانی لە بەغدا بانگهێشـت کـرد بـۆ دەفتـەری وەزارەتـی دەرەوەو بەفەرمی پێ ڕاگەیاند:»دەوڵەتی عێراق شـەتی عەرەبـی بە بەشـێك لـە خاکی خۆی دەزانـێ و داوا دەکات کە دەوڵەتی ئێـران ئەو کەشـتی و پاپۆڕانـەی ئاڵای ئێرانیان لەسـەرە ، فەرمـان بدەن ئاڵای ئێران دابەزێنـن وئەگەر کەسـانێك لە

هێزی دەریایی ئێران لەوکەشتیانە دان خۆیان بێنەدەرێ ، دەنا هێزی دەریایی عێراق بە زۆر دەیانهێنێتە دەروڵە دواڕۆژدا ئێزن نادەن کە ئەو کەشتیانەی مەبەستیان چوون بۆ بەندەرەکانی ئێرانە بێنە نێو ئاوەکانی شەتی عەرەب «بە دوای ئەو هەڕەشەیەدا قایمقامی وەزیری دەرەوە ئێران لە ١٩ی ئاوریل ١٩٦٩دا لە کۆبوونەوە»مجلیس سنا» دابێ ئیعتباری ڕێککەوتننامەی ١٩٣٧ی ڕاگەیاندن بە دوای ئەوەدا هەردوو دەوڵەت پلەی سفارەتخانەکانی خۆیان لە سەفیرەوە بۆ کاردار دابەزاند.

ــــ لە ١٩٧٢ هێزە چەکدارەکانی ئێران لە سێ دوورگەی کەنداوی فارس هێزیان دابەزاند و ئەوە بوو بەهۆی ئەوە کە پێوەندی دوو وڵات لە ڕادەی کارداریش را بێتە خوارێ و بپچرێ.

ــــ لە ١٩٧٣ لە سەر داوای عێراق پەیوەندی لە نێوانیان دا دامەزراوە و لە مانگی ئاخری ١٩٧٣دا سەفیریان ئاڵوگۆڕ کرد.

ــــ لە ڕێبەندانی ١٩٧٣ دا تێك هەڵچوونێکی توند لە ناوچەی میهران لە نێوان هێزە چەکدارەکانی هەر دوولایان ڕوویدا کە تەلەفاتی گیانیان بە دواوە بوو و هەردوو لا یەکتریان تاوانبار دەکرد و کێشەکە گەیشتە شورای ئەمنییەت ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان.

ــ شورای ئەمنییەت مەئموریێتی دا بە سکرتێری گشتی کەلەو پەیوەندیەدا لێکۆلینەوە بکات , بەهاری ١٩٧٤ سکرتێری گشتی سەردانی هەردوو وڵاتی کرد نوێنەری سکرتێری گشتی سەردانی شوێنی تێکهەڵچوونی لەسەر سنووری هەردوو وڵات کرد، ڕاپۆرتی ئەو هەیئەتە بڕیارنامەی ٣٤٨ی شورای ئەمنیەتی لێ کەوتۆتەوە کە تێیدا هاتبوو دوو وڵات دەبێ ئاسایش وئارامشی ناوچەکە بپارێزن و کێشەکان لە ڕێگای وتووێژ چارەسەر بکەن.

ــــ بۆجێ بەجێ کردنی ئەو بڕیارنامەیە هەیئەتێك لە لایەنەکان لە مانگی کۆتایی هاوین ١٩٧٤ لە ئیستامبول چاویان پێك کەوت و دەستووری کاری وتووێژی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتەکانی خۆیان ئامادە کرد کە ئەویش بێ ئاکام مایەوە.

ــ لە ئۆکتۆبری ١٩٧٤ دووجار وەزیرانی دەرەوەی ئێران و عێراق چاویان پێك کەوت و بۆ جاری دیکە لە ١٦هەتا ٢٠ ژانویە ١٩٧٥ چوونەوە ئیستامبول پێکەوە کۆبوونەوە.

ــــ بەڵام هەتا کۆنفرانسی ئوپێك لە جەزائیر و فیداکردنی شۆرشی کورد ئەو کێشەیە چارەسەر نەکرا.

بزانین ئەو هۆکارانە چ هۆکارێك بوون کە

بوونە هۆی هەوینی لێك نزیك بوونەوەی ئێران وعیراق:
« عێراق و ئێران لەسەر پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بە هۆی کشانەوەی هێزەکانی بریتانی لە ڕۆژهەڵاتی کاناڵی سوئیس پێک هاتبوو،و بەتایبەتی لە کەنداو دا دروستی ئەکرد لە ململانی دا بوون . ئەمریکا ئێرانی ڕاسپاردبوو ئەرکی پاراستنی ئاسایشی کەنداو بگرێتە ئەستۆ ، شا بە پەلە ئێرانی پڕ چەك کرد، هەوڵی ئەدا لە ڕێگای زیادکردنی قەوارەی دەستکەوتی ئابووری و بازرگانی لەگەڵ سۆڤییەتەوە لە ئێراندا , پشتیوانی یا هیچ نەبێ بێ لایەنی ئەویش بە دەست بهێنێ ، عێراقیش دەیهەویست دەوری سەرەکی هەبێ لە کەنداو دا , بە تایبەتی کە دەوڵەتە شێخ نشینەکانی کەنداو جگە لە ئێران هەموویان عەرەبن ، عێراق ترسی لە خۆپڕ چەککردنی بە پەلە و قەبەی ئێران هەبوو، بۆ ئەوەی تەرازوی خۆی لەگەڵ ئێرانی پشت ئەستوور بە ئەمریکا ڕاست بکاتەوە ڕووی کردبووە یەکێتی سۆڤیەت.
لەگەڵ ئەوەدا ئێران وعیڕاق لە ترسی یەکتر و لە هەمان حاڵدا کامیان هێزی سەرەکی بێ لە کەنداوی فارس کەڵکیان لە ململانی شەڕ ی ساردی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا وەردەگرت و هەر کامیان دەبوونە دۆستی یەکێك لە زلهێزەکان . بەڵام لە مەڕ کێشەی کورد یەك بۆچوونیان هەبوو کە کورد حەقی مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆی نیە بە هیچ کام لە شێوەکان و لە هەمان کاتدا کورد بۆ هەردوولا وەك کارتی بەرەندەی یاری وایە کە بتوانن بەهۆی کوردەوە یەکتر بترسێنن و ئیمتیاز لە یەکتر وەربگرن ئەوەتا « لە گەرمەی شەڕەکانی ساڵی ١٩٧٤ دا لە نێوان جەیشی عێراقی و شۆرشی کورد شا سەفەری کرد بۆ وڵاتی سۆڤیەت ، یەکێ : لە بابەتەکانی وتووێژی وەفدی سۆڤیەتی ـ ئێرانی ، کێشەی ناکۆکی نێوان عێراق ـ ئێران بوو کە لایەنی سۆڤیەتی خستە بەرباس و «پۆدگۆرنی» داوای لە شای ئێران کرد بە ئاشتی کێشەکانی لەگەڵ عێراق چارەسەر بکا ، و ئەوە سەرەتایەك بوو بۆ معامەلەیەکی جیهانی لەسەر کێشەی کورد وکێشە ڕەواکەی ،لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بەرامبەر ئاخرین هێرشەکانی هاوینی ١٩٧٤ دا زۆر بە ئازایانەوە ولە خۆ بردویی بەربەرەکانیان دەکرد. و ئەو ئامانجە کە سەدام حۆسین بە دوایە بوو کە هێرشی سەربازی کاری شۆرش تەواو دەکات بێ ئاکام بوو هەر بۆیە سەدام حۆسین بەدوای پێشنیارەکەی سۆڤیەت دا کە بە ڕێگای ئاشتیانە کێشەکانی لەگەڵ ئێران چارەسەر

بکا ڕۆیشــت بەڵام بەڕێــگاو جێگایەکی دیکــەدا کە هەمــان مەبەســتی دەپێکا ، کۆنفرانســی « ملل موســلمان لە ربات «لــە ئۆکتۆبەری ١٩٧٤ پێــك هات و لە ڕێــگای میــسر و الجزایرەوە بــە هێمنی و نەهێنــی کاری تــەواوەوە پێشــنیاری وتووێژی سەدام بە نوێنەرانی شای ئێران ڕاگەیەێندراو زەمینەی بۆ خۆش کرا.
بە گوتەی ڕۆژنامەی الکسپرس کە دەڵێ : ئــەو کارە زۆر لە جێ دابوو. «کیســنجر « لــە گەرمــا گەرمــی هەواڵەکانی خۆی دابوو بۆ جیا کردنەوەی هێزەکانی میسر و ئیسرائیل لە ســینادا. ســوریەکان بە چاوێکی نالەبار دەیانڕوانییە ئەو هەوڵانەو دژایەتیــان دەکرد و هەوڵیان دەدا کە لە ســەر بنچینەی ئیــدەی ناســیۆنالیزمی عــەرەب پشــتیوانی وڵاتانــی عەرەبی بۆ خۆیان ڕابکێشــن بەڵام ئەمریکا و میسر دەیانهەویست ســوریە تەریك بکەنەوە ، وبۆ ئــەو مەبەســتە دەبوایــە وڵاتێکی عەرەبــی دیکــە لــە ناوچەکــەدا بتوانێ پارسەنگی سوریە بێ بۆ پشتیوانی خۆیان بهێنەوە بۆئــەو مەبەســتە چ وڵاتێك لە عێراق باشــتر بوو «کەیسینجر و ئەنوەر ســادات» کەوتنە هەوڵی ئەوە کە عێراق لەو مەسەلەدا بکەنە دۆست و هاوپەیمان . بــەڵام دەبوایە کارێــك بۆ عێراق بکەن هەتا عێراقێکی حەق ناسیان بە دەستەوە بێت و ئەو کارەی لە چاودا بێ و پشتیوانی لە وتووێژی میسر و ئیسرائیل بکات . چ کارێك و یارمەتییەك لەوە باشتر بوو کە یارمەتی بەغدا بدەن بۆ ئەوە لە دەســت ئــەو کوردانە کە وەك نەشــتر لە لەشــی ڕادەچن خەڵاسی بکەن.
بــۆ هێنانە دی ئەو مەبەســتە تەنیا ڕێگا ئەوە بوو کە شای ئێران و سەدام حوسێن ڕێك بکــەون بۆیــە لەلایــەن میسرەوە ئەشرەف مەروان «دیپلۆماتی میسری» بــە مەبەســتی کردنــەوەی دەرگای وتووێژ ڕەوانــەی بەغدا وتاران کرا. تاران ڕایگەیاند ، ئامادەیە بە وەرگرتنی هێندێك ئیمتیازاتی ئەرزی لــە کەنداوی فارس ، دەســت لە پشتیوانی کوردان هەڵبگرێ. خاڵــی نەگوتــراو بــەڵام گرینــگ لــەو معامەلەیەدا ئەوەبوو کە عێراق دەست لە سیاسەتی دەژمنکارانەی ئاشکرای خۆی دەرحەق بە ئێران هەڵبگرێ و پشتیوانیی لە سیاســەتی ئەعــترازی دەمەشــق لە پێوەنــدی بە ڕێکەوتننامە ســینادا نەکا. «محەمەد یزد» ســەفیری ئەلجەزایرلە بیروت ، پشتیوانی سەرکۆماری الجەزایر « هــواری بومدینی « لــەو گەلالەیە بە سەدام حوسێن ڕاگەیاند.
ئەو ڕێککەوتنــە لە ڕاســتی دا لە ڕەوتی بەڕێوەبردنــی کۆنفرانس «اوپك» کە لە ٦ مارســی ١٩٧٥ ی ئەلجەزایر ئیمزا کرا . شــا قبووڵی کــرد کە ســنووری لەگەڵ عێــراق (لە ناوچەی کوردســتان) و ڕێگا

كوێستانییەكان لەسەر «عناصر مخرب» دابخا . یانی هەمان ئەو كوردانەی كە شا وەك قارەمـان ناوی بردبـوون و ڕۆژنامە ڕەسمییەكانی ئێران لەوان بە عینوانی « برا كوردەكانمان , ئاریاییە شەڕكەرەكان و نوكە ڕەمبی نەتـەوەی ئێران » ناویان دەبـردەن ئێستـا بوونە(عناصر مخرب و سـنووریان لـێ دادەخرێ . بەڵام شـا لـە بەرامبـەر دا ئیمتیازاتێكـی بـاش وەردەگرێ : سـنووری نزیك «ئابادان» لـەو دواوە بەپێـی مقاولەنامـەی ١٩١٣ ئێران و عوسـمانی بە نیوەڕاستی شەتی عەرەبی دا تێپەڕ دەبوو. لە سـاڵی ١٩٣٧ قەرارێكی دیكە كە بریتانیا پشتیوانی لێ دەكرد و بە پێی ئەو قەرارە شەتی عەرەبی بەشێك بوو لە ئاوەكانی عێراق.

ڕێكەوتنـی ئەلجەزایر بـە پەیمانێك كە لـە ١٣ ی ژوئن ١٩٧٥ لە بەغدا ئیمزا كرا لـە نێوان عێراق و ئێـران «كە وەزیرانی خاریجـەی هەردوو دەوڵـەت و وەزیری خاریجـەی ئەلجەزایـر «عبدالعزیـز بوتەفلیقە» بەشداربوون تەكمیل بوو.

لێـرەدا پێویسـتە ئیشـارەوە بـە ئـەوە بكەینـەوە كـە شۆڕشـی كـورد چەندە قورسـایی هەبووە كە سـەدام حوسـێن شـانی وەبـەر ئـەو ڕێككەوتننامەیەدا ، ئەمـەش باشـترین بەڵگـەی هەتا مۆخ شـۆڤینیەتی رژێمـە بەرامبـەر كـورد ، ریسوایی بەرامبەر رژێمی شا لە مێژوودا هەڵدەبژێـرێ بـە مەرجی لەنـاو بردنی خەباتی ڕەوای گەلی كورد.

هـەر وەك لە پێشـتر ئامـاژەم پێ داوە كە كێشـەی شـەتی عەرەبی كەلە ساڵی (١٨٣٧ ـ ١٩٧٥) واتـە ١٣٨سـاڵ بـێ چارەسـەری مابـووە وببـوو بـە هـۆی ناكۆكیـی زۆری نێوان دەوڵەتانی ئێران و عێراق, بەسات و سەودای ئێران وعێراق لە سـەرِ شۆڕشـی كورد بۆ ماوەیەكیش بێ كێشـەی شـەتی عەرەبی چارەسـەر كـرا واتـە ڕێككەوتننامـەی ئەلجەزایر كۆتایـی بە كێشـەو ناكۆكی نێـوان ئەو دوو وڵاتە هێنا و لـە بەرامبەردابە زیانی جولانەوەی كورد تەواو بوو لەبەر چاوی ڕێكخـراوی UN و هەموو كـورو كۆمەڵە مرۆڤـ دۆسـتەكان ، هەروەهـا دەوڵەتانی ئـاڵا هەڵگری دیموكراسـی و یەكسـانی ، ژینۆسـاید و كۆمـەڵ كـوژی كـورد لە لایەن ڕژێمی بەعسـەوە دەسـتی پێكرد و تەنانەت گەیشتە لوتكەی لە ناوبردنی مرۆڤـ كە ئەویـش ئەنفال وكیمیا بارانی ناوچە جۆراوجۆرەكانی كوردستان بوو كە ئەوانـە هەمووی بەرهەمـی ڕێككەوتنی نێودەوڵەتیەكەی ١٩٧٥ ئەلجەزایر بوو. چوونكـە بـەرەی شـەرق و غـەرب كە ئەمریـكا سـۆڤیەت ڕێبەریيـان دەكرد ئەوانیش كوك بوون لەسـەر لاوازكردنی جوڵانـەوەی كـورد و سەرخسـتنی حكومەتی دیكتاتۆری حیزب بەعس .

لقـی یەكـەم ـــ خاڵەكانی ئاشـكرای

ڕێککەوتنی ١٩٧٥
ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایر١٩٧٥ بە ڕەسمی ئەو چوار خاڵەی لە خۆگرتبوو:
١ ـ دیاری کردنی سنووری زەمینی لە نێوان ئێران و عێراق بە پێی قەوالە نامەکانی ساڵی ١٩١٣ ی( قوستەنتەنیە) و بەرنامەی دانیشتنەکانی کۆمیتەی دیاری کردنی سنووری ١٩١٤.
٢ـ دیاری کردنی سنووری ئاوی ، بەپێی خەتی ناوەڕاستی شەتاوەکە .
٣ـ بەو کارە , دوو دەوڵەت ئەمنیەت و ئیعتمادی بەرامبەر لە درێژایی سنووری پێکەوەیان دا سەقامگیر دەکەن و لایەنەکان پابەند دەبن کە لە سنوورەکانی خۆیان چاودێری ورد و کاریگەریان بێ بە مەبەستی پێشگیری لە دزە کردنی تێکدەران.
٤ـ هەردوو لایەن کۆکن لەسەر ئەوە کە ئەو خاڵانە بناغەیەکی هەمەلایەنن و هەرلادانێك لەو خاڵانە ، ڕوحی ئەو ڕێککەوتننامەیە دەخاتە مەترسییەوە . بەو مەبەستە وەزیرانی دەرەوە ئێران و ئەلجەزایر و عێراق بەچەندین جار کۆبوونەوە بۆ ڕێك وپێك کردنی بەڵگەنامەو ئەسنادەکان و ئیمزا کردنیان کە ناوەڕۆکی ڕێککەوتنی ئەلجەزایریان تێدا بەرجەستە بوو و سەرئەنجام لە ڕێککەوتی ١٢ و ١٣ ژوئن ١٩٧٥ لە بەغدا ئەسنادێك بەو شێوەیە ئیمزا کرا:

ـ قەوالەنامە پێوەندیی بە سنوورەکانی دەوڵەتی و پاراستنی حورمەتی جیرانەتی کە پێشەکی و هەشت ماددەی لە خۆ دەگرت ، کە ماددەی ٦ ی ئەو بەتایبەتی لە مەڕ چارەسەری کێشەکان بە ڕێگای ئاشتییانە پێ داگر بوو و دەبوایە کێشە و ناکۆکیەکان لە ڕێگای وتوویژی دوولایەنە یا هاوکاری دۆستانەی دەوڵەتێکی سێهەم یا لە ڕێگای ناردنی بۆ دیوانی داوری چارەسەر بکرێ.
ــ پرۆتوکلی پێوەندیدار بە نیشانەی دانانی سەر لە نوێ سنووری زەمینی و شی کردنەوە سنووری زەمینی پێك هاتوو لە پێشەکێك و شەش ماددە و٥٨ بەرگ و نەقشە .
ــ پرۆتوکلی پێوەندی دار بە دیاری کردنی سنووری ڕووبارەکان کە پێشەکی و ٩ ماددە و چوار نەقشە لەخۆ دەگرێ .
ـ پێویست نامەی پێوەندیدار بە بەندی ٥ ی ماددە ٦ قەواڵە نامەی پێوەندی دار بە سنووری دەوڵەتی و پاراستنی حورمەتی جیرانەتی سەبارەت بە حاکمیەت لە ناکۆکیی ئیحتمالی سەر چاوە گرتووە لەجێ بەجێ کردنی ئەسنادی باسکراو (ڕێکەوتی ٢٦ ی دیسامبری ١٩٧٥).
هەروەها لە کاتی ئیمزاکردنی ئەو ئەسنادانە دا بڕیار دراکە ٥موافقتنامەی تەکمیلی یا ئیزافی ئامادە بکرێن :
ـ موافقتنامە سەبارەت بە پارێرەرانی

سنوور .
ـ موافقتنامه سەبارەت بە لەوەڕگەی مەڕ و ماڵات .
ـ موافقتنامه سەبارەت بە چۆنیەتی کەڵك وەرگرتن لە ئاوی ڕووبارە سنووریەکان .
ـ موافقتنامە سەبارەت بە تەنزیمی سەفەر کردنی هاووڵاتی ئێرانی و عێراقی کە زیارەتی شوێنە پیرۆزەکان دەکەن .
ئەو ٥ موافقتنامەیە لە ٢٦ ی دیسامبری ١٩٧٥لە کۆبوونەوەی وەزیران لە بەغدا ئیمزا کران .
بەڵام خاڵە نهێنەکانی ڕێککەوتننامەکە ئاشکرا نەکران ، ڕێکەوتنی جەزایر لە ڕاستی دا ڕێکەوتنێکی سادە و ساکاری سنووری نەبوو ، بەڵکو ڕێککەوتنێکی بنەڕەتی و ستراتیژی بوو , ئەگەر بە تەواوی جێ بە جێ کرابان ئاکام و ئەنجامێکی درێژ خایەنی لە ناوچەی کەنداوی فارس دا دەبوو.
« ڕێبەرانی بەعس بە ئیعتراف کردن بە خەتی سنووری کۆمیتەکانی سنووری ساڵەکانی ١٩١٣ و ١٩١٤ نەك گرفتی شەتاوی عەرەبیان چارەسەر کردبوو ، بەڵکو چاویان لە مافی مێژووی عەرەب لە خوزستان و کلکەی باکووری کەنداوی فارس پۆشی بوو. هەر بۆیەش چاپەمەنی وبلاوکراوەکانی دیمەشق بە زمانی توند لەم ڕووەوە سەرزەنشتیان کردن.
بەڵام ڕێککەوتننامە کە خاڵێکی تایبەتی تێدا کە نابێ وڵاتانی کەنداوی فارس بکرێن بە داشە هارەی گەمەی زلهێزان ، لەبری ئەمەش پشتیوانی لە ململانێ ناوچەیی و ناوخۆییەکان نایەتەئاراوە. بەم پێیە ئێران دەستبەرداری کوردەکان دەبوو. عێراقیش لەلای خۆیەوە بەڵێنی دەدا کە هیچ جۆرە پشتیوانییەك لە ڕێکخراوە دژە ئێرانیەکان کەلە بەغدا بوون . بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و شۆرشقانانی زەفار , نەکەن.
هەر لەو سەروبەندەدا کە لەسەر کورد و شۆرشەکەی سات وسەودا دەکرا ، ڕاگەیەندراوی کۆتایی کۆنفرانسی هلسینکی ١٩٧٥ بلاوبووە کەزۆر بە توندی پێ داگر بوو لەسەر پشتیوانی مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلان کە تەنها کاردانەوەیەك لە بەرامبەر داگیرکاری نەتەوەکان و هەروەها بە مافی بێ ئەولاولای نەتەوەکانی دەزانی کە خۆیان هەڵبژاردنی ڕژێمەکانی خۆیان بکەن .
ئایا بەڕاستی وایە ؟ ئەگەر وایە بۆ لەو کۆنفرانسەدا کە لە سەرو بەندی هەرس هێنانی شۆرشی کورد بە سات وسەودای جیهانی , هیچ باس نەکرا , تەنانەت ساڵێك دواتر واتە ساڵی ١٩٧٦ لە هەمان ئەلجەزایری کە سەری کوردی تێدا برد ڕاگەیەندراوی جیهانی مافی نەتەوەکان ڕادەگەیەندرێ , بەڵام دیسان هیچ

خێری بۆ کورد تێدا نەبوو.
بەڵام بە عەمەلی دیتمان کە گەلی کورد لەو پرنسیب و مافانەی کە کۆمەڵگای نێونەتەوەی دایرشتووە بێ بەش بوون ، چوونکە هەر چوار دەوڵەتی کە گەلی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە بە ڕەسمی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانن و بە پێی ڕاگەیەێندراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ و حقوقی فەرهەنگی و کەلتووری و لە هەمان گرینگتر مافی دیاری کردنی چارەنووس دەبوایە هەل ومەرجێك بۆ گەلی کورد بخوڵقێنن کە ئەو گەلە زیاتر بتوانێ ئامانجەکانی خۆی بەرەو پێش بەرێ ، ئەو چوار دەوڵەتە بە بەرچاوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی پێکهێنەری ئەو ڕێکخراوە نەك مافە سەرەتاییەکانی گەلی کوردیان «خوێندن بە زمانی دایك , پەرەپێدانی کەلتوور و فەرهەنگ» پێشێل کردوە بەڵکە هەر کامیان بە جۆرێك ئینکاری گەلی کوردیان کردووە بە شێوازی خۆیان خەریکی تواندنەوە ولە نێو بردنی ئەو گەلە بوون.

ـــ هەڵسەنگاندنی معاهدەی ئەلجەزایر لە ڕوانگەی «مافی نێونەتەوەیی»

لە یاسای نێونەتەوەیی دا , وەك یاسای نێو خۆیی هێندێك هۆکار دەبنە هۆی بێ ئیعتبار بوونی ڕێکەوتننامەکان . کنوانسیۆن ١٩٦٩ هۆکاری «باتڵ» بوونی ڕێککەوتننامەیەکی بەو شێوەیە باس کردووە و لە ڕوانگەی کنوانسیۆنی ڤیەننا تەنیا لە چوارچێوەی ئەو بابەتانەوە ڕێککەوتننامەیەك بێ ئیعتبارە و هیچ هۆکارێکی دیکە نابێتە هۆی بێ ئیعتبار کردنی ڕێککەوتننامەیەکی نێو دەوڵەتی:

*١ـ لە ژێر پێنانی یاسای ناو خۆ.*
*٢ـ هەڵە.*
*٣ـ فێڵ و تەڵەکەو بەرتیل وەرگرتن.*
*٤ـ اکرە «اجبار».*
*٥ـ لە بەر چاو نەگرتنی قواعدامرە.*

ئێستا هەر کامە لەم خاڵانە بە تەنیا پێناسە دەکەین و هەل و مەرجی ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایریان ١٩٧٥ پێ هەڵدەسەنگێنین:

### ١.لە ژێر پێنانی یاسای ناو خۆیی :

ڕێککەوتننامەیەك کە پێ شێلی یاسای ناو خۆیی وڵاتێك بکات باتڵە. بە سەرنج دان بەوە کە جیهان ئەسڵی لە سەرەوە بوونی یاسای نێونەتەوەیی بەسەر یاسای ناو خۆیی دا قەبووڵ کردووە ، دەوڵەتەکان بە ئاسانی ناتوانن بۆ لە بەرچاو گرتنی پابەندی نێونەتەوەیی ئیستناد بە یاسای نێو خۆی بکەن و بەو حاڵەش ئەو ڕێکەوتننامەیە لەگەڵ یاسای بنەڕەتی وڵاتێك دژایەتی هەیە لە ڕوانگەی کنوانسیۆن ١٩٦٩ ڤیەننا باتڵە.

بـه پێـی ئـەو ئەسـڵە ڕێككەوتننامەی ئەلجەزایـر مەشرووعیەتـی دێتـە ژێر پرسیار چوونكە دەسەڵاتی حیزبی بەعس بـێ ڕەچاو كردن بنەماكانی دەسـتووری عێراقی و یاسـاكانی نێو خۆیی پێوەندی دار بـە مافی نەتەوەكانـی پێك هێنەری عێراق ئەو ڕێككەوتننامەیە ئیمزا كردووە ، لە دەستووری عێراق دا «پێشوو» باس لـەوە دەكات كە پێك هاتەی سـەرەكی عێراق لە دوو نەتـەوەی كورد و عەرەبە وهەروەها لە ١١ ی ئـاداری ١٩٧٤ دا لەو بەیاننامەیـە لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی عێراقەوە دەرچوو باس لە مافەكانی گەلی كـورد دەكات لە ناوخۆی عێراق دا بەڵام دیتمان بەستنی معاهدە ئەلجەزایر بووبە هـۆی لە ژێر پێنانی یاسـا نێوخۆییەكان سەبارەت بە مافی نەتەوەكان بە تایبەت پاكتـاوی ڕەگـەزی و تەنانەت دەسـت بـردن بـۆ چەكـی كیمیـاوی و كۆمەڵ كوژیی كورد .

## ٢. هەڵە :

هـەر ڕێككەوتـن نامەیـەك لـە سـەر ئەساسـی هێندێك زانیـاری پێك دێ . ئیمكانی هەیە ئەو زانیارانە دروسـت یا هەڵە بن . ئەگەر زانیاری نادروست واتە هەڵە بێ دەتوانێ ببێتە هۆی باتڵ بوونی ڕێككەوتن نامە.
گەرانەوە و پشت بەسـتن بەو زانیاریانە زیاتـر لـە مـەڕ كێشـە سـنوورەكاندا دەكەوێتە بەر سەرنج و تێڕوانین . ئەگەر دەوڵەتێـك لەسـەر ئەساسـی هێندێك زانیاری بە زاهیر دروست ڕێككەوتنێك ئیمـزا بـكا و لـە دوای دا ئاشـكرابێ كە ئـەو زانیاریانە دروسـت و جێگای باوەر نەبوون ، دەتوانی بە پاڵپشتی هەڵە بوونی ئـەو زانیاریانـە ، زەمینەی باتـڵا بوونی ڕێككەوتن نامەكە پێك بێنن .

## ٣. فێـڵ و تەڵەكـە و بەرتیـل وەر گرتن!

ئەگەر نوێنەری وڵاتێك لە كاتی تەنزیمی ڕێككەوتن نامەیەك دا لەلایەنی بەرامبەر بەرتیلـی وەرگرتبـێ، ئـەو ڕێككەوتـن نامەیە باتڵە. ئەگەر بەستنی ڕێككەوتن نامەیەك لە ئاكامی هەر جۆرە كردارێكی وەك »فێـڵ و تەڵەكـە درۆ، بـێ دەنگی و بوونـی نیـەت «ی تێـدا بـێ لایەنی بەرامبەر دەتوانـی زەمینەی»ئیبتاڵ»ی ئەو جۆرە ڕێككەوتن نامەیە پێك بێنێ.
ئەگەر باش لەو ئەسڵە ورد بینەوە دەبینین كە بە پێی ئەو ئەسڵە ساڵی ١٩٧٥ سەدام حوسێن بۆ سـەركوتی جوڵانەوەی كورد لە راسـتی دا رەشـوەی دا بە شای ئێران چوونكە لەو سەردەمە دا ئێران و عێراق وەك دوو دەوڵەت راسـتەوخۆ شـەریان نەبـوو و بەتایبـەت كێشـەی شـەتی عەرەبـی وەك كێشـەیەك هەبـوو بەڵام لـەو كات و سـەردەمەدا هەرلە گۆرییێدا

نەبوو چوونکە کێشــە و مەسەلەی کورد بــە پێی یاســانێونەتەوەیەکانی ئەو کات کێشــەیەکی نێوخۆ بوو بەڵام کێشــەی شــەتی عەرەبــی کێشــەی نێــوان دوو دەوڵــەت بوو کە ســیادە و ســەرووەریی خۆیــان هەبــوو بۆیــە نەفــس و رووحی کێشــەکان لێك جیــاوازە بەڵام ســەدام حوسێن بێ گوێ دان بە یاسا نێوخۆی و نێونەتەوەیەکان هەروەك پێشتر باسمان کــرد بەشــێك لە خاکــی عێراقــی کەبە سەدان ساڵ بوو کێشەی لە سەر بوو وەك بەرتیل و دیاری دوو دەستی پێشکەشی شــای ئێرانی کرد بەو مەبەستە کە شای ئێــران دەســت لە پشــتیوانی شۆرشــی کورد هەڵبگرێ هەر چەندە شــای ئێران وای کرد بەڵام شۆرشــی کورد بە گشــتی نەوەســتا و خەبــات و بەربەرەکانی هەتا رووخانی ســەدام حوســێن هەر بەردوام بوو ئەوەی دۆڕاندی سەدام حوسێن بوو هــەم خاکی لە دەســت دا و هــەم تاج و تەخت و دەسەڵات.

## ٤. ئیجبار «اکره»

ئەگەر دەوڵەتێك یا نوێنەری وڵاتێك ناچار بە رێکخســتنی ڕێککەوتن نامەیەك ببێ ، ئــەو ڕێککەوتن نامەیــە باتڵە. هەڵبەت بــە کاریگــەری «ئیجبــار» ئاڵوگۆڕێکی مێژوویی بەر چاو دەکەوێ. هەتا شــەڕی یەکەمــی جیهانــی ئیجبــار نەدەبــوو بە هۆی ئیبتاڵــی ڕێککەوتن نامەیەك , وەك پەیمانی گوڵســتان کە رووسیە ئەوەیَ بە ئیجبار و بە زۆر بە سەر ئێراندا سەپاند.
بەڵام دوای شــەڕی یەکەمــی جیهانی و بەتایبەت بەســترانی پەیمانــی «بریان ـ کلــوك» کە بە کارهێنانی ئیجبار و اکره لە پێوەندیە نێونەتەوەیەکاندا بە ڕەوا ناســی و لەو کاتەوە ئیجبار دەبێتە هۆی ئیبتاڵی ڕێککەوتن نامەکان .
کاتێــك دەوڵەتــی بەعــس عێراقــی لــە ســاڵی ١٩٨٠ ڕێککەوتــن نامــەی ١٩٧٥ ی ئەلجەزایــری هەڵوەشــاوە ڕاگەیانــد و سەدام حوسێن لە بەر چاوی کامێراکاندا ڕێککەوتــن نامەی دەڕاند. بە پاڵپشــتی فاکتەری ئیجبار پشتیان بەست.
هەرچەنــد لــەو کاتــەدا وڵاتــی عێــراق نەکەوتبووە بەر هێرشی داگیرکەرانی هیچ وڵاتێك بەڵام مەبەستی دەوڵەتی بەعس عێراق لە ئیجبار پاڵە پەســتووی سیاسی بوو کە لەلایەن ئێرانەوە بە هۆی یارمەتی دان بە شۆرشی کوردان خرابووە سەری.
لەلایەکی دیکەوە لە بەیاننامەی پێویست بە کنوانسیۆن یاسای ڕێککەوتن نامەکان, دەوڵەتــەکان لــە بــەکار هێنانــی پاڵــە پەستووی سیاسی بۆ بەستنی ڕێککەوتن نامە مەنع کــراوەن , هەر چەندە لە ناو و عینوانی ئــەو بەیاننامە را دەردەکەوێ کە بۆ دەوڵەتەکان الزام هێنەرە.

### ٥.قواعد ئامره و له بەر چاو نەگرتنی !

قواعــد ئامــره بــه قواعدیەك لە یاسـای نێونەتەوەیــی دەگوتــرێ کــه تەخەلوف و ســەر پێچی هەڵناگــرێ و الــزام ئاوەر و بەرێوەبردنــی پێویســتە بــۆ هەمــوو دەوڵەتــەکان. لــە یاســای نێونەتــەوەی سەبارەت بە ئامانجی ئەو قواعده جیاوازی بیرو بۆچوون هەیە . بەڵام هێندێك بابەت وەك ممنوعیەتی دزی دەریایی ، قەدەغە کردنی کۆمەڵ کوژی و پاکتاوی رەگەزی ، قەدەغە کردنی دەست درێژی چەکدارانە و مافی دیاری کردنی چارەنووس لە بابەتە سەرەکیەکانی قواعده ئامره بە ژماردێن . کە بە پێی کنوانسیۆن یاسای رێککەوتن نامــەکان ئــەو رێککەوتــن نامانــەی کە نارێکــن و ناتەبان لەگــەڵ قواعدی ئامره باتڵن .

بە پێــی ئەو ئەســڵە رێککەوتــن نامەی ئەلجەزایــر باتڵــە چوونکــە ئاکامــی ئەو رێککەوتــن نامەیە لە عێــراق دا پاکتاوی رەگەزی کــوردی بە دواوە بوو و نزیك ٣٠ کیلۆمەتر لە سەر سنووری ئێرانەوە بەرەو قوڵایی خاکی کوردستانی عێراق چۆڵ کراو شارو شارۆچکە و گوندەکانی خاپوور کرا و کانیاوەکان کوێر کرانەوە و دارو لێرەواری سوتێندرا و لەوەش بەو لاوەتر گەلی کورد لە دیاری کردنی مافی چارەنووســی خۆی بێ بەش کرا.

### ئاکامەکانــی رێککەوتــن نامــەی ئەلجەزائیر :

١ـ وەستانی شۆرشی کورد لە ساڵی ١٩٧٥ بۆ ماوەیەکی کاتی.

٢ـ هەڵگیرســانی شــەری نێــوان عێراق وئێــران کــە زیاتر لــە ٨ ســاڵی خایاند ، بــە میلیۆن مرۆڤــ تێدا چــوون ، زەرەرو زیانێکی ماڵی زۆری لێکەوتەوە .

٣ـ بوو بە هۆی تێکدان و ســووتانی زیاتر لە ٤٠٠٠ گوندی کوردستان .

٤ـ ئەنفــال کردن و زینــدە بەچاڵا کردنی میللەتی کورد .

٥ـ بەکار هێنانی چەکــی کیمیاوی دژی گەلی کورد .

٦ـ بــووە هــۆی دارمانــی بــاری ئابووری عێــراق بۆیە هێرشــی بۆ کوێــت کرد و داگیــری کــرد ، زەرەرو زیانێکی ئابووری زۆری لەم وڵاتەدا.

٧ـ لێدانــی ئەمریــکا و هاوپەیمانانی بۆ دەرکردنی عێراق لە کوێت.

٨ـ راپەرینی گەلی کوردســتانی عێراق و کۆرەوە بــە ناوبانگەکە و ســەرنجام بووە هۆی دەرکردنی بریــاری ٦٨٨ و ٩٨٦ ی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی عێراق .

٩ـ لــە ئــاکام دا تێك رووخانــی رێژیمی ســەدام حوســێن و دادگایی کردن و لە سێدارەدانی دەسەلاتدارانی رێژیم.

١٠ - پێکهاتنــی حکومەتــی هەرێمــی کوردستان.

## سەرچاوەکان

سەرچاوەی فارسی :
١ـ غلام رەزا بابايي ، فەرهەنگی علوم سیاسی بەرگی ١ و ٢ ، چاپخانەی ویس ، چاپي دووەم ١٣٦٩ (١٩٩٠).
٢ـ عصمت شريف وانلی ، کردها ، وتاری کوردستانی عێراق ، وەرگێرانی ابراهيم يونسی ، چاپخانەی روزبهان ، چاپي دووەم ١٣٧٢ ،
٣ـ ديويد مك دوال ، تاريخ معاصر کرد ، ترجمە: ابراهيم يونسی ، چاپخانەی پائیز١٣٨٠
٤ـ ناصر انتصار ، مافیای قدرت ، ترجمە: عرفان قانعی فرد ، چاپخانەی مولف ، تاران ١٣٨٥
٥ـ سيسيل جی ادموند ، کردها ، ترکها ، عربها ، ترجمە: ابراهيم يونسی ، چاپخانەی روزبهان تهران ١٣٦٧
٦ـ حسن ارفح ، کردها برسی تاريخی و سياسی ، لندن چاپ دانشکده اکسفورد
٧ـ حسين مدنی ، کردستان برسی و نهضتهای ازادی بخش ملی در کردستان ، چاپخانەی موفقی مهاباد ١٣٥٨
٨ـ درك كينان ، کردها و کردستان ، ترجمە:ابراهيم يونسی ، تهران ١٣٧٠

سەرچاوەی کوردی :
١ـ کریس کۆچێرا ، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیستەم دا، و: حەمەکەریم عارف، هەولێر٢٠٠٦
٢ـ کریس کۆچێرا ، کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەم دا، و:محمدی رەیانی ١٣٨٦ تاران
٣ـ حوسێن مەدەنی ، کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان ، بەرگی ٢،خاکەلێوەی ١٣٨٠
٤ـ نەوشیروان مستەفا ئەمین ، لەکەناری دانووبەوە بۆخڕی ناو زەنگ ، ١٩٩٧
٥ـ نەوشیروان مستەفا ئەمین ، پەنجەکان یەکتر دەشکێنن
٦ـ یاسین حاجی زادە وزاهید محەمەدی ، فەرهەنگی سیاسی ئارش نوێ. چاپخانەی رۆژهەڵات , هەولێر ٢٠٠٧، وەرگێران
٧ـ رێباز ، قەندیل بەغدای هەژاند ، بەشی دووەم ، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری ١٩٨٠ـ١٩٨٨
٨ـ مەلا بەختیار ، شۆڕشی کوردستان و گۆرانگاکانی سەردەم

گۆڤار:
١ـ گۆڤاری نویسا , ژمارە١/ , بەهار , تاران ١٣٨٣
٢ـ مجلەی سیاسی ـ ئیقتسادی ژمارە ٢٤٤ـ ٢٤٣

سەرچاوە ئینتر نێت :
www.bbc.com/perstion
www.peek.net
www.ittlahat.com

# ئیسلامی سیاسی، بەستێن و خولیا سێ لایەنەکانی

**ن: محمد جواد غلامرضاکاشی**
**و:مەنسوور پیرۆتی**

یۆتۆپیـــای بوونی ئیســـلام بـــە ئایینێکی تاکەکەســـی، دەست¬وێڕانەگەیشـــتووتر لە جارانە.

ئیســـلامی سیاسی ناوێکە کە لە بەرامبەر ئیســـلامی ناسیاسی یان (سیاست¬گریز) بەکاردێ. ئەو ناوە بنچینەی مەسەلەیەکی سادە چەندپات دەکاتەوە: ئایا ئیسلام لە ئەســـاس¬دا سیاســـی¬یە یان ئاخرەت¬گەرا و گرێدراو بە پەیوەندی بەندە و خودا. ئەساسی ئەو مەسەلە دووانەیە؛ یان ئەوە یان ئەو. شتێکی دیکە لەو ناوەدا بوونی نییە. لەهەر لایەک بوەســـتی، لایەکەی دیکە رەش و وەلانراو دێتەبەرچاو. ئەوە رووداوێکە کـــە لـــە کۆتاییەکانی دەیەی شەســـتی هەتاوی ســـەریهەڵداوە. ئـــەو رووناکبیرانەی کە رەخنەگری سیســـتمی سیاســـی بوون، هەمـــوو کێشـــە و نەهامەتییەکان¬یان لە سیاســـی¬بوونی ئیســـلام¬دا دەبینی. ووتیان کـــە لە کۆتاییەکانی دەیەی ســـی یان چل، ئیســـلام بەرە بەرە لە کونجی حوجرەکان هاتەدەر و بەشداری لە رۆژەڤ و پرسە سیاســـییەکانی رۆژدا کرد. بە تێگەیشـــتنی ئەو رووناکبیرانە ئـــەو کارە هەم بە زیانی ئیســـلام بوو و هەم بە زیانی دنیای سیاسەت. ئەوان گەڕانەوەی ئیسلام بۆ هەرێمی تاکەکەسی بە رێگاچارەی تەندروست بۆ ئیسلام و سیاسەت دەبینن.

دووانـەی ئاماژەپێکـراو، ناوەرۆکێکـی دوولایەنە لە گۆڕەپانی ململانێی سیاسی بوو. لەلایەک نیزامێـک جێگیر بوو کە خۆی وەک دیارکـەر و تەنیا ئابژێکتیڤی ئیسـلامی سیاسـی پێناسـە دەکـرد و لەلایەکی دیکە ڕوانینێکـی ڕەخنەگرانە کـە یۆتۆپیایەکـی تـازەی دیتبـۆوە. یۆتۆپیایـەک کـە تێیـدا هـەر کـەس، نهێنییەکانی دڵی خۆی عاشـقانە لەگەڵ خـودای خـۆی دەهێنیتەگـۆڕ، بەڵام لە مەیدانی سیاسەت و بەڕێوەبردنی پرس و بابەتە گشتییەکان تەنها کار بە عەقڵی حیسابگەر و مەسڵەحەت¬بین دەکات. نـە ئیزنـی دەدا عەقڵ بێتە نـاو بازنەی عشـقی ئیماندارانەی خـۆی و نە ئیمان و ئاییـن لـە کاری سیاسـی¬دا جیگای دەبـۆوە. خەڵکانێـک کە لە شـوێنێک عاشق و دڵسـپاردە بوون و لە شوێنێکی دیکە کارەکانیان بـە دوورنواڕی عاقڵانە و بـەدوور لـە دەسـتێوەردانی ئایین لە سیاسەت بەڕێ¬دەکرد.

ڕوانینـی سیاسـی سـادەکەرەوەی مەسـەلەکەیە. بە هـەر ڕادەیەک کە لە سادەکردنەوەی پرسەکان سەرکەوتووتر بـێ، بـە هەمـان ڕادەش لە کـردەوەدا دەسـکەوتی زیاتـر مسـۆگەر دەکات. دووانەی ئیسـلامی سیاسی و ناسیاسی، هەر ئـەو سـادەکردنەوە کاریگـەرە بوو کـە لانیکـەم یـەک دەیـە مەیدانـی سیاسـی ئێرانی بە خۆیەوە خافڵاندابوو. داهێنەرانی یۆتۆپیای ئیسلامی ناسیاسی، فاکتیان لە گۆڕانکارییە نیودەوڵەتییەکان، بەرزبوونەوەی خوێندەواری و شارنشینی و ئامرازەکانـی پەیوەندی¬گرتـن و هتد دەهێنایـەوە و بـەو پێیـە مۆرەیـان لە ڕکەبەرە سیاسـییەکانی خۆیـان دەکرد کە ئیسـلامی سیاسـی داهاتووی نییە. ئەو ڕوانگە بانگەشـەی بۆ ئـەوە دەکرد کە پەیوەندییەک کە لەنێوان ئیسـلام و سیاسەت¬دا دروست بووە، ڕووداوێکی بێ-بناغـە، بێ¬کەڵـک و نابەجێ بووە و دڵسۆزانە داوایان لە بەرگریکارانی دەکرد کە عەقل و دوورنواڕی دنیای نوێ بکەنە بنەمای کارە سیاسییەکانیان. کەم و زۆر ئێسـتاس ئەو لێڕوانینە هەر ماوە بەڵام نـەک بـەو متمانـە و باوەڕبەخۆبوون و خەسـتییەی کـە لـە دەیـەی حەفتای هەتـاوی و لـە سـەردەمی زێڕینـی بزووتنـەوەی ریفۆرمخـوازی لـە ئێران هەبوو.

لـە ڕۆژگاری ئەمـڕۆدا بارودۆخەکـە بە هیچ شیوەیەک بەو سادەکردنەوە شرۆڤە ناکـرێ. تایبەتمەنـدی ڕۆژگاری ئێمە، لێڵی و نارروونی ئاسۆ¬کانی بەرەوڕوومان. هـەر کەشـێکی ئیدئۆلۆژیـک، بـە نارروون¬بوونـی ئاسـۆکانیی بەرەوڕووی، هەرەس¬دێنێ. ئەمـڕۆی ئێمەش وەها تایبەتمەندییەکـی هەیـە. تەنهـا لـەو بارودۆخانەیە کە دەگەڕێینەوە و ئاوڕێک

له رابردوو دەدەینەوە. ئەمڕۆ مەنتقی دووانەی ئیسلامی سیاسی و ناسیاسی مانای پێشووی خۆی لەدەست¬داوە. مەسەلەکە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە تەنانەت ئەگەر هێشتا نەمانتوانیبێ چوارچێوە بۆ ئەو مەسەلە نوێ¬یانە دیاری بکەین و پێناسەیان بکەین. لەو یادداشتەدا لێکدانەوەیەک دەخەمەڕوو کە شایەد تەنها سودی دەرچوون لەو لۆژیکە سادە دووانە بێت. ئەوەی کە وەک ئیسلامی سیاسی ناوی دەهێنرێ لانیکەم یەک لەو سێ¬یانەیە کە هەر یەک تایبەتمەندی و دەرفەت و دوورەدیمەنی جیاوازیان هەیە. پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان ئەو سێیانە، خاڵە هاوبەش و ناکۆکەکانی نێوان¬یان دیارتر و روون¬تر لە پەیوەندی نێوان ئیسلامی سیاسی و ناسیاسی¬یە.

فرەچەشنی ئیسلامی سیاسی

ئێرانی بەر لە شۆڕش بە تەواوییەتی یەک یەکەی ئۆرگانیکی پێکەوەبەستراوە نەبوو. یەک کێشە و مەسەلەی تایبەتیشی نەبوو. لە بەستێنی جۆراوجۆردا کێشە و مەسەلەی تایبەت هەبوون و وەڵامی فرەچەشن و شیاویان داوا دەکرد. لەو ناوەدا سێ گروپی کۆمەڵایەتی بوون بە پێگەی جیاواز و پرسیاری و پرسی جیاواز. ئیسلام لەهەمبەر پێگەی ئەو سێ گروپە و بۆ وەڵامدانەوە بە پرسە سەرەکییەکانیان هاتەناو پرسە سیاسییەکانی سەردەم و بەو پێیە سێ جۆر ئیسلامی سیاسی لەدایک بوون. هەر سێکیان پاشگری ئیسلامی¬یان پێوەلکابوو بەڵام ئیرادە، ئامانج و مەبەستی جیاوازیان هەبوو. ئەو سێیانە لە مەیدانی کردەوەی شۆڕشگێری¬ ساڵەکانی پەنجا و شەش و پەنجا و حەوت، بە رواڵەت هەر یەک بوون و پەیوەندی پتەویان هەبوو بەڵام پەیمانی برایەتیان هەر یەک ساڵی خایاند. پاش ئەو ماوە کێشە و ناکۆکی لەنێوانیاندا سەریهەڵدا. پێگە و پرسی یەکەم، دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵانی خەڵک، واتا کۆمەڵانی خەڵک لایەنگر، هاندەر و بڕیاردەری ئەو پرسەن. تەوەری سەرەکی ئەو بزووتنەوە کە هەڵگری پاشگری ئیسلامی سیاسی بوو، سەرچاوەی سەرەکی وزەپێدان بە رەوتی ئیسلامی سیاسی بووە و تا ئێستاش هەیە. دوو پێگە و مەسەلەی دیکە، دەگەڕێتەوە بۆ بژاردەکان و هەڵسوڕاوانی سیاسی. باسی روحانیان و رووناکبیران بە جیا دەکەین و تایبەتمەندییەکانیان دەخەینەڕوو. بەڵام بەر لەوە سەرنجدان بە خاڵێک زۆر گرنگە. ئیسلامی سیاسی دیاردەیەکی جیهانی نوێ و مۆدێرنە. ئیسلام لە مێژووی خۆیدا هیچ کات ناسیاسی نەبووە. رەنگە بکرێ ئاماژە

بــه هەندێ گــروپ و لایــەن بکەین کە لــە قۆناغــە مێژووییــە جیــاوازەکان لە پەراوێزەوە وەســتابن. بــەڵام بەدرێژایی ئــەو هەزار و چوار ســەد ساڵەی کە لە تەمەنــی ئیســلام تێدەپــەڕێ کەمــتر قۆناغی زەمانی دەتوانین دەست¬نیشان بکەیــن کە بەبێ بەشــداری ئیســلام لە کاری سیاســیدا تێپەڕیبــێ. هــەزار و چوار ســەد ساڵە کە لەو ناوچە ئیسلام و سیاسەت تێکەڵاوی یەکتر بوونە. بەڵام ئیسلامی سیاســی دیاردەیەکی جیاوازە. ئیســلامی سیاســی دیــاردەی دنیــای مۆدێرنە. ئیســلامی سیاســی لە وەڵامی ڕێوشوێنەکانی دنیای مۆدێرن پێناسەی وەرگرتــووە. مۆدێرنیتە بــە فۆرمبەندی ئابــووری و کۆمەڵایەتــی و فەرهەنگــی خۆی، بە هێرشی تێکنۆلۆژیک و نیزامی، دنیایەکــی دیکەی دروســت کــردووە. زاڵێتــی مۆدێرنیتە لە جیهان¬زیســتی مســوڵمانان ســێ پــرس و برینــی جۆراوجۆری دروست کردووە. ئیسلامی سیاسی لەهەمبەر هەر یەک لەو پرسانە دەبێ بە شێوەی بابەتیانە شرۆڤە بکرێ.

پرسی یەکەم: هێرشی مۆدێرنیتە بۆ سەر جیهان¬زیستی ئایینی

پێشــتر باســی ئەوەمان کرد کە پرســی یەکــەم دەگەڕێتەوە بۆ ئاســتی گشــتی و پەیوەنــدی بــە کۆمەڵانــی خەڵــک هەیــە. لــەو ئاســتەدا پیاوانــی ئایینــی و ڕووناکبیرانیــش حزوریــان هەیــە. هێرشــی مۆدێرنیتە بۆ جیهان¬زیســتی مســوڵمانان، سەرەکی¬ترین و دیارترین ڕووداوی ســەدەی ڕابــردووە. کاتێــک لــە چەمکــی جیهان¬زیســت کەڵــک وەردەگریــن مەبەســتمان ئەوەیــە کــە دیاردەکــە تەنهــا لە چوارچێــوەی بیر و بــاوەڕ و تیــۆری¬دا نامێنێتــەوە. ڕووی دیار و ئاشــنای پێکەوەژیان وێران دەبێ و پەیوەندییەکانــی ســەرمایەداری و گۆڕانکارییەکانــی ســەرچاوەگرتوو لــە مــاددی ¬بوونــی دیــاردەکان، تێکڕای بابەتەکان دەگۆڕێــت. پەیوەندییەکانی پێشــوو وەک خۆیــان نامێنــن. تاکێتی (فردیــت) زیاتــر پەرەدەســتێنێ، چینی نوێ سەرهەڵدەدەن، فۆرمی پەیوەندییە خێزانییــەکان گۆڕانکاری بەســەر دێ، پێگەی ژنان دەگۆڕدرێ. ئاڵۆگۆڕگەلێک کە ڕۆژانە و ســاڵانە لە گۆڕان ناوەستن. دنیایەکــی دیکــە دەردەکــەوێ کــە بۆ ئێمە ئاشــنا نییــە و چەمکەکانی نامۆن. ئــەوە شــتێکی ئاشــکرایە. مۆدێرنیتــە دیاردەیەکــی جیهانــی بــووە و هەیــە و هیچ ڕێگای گەڕانەوەشی بۆ نییە. بەڵام تێکدانــی فۆرمــی ژیــان بــە مەرجێک مەســەلەخوڵقێن نابــێ کــە فۆرمێکــی دیکەی ژیان جێگای بگریتەوە.

بــۆ ســاڵانێکی زۆر خوێندوومانــە و نووســیومانە کــە ئەوانە گشــتیان یانی گەشەسەندن لە بەشــە جۆراوجۆرەکانی

ژیانی کۆمەڵایەتی و وەک بەرەنجامەکانی جیهانی مۆدێرن پێمانهەڵاگوتون و پێشوازین لێکردوون. بە یەکترمان ناساندوون و بە شانازییەوە باسمان کردوون. دوو ویترینن لە پاڵ یەک داناوە. لە یەکیان تایبەتمەندییەکانی دنیای کۆنمان چنیوە. لە ویترینی نەریت، ژنان لە ماڵ ئۆقرە گرتوو، بێ¬دەنگ و لەرووی کۆمەڵایەتی پاسیف؛ زاڵیتی روحانیان لەسەر خەڵک، کار و بەرهەمهێنانی بەرتەسک، بیر و باوەڕی نادروست و نازانستی، داب و نەریتی نابەجێ چنراوە. لە ویترینەکەی دیکە کە بە ناوی مۆدێرنیتە ناسراوە، چالاکی ژنان لە کەرتی گشتی، دەرکەوتنی توانای ناوازە لە بەستێنە جۆراوجۆرەکانی زانستی و هونەری، ناوەندە ئاکادمیکەکان، و ئیمکاناتی مۆدێرن لە شار و گوندەکان و پێشکەوتنی ئامرازی پەیوەندییەکان و راگەیاندن و هتد مان چنیوە.

ئەو دوو ویترینە نیشاندەری تەوەرە سەرەکییەکانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئابووری و سیاسی لە کۆمەڵگای ئێرانن. بەڵام کێشە ئەوەیە کە ئەو دوو ویترینە کۆکەرەوەی تێکرای بابەتەکە نین. هەموو تایبەتمەندییەکانی جیهانی مۆدێرن برینی قوولیان لەسەر شێوە ژیانی نەریتی ئێمە بەجێهێشتووە بەڵام لە هەندێک بەشی بەرتەسک توانیویەتی جێگرەوەیەکی شیاوی بۆ بخاتەڕوو. کەسانێک شێوەژیانی مۆدێرن¬یان هەڵبژاردووە و لە سوودەکانی فێرکاری و کۆکردنەوەی سامان و بەشداری کارا لە کەرتەکانی کۆمەڵایەتی و زانستی کەڵک¬یان وەرگرتووە. بە دەربڕینێکی دیکە، سوژەی مۆدێرن و شێوەی نوێی ژیان فۆڕمی گرتووە بەڵام کەم کەس سەرنجی خستۆتە سەر ئەو خاڵە کە ئەوە بە نرخی پەراوێزخستنی هەندێک چینی کۆمەڵگا بووە کە لەو ئاڵوگۆڕانە هیچیان دەست نەکەوتووە جگە لە ناڕاحەتی، بەشخوراوی، هەستی بێ شوناسی، خۆبەکەم¬زانی و دەست¬لێ¬بەردراوی. جیهان¬زیستی ئێمە رواڵەت و ناوەڕۆکی خۆی هەبوو. مۆدێرنیتە خێرا رواڵەتی جیهان¬زیستی ئێمەی داگیر کرد. تا ئەو جێگایەی کە بۆی لوا تێکنۆلۆژی و بەرهەمهێنان و پەیوەندی میدیایی هێنایە ژێر رکێفی خۆی. هەموو کەلێن و قووژبنەکانی داگیر کرد. بەڵام بێ ناوەڕۆک بوو. روح و ناوەڕۆکی دنیای نوێ دیار نەکەوت. بەرەنجامەکە رواڵەتێکی تا رادەیەکی زۆر ناو بەتاڵ بوو. لە بەرامبەردا جیهان زیستی ئێمە رواڵەتی خۆی لەدەست¬¬دابوو و ناوەڕۆکەکەی بە رواڵەت دەرنەدەکەوت. با دوو نمونەتان بۆ بهێنمەوە.

لە جیهان¬زیستی نەریتی ئێمە، هەژارەکان لەبەر چاومان بوون. هەژارییەکەیان بۆ چارەنووس و ویستی خودا دەگەڕێندرایەوە. خەڵکی دەستڕۆیشتووش لەسەریان بوو تا یارمەتییان بدەن. دنیای پێشووی ئێمە دنیایەکی پڕ لە نایەکسانی بوو. لە جیهان¬زیستی پێشووی ئێمە ئەو نایەکسانی¬یانە گرنگی دیاری خۆی هەبوو.هەم ئەوەی سامانی هەبوو و هەم ئەوەی هەژار بوو دەیزانی جێگە و پێگەی چەندە. یەک ئاغا بوو و یەکیش ڕەعیەت. دنیای نوێ کێشەخوڵقێن بوو. زۆرینەی هەژار و نەدار لە بەرامبەر کەمینەیەکی ساماندار و قازانجکەر. خاڵی جێی سەرنج ئەوە بوو کە نە هەژاران پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان قبووڵ بوو و نە سامانداران لە جێگە و پێگەی خۆیان دڵنیا بوون. کەواتە ڕکەبەری و کێبڕکێ¬یەک وەڕێ¬کەوت. ئاشکرایە کە ئەو کۆمەڵگایە جموجۆڵی زیاتری تێدایە. بەڵام ئەو جموجۆڵە خێری لێنەکەوتەوە. داهاتی زەبەلاحی نەوت و یەک دەوڵەتی ڕانتێر بوونیان هەبوو و ڕکەبەری کۆمەڵایەتی لە ناوەندەکان و یەکە بەرهەمهێنەرەکان ڕووی¬نەدەدا. لە دەسپێکی کاری دەوڵەتێک¬دا ڕوویدەدا کە بۆ دابەشکردنی نایەکسانی بایەخە ماددی¬یەکان، چاوی لە هۆگری و سەرشۆڕی و زمانی چەور و چاپلوسی بوو. هەندێ خەڵک سوودیان بینی و هەندێکی دیکە بێبەش مانەوە. بەڵام هەر دوو لایەن بە چەشنێک هەستی خۆکەم¬بینی. لەجیهان¬زیستی نەریتی ئێمە نیزامێکی دواکەوتوو و کۆنەپەرست هەبوو کە مەشروعییەتی بە بەشی زۆری ئەو بابەتانە دەدا. باوک هێمای دیاری خودا لەناو بنەماڵە بوو و تەمبێ¬کردنی ئەو بەشێک لە سزای خودا لەئەژمار دەهات. تەمبێ¬کراوەکانی پێشوو خۆیان لەناو بازنەی چارەنووسی خودایی¬دا دەبینییەوە و بە هەر ڕادەیەک کە توندوتیژی بنەماڵەیی و کۆمەڵایەتی زیاتر دەبوو، زیاتر هەستیان بە بەندەیی دەکرد و گوێڕایەڵ¬تر دەبوون. توندووتیژی پێشوو دروست یا نادروست ئاوێتەی حیکمەت و چارەنووس و خۆشەویستی بوو. لە جیهان¬زیستی نوێ، وابڕیار بوو لەو سنووردارێتی¬یانە دەرباز بین و بووین. سوژەی ئازاد لە بەندی باب و بنەماڵە و مەرجەعییەتە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکە. بەڵام بڕیار بوو پرەنسیپی نێوان ئێمە سوژە ئازادەکان، عەقڵ و ئینساف و یاسا بێ و لەلایەن دەوڵەتەوە سەرپەرشتی بکرێت. ئێمە وەکوو سوژەی ئازاد، پەروەردە بووین بەڵام پەیوەندی نێوانمان کێبڕکێی ئاوێتە لەگەڵ توندوتیژی و وەلانان و بەکەم¬زانینی

ئەوی¬ دیکە بوو و دەوڵەت خۆی بووە گەورەترین سەرچاوەی بەکارهێنانی توندوتیژی و سەرکوتی بێ¬سنوور. دەوڵەت خۆی یەکەمین دامەزراوەی پێشێل¬کردنی یاسا بوو و کۆمەڵگاش مەیدانی کردەوەی ڕەها و بێ¬پرەنسیپ و توندوتیژ کە ڕۆژانە دەبێتە هۆی تێکچوونی دۆخی دەروونی ئێمەمانان. بەکورتی مۆدێرنیتە چیرۆکێکی شیرین بوو کە موسافیرانی لە دەرەوە گەڕاوە، بۆیان دەگێڕاینەوە و حەز و تاسەیان دەورووژاندین. بەڵام ئەوەی ڕوویدا دەقێک بوو کە پەراوێزی زۆری هەبوو. کەسانێک کە جیهان¬زیستی پێشووی خۆیان لەدەست¬دابوو و تەجروبەی ژیانیان لە جیهانی نوێ، توندوتیژی و بێ¬بنەمایی و لێک¬ترازان و خۆبەکەم¬زانین بوو. ئیسلامی سیاسی لە گشتی¬ترین ئاستی خۆی¬دا لە وەڵامی ئەو مەسەلە دەرکەوت. مۆدێرنیستەکان باسیان لە قۆناغی تێپەڕ دەکرد و دەیانووت کە پەراوێزەکان وردە وردە کاڵ دەبنەوە و نامێنن. بەڵام پەراوێزی زەقتر لە دەقە سەرەکییەکە، ئیسلام¬یان کردە پەناگایەک و بە هۆی ئەو پەناگایە، لایەنگرانی ئیسلام هێرشیان بۆ سەر دەقە سەرەکییەی مۆدێرنیتە دەست¬پێکرد. بەڵام نەک بۆ وێران کردنی دەقەکە، بەڵکوو بۆ ئەوەی جێگای خۆیان لەناو دەقەکە بکەنەوە. هەر ئەو دەقەی کە ئەوانی پەراوێز خستبوو. ئەوانە هەوڵێکی بێ¬سودیان دا و تا ئێستاش دەیدەن تا پەیوەندی نێوان جیهان¬زیستی لەدەست¬چووی خۆیان لەگەڵ جیهان¬زیستی نوێ بدۆزنەوە. بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی خۆیان هەوڵی بەربڵاویان داوە لە بەستێنی دەروونی و ڕەوان¬ناسییەوە بگرە تا بەستێنەکانی خۆشبژێوی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری. لە دژکردەوە تاکەکەسییەکان تا فۆڕمگرتنی بەرەنگارییە بناژۆخوازانەکان هەر لەو چوارچێوەیە دان.

خاڵی جێی سەرنج لەو مشتومڕ و ڕووبەڕووبوونەوانەدا ئەوەیە کە ئەوان بەشێک لە ئامانجەکانیان مسۆگەر دەکرد. ئامانجێکی دیاریکراویان لە ڕووبەڕووبوونەوە نەبوو. تەنها بەس بوو دژایەتی ئەو دیاردەیە بکەن کە هەستیان دەکرد بەکەمیان¬دەگرێ. لەو مشتومڕانەدا بوو کە لەو هەستی تاڵی خۆبەکەم-زانین و بەکەم¬گرتن دەربازیان دەبوو. هیچ یۆتۆپیایەکیان نەبوو. مۆدێلی ڕووبەڕووبوونەوەیان عەقڵانی نەبوو و پەیڕەوییان لە مەکتەبێکی فکری و سیستمێکی ئیدئۆلۆژیک نەدەکرد. خەڵک لەو نوسخەدا، لەگەڵ هێماکانی مۆدێرنیتە

هـەم لـە رووبەڕووبوونـەوەدان و هـەم خۆیـان لەگـەڵ گونجانـدووە. هاوکات کە رووبەڕوویـان دەبنەوە، هەوڵ دەدەن دەستکاریشیان بکەن و تا ئەو جێگایەی بکرێ هـەوڵ دەدەن پەیوەنـدی نێوان هێماکانـی مۆدێرنیتـە و حافـزەی فەرهەنگی خۆیان ببیننەوە.

پرسی دووەم: ستاندنەوەی پێگە و متمانە لـە گروپەکانی ئابـووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی

پرسـی یەکـەم دەروونی، قووڵ ، گشـتی و بنەڕەتـی و دەروونناسـانە بـوو، بـەڵام ئیسـلامی سیاسـی بەشـداری ئـەو پـرس و مەسەلانەشـی کـرد کـە بـۆ بژاردەکانـی کۆمەڵـگا جێـگای تێڕامـان بـوو. مۆدێرنیتـە رێوشـوێنە کۆمەڵایەتی¬یەکانـی شـێواندبوو. هەنـدێ لایەنـی تازەدەرکەوتووی کردە چینـی هەرەسـەرکەوتووی کۆمەڵـگا و هەندێکی دیکـەی خسـتە پەراوێزەوە. بازاڕی¬یـەکان و روحانیـان ئـەو دوو گروپـە پیشـەییە گرنگـە بـوون کە لە پرەنسـیپ و رێوشوێنی مۆدێرن پێگەی خۆیان لەدەسـت دا. ئیسلامی سیاسی لەو لێڕوانینـە لۆژیکی¬یەدا دەرفەتێک بۆ ئەوانە بوو تا پێگەی پێشـووی خۆیان وەدەسـت¬بهێننەوە. نابـێ ئـەو خاڵە بـۆ دەروونناسـی تاکەکەسـی بچـووک بکەینەوە. مەسـەلە ئەوە نییە کە فلان حاجی¬ئاغا پێگەی خۆی لەدەست¬داوە و تەنها بـۆ وەدەسـتهێنانەوەی پێگەی پێشووی خۆی دەنگ بڵیند دەکا و هەوڵ دەدا. مەسـەلە گرنگی پیشەکانە و فۆرم بەندی ئاگایی بەکۆمەڵ. لەراسـتیدا کە پرەنسیپەکانی مۆدێرنیتە- بەشێوەیەک کە لـەو وڵاتانەی نزیکی ئێمـە روویدا- لەگـەڵ شایستەسـالاری کۆمەڵگایەکی مۆدێرن زۆر جیاواز بوو. بازاڕی و روحانیان وەلانـران بـەڵام ئەوانـەی جێگەیـان گرتبوونەوە بەدەگمەن لەو کەسانە بوون کە تایبەتمەنـدی چینێکی هەڵبژاردەی مۆدێرن¬یان هەبوو. بە هۆکاری دیکە بە دەسەڵات گەیشتبوون، و لە سەرچاوەی دەسەڵاتەوە سـامان و زانست و پێگەی کۆمەڵایەتییـان دەسـت¬کەوتبوو. مۆدێرنیتـە بـە هەمـوو بانگەشـە یەکسانیخوازانەکەی ، بژاردەخوازییەکی نوێـی جێگرەوەی بژاردەخـوازی نەریتی کـرد. پسـپۆڕان و دەرچووانـی زانکـۆ جێـگای بژاردەکانی پێشـوویان گرتەوە. فۆرم¬گرتنێکی نوێ کە لەسـەر بنەمای عەقلانییـەت و ئـاوەزی رەخنەگرانـە بنیات¬نرابـوو، لێـرە جیـاواز بـوو. کۆمەڵێک بیرتەسکی دەست¬بەسینگ تەنهـا بە هۆی زمان لووسـییەوەوە هەم سـامان¬یان دەسـکەوت و هەم پلەی زانستی. ناکارامەیی و گەندەڵی خەستی بوروکراتیکیـش بەرهەمـی کارەکەیـان بوو. ئەو بەرەنجامـە، دەرفەتی بە بژاردە

پەراوێزخراوەکانی پێشوو دا تا بە هەست بە بەرپرسیارەتییەوە هەوڵی گەڕانەوە بۆ ناوەندی بڕیارەکانی کۆمەڵگا بدەن. لەو پێناوەشدا تێچوویان دا و ئەوە خۆی سەرچاوەی دەرکەوتنی چەشنێکی دیکەی ئیسلامی سیاسی بوو. ئەو ڕەوتە بەپێچەوانەی ڕەوتی پێشوو، بۆ ڕکەبەری و بەربەرەکانی خۆی بەرنامە و پلانی دیاریکراوی هەبوو. زیاتر بیری لە جێگرتنەوە دەکرد و کەمتر گرنگی بە دەقی خەبات و بەربەرەکانی دەدا. گرنگ ئەوە بوو کە حەریف و ڕکەبەری خۆی کەم یان زۆر بە پەیڕەوی لە هەندێک پرەنسیپ وادار بکا کە پێشڕەوی و سەروەری بۆ پیشەکەی ئەو دەگەڕاندەوە. بە دیاریکراوی گەڕاندنەوەی مەرجەعییەتی شەریعەت بۆ کەرتی گشتی و گروپە پیشەییەکەی خۆیان داواکاری سەرەکی ئەوان بوو.

پرسی سێیەم: بەرەنگاری گشتی لەبەرامبەر تەشەنەسەندنی مۆدێرنیتە

ئەو دوو ڕەوتەی پێشوو لەبەرامبەر ئەو مۆدێرنیتەی سەقەت کە لەو وڵاتانەی هاوشێوەی ئێمەدا دەرکەوت و نوسخەگەلێکی ئیسلامی سیاسی¬یان دروست کرد کە تەنها بۆ بەرەنگاری لەبەرامبەر تەشەنەسەندنی جیهانی نوێ بوو. ڕەوتی سێیەم لە ئیسلامی سیاسی بە دوو پرس و مەسەلە دەرکەوت.

یەکەم سەقەتی مۆدێرنیتە بوو و دووەم بەرەنگارێک کە کۆمەڵگای ئێرانی لەبەرامبەر مۆدێرن¬بوون دەیکرد. ڕووناکبیران کە بیریان لە مۆدێلی یوتۆپیایی مۆدێرنیتە دەکردەوە، دیواری ئاسنینی نەریت و جیهان¬زیستی پێشوویان لەبەرامبەر خۆیان¬دا دەبینی. ئەوان کاریان بۆ خوێندنەوەیەک لە نەریت کرد کە تێکهەڵکێشی جیهانی نوێ بێ و تا ئەو ڕادەیە بەرەنگاری نەکات. ئەوان ڕەخنەگری مۆدێرنیتەی دەرکەوتوو و «واقعا موجود»ی کۆمەڵگا بوون و لەپێناو یەک مۆدێرنیتەی بە باوەڕی خۆیان ڕاستەقینە، تێدەکۆشان نەریت و مۆدێرنیتە پێکەوە بگونجێنن، تا ئاڵترناتیوێک بۆ مۆدێرنیتەی سەقەتی وڵاتانی هاوشێوەی ئێرە بەرهەم بێت. ئیسلامی سیاسی لە چەشنی سێیەم بەرهەمی هەوڵەکانی ئەو گروپە بوو.
ئەوان لە ناخی جیهان¬زیستی نەریتی تێدەکۆشان ڕێگایەکی نوێ دروست بکەن. سەرکەوتنیان لەوەدا بوو کە توانی¬بوویان جیهان¬زیستی نەریتی بۆ دەسپێک و سەرچاوەی دەرکەوتنیی بگەڕێننەوە. ناسازگارییەکان لەگەڵ سەرچاوەی سەرەکی ئاشکرا بکەن و نیشان بدەن کە چۆن ئەوەی وەک نەریتێکی نەگۆڕ دەردەکەوێ بە درێژایی مێژوو گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و

ریشەی لە بەرژەوەندی گروپی، نەزانی¬ و ویستی تایبەتی هەندێک لایەن هەیە. بەهرە و داهێنانی راقەکارانەیان بەکارهێنا و هەوڵیان دا تا لێکدانەوەیەک لە ئایین بخەنەڕوو کە بەبڕوای خۆیان لەگەڵ سروشتی مۆدێڕنیتەی راستەقینە سازگار بێ. ئەوەی کە بەتەواویتی مۆدێڕن و نوێ بوو، دۆزرایەوە و هەوڵ درا نەریتەکان بە کەرەستەی مۆدێڕن بپیتێنن و دەوڵەمەند بکەن. لە ئاکامدا تێکەڵاویکیان دروست کرد کە بە شۆڕشێکی فکری خەملێندرا. ئەو بەستێنە بەرهەمهێنەری نوسخەی سێیەمی ئیسلامی سیاسی بوو. تایبەتمەندی ئەو نوسخە ئەوە بوو کە زمان و دەربڕینێکی نزیک¬تر لە ناوەڕۆکی کۆمەڵگایان هەبوو بەڵام بە شێوەیەکی بەربڵاو لە خستنەژێر رکێفی جیهانی نەریت سەرکەوتوو نەبوون.

نوسخەی سێیەم، بەپێچەوانەی نوسخەی یەکەم، لە بەربەرەکانی و بەرگری رۆژانە سەرکەوتنی ئەوتۆی وەدەست¬نەدەهێنا، و تەنها ژیانێکی ئارمانی خستبووەڕوو. رێکخستنێکی ئیدئۆلۆژیکی پێکهێنا لە گەڵ هەمووی ئەوانەدا هیچ مۆدێلێکی ئامادە و بەرهەستی لە سەرمەشقی جێگرەوە دروست نەکرد. زیاتر دڵی بە مێژوو خۆش بوو و بەرهەمی خۆی لە رەوتی نەوەستاوەی مێژوویی¬دا دەبینی. بەو پێیە لەگەڵ نوسخەی دووەمی ئیسلامی سیاسیش ناسازگار بوو. رووناکبیران گروپێکی بژاردە نەبوون کە پێگەی خۆیان لەدەست¬دابێ بەڵام گروپێک بوون کە لە داهاتوویەکی ناڕوون¬دا بەدوای پێگەی خۆیانەوە دەگەڕان.

نوسخەی دووەم لە ئیسلامی سیاسی ئەگەرێک بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی نەزمی پێشوو بوو. نوسخەی سێیەم لەشوێن ئەگەرێک لە جیهانی نوێی مۆدێڕنیتە بوو کە نەزمێکی تایبەتی پەیڕەو نەدەکرد و سەرگەردان و بێ¬بنەما پەرەی¬دەسەند. لەهەر جێگایەک کە تێکەڵاوی نەریت بوو داهێنانی نوێی بۆ جیهانی نوێ کرد. لە شوێنێک تێکهەڵکێشی ناسیۆنالیسم و نەتەوەپەرەستی بوو، لە شوێنێکی دیکە تێکەڵاوی بزووتنەوەی چینی هەژاری کۆمەڵگا. لە زۆربەی دەرفەتەکانیش لەگەڵ نەریتەکان و ئایینەکان و بەستێنەکانی فەرهەنگی دەوڵەمەند. رووناکبیران دەیانتوانی دەنگی مۆدێڕن لە ناخی نەریتی ئیسلامی بن بەڵام بریا لە دامەزراندنی جیهانی نوێ لە بەرەنجامی روانینی رەخنەگرانەی خۆیان سەرکەوتووتر کاریان کردبا.

دوا ووتە

نوسخەی یەکەم لەناو ئەو سێیانەی ئاماژەپێکراو، زیاتر بەستێنێک بۆ ژیانی

کۆمەڵانی خەڵک لە کەرتی گشتی¬یە تا نوسخەیەک لە ئیسلامی سیاسی. راستییەکی بەهێز و بەردەوامە کە زمانێکی پاراوی بۆ دەربرین و پێناسەکردنی خۆی نییە. دوو نوسخەکەی دیکە دەکرێ وەک دەربرینی نوسخەی یەکەم ئاماژەیان پێبدرێ. نوسخەی یەکەم، بەبێ دەربرینێکی روون، لەناخی کۆمەڵگادا بوونی هەیە، بەرگری دەکا و لایەنگر کۆ دەکاتەوە. بەڵام تەنها لە ماوەی زیاتر لە یەک سەد ساڵی رابردوو، بە یارمەتی ئەو دوو نوسخەی دیکە، کەوتۆتە کاری سیاسی. نوسخەی دووەم لە ئیسلامی سیاسی لە هەوڵی ئەوە دایە بۆشایی سەرچاوەگرتوو لە تێکرمانی جیهان¬زیستی پێشوو بکاتە دەرفەتێک بۆ دووبارە بنیات¬نانەوەی نەزمی لەدەست¬چوو. نوسخەی سێیەم هەوڵ¬دەدا بۆشایی سەرچاوەگرتوو لە نەبوونی جیهان¬زیستی پێشوو بکاتە هێزێکی وەبەرهێنەر لە جیهانی نوێ و دەوڵەمەندتری بکات. شۆڕشی ئێران بەرهەمی هاوپەیمانی کاتی نێوان ئەو سێ هێزە بوو، بەڵام بەخێرایی ئەو هاوپەیمانییە لێک¬ترازا و نیزامێک کە دوای شۆڕش جێگیر بوو، بەرەنجامی هاوپەیمانی نوسخەی یەکەم و دووەمی ئیسلامی سیاسی بوو. نوسخەی سێیەم بەتەواوی لە مەیدان دەرکرا و ئیمکانی لێدوان و بانگەشەشی تەقریبەن نەما.

ئیسلامی سیاسی¬کراوی ئەمڕۆ لە چوارچێوەی ئیسلامی ناسراوی وڵاتی ئێمە دەرچووە. ئەو دەرکەوتنەی ئیسلام لە قالبی ئەلقاعەدە و داعش لەخۆی نیشان¬داوە، مەسەلەی ئیسلامی سیاسی کردۆتە پرسێکی جیهانی. ئیسلامی سیاسی تەنانەت لە چوارچێوە وڵاتانی ئیسلامیش ئەولاتر چووە. ئورووپا و ئەمریکاش وەک پرسێکی ناوخۆیی تاوتوێی دەکەن. فیلسوفان و بیرمەندان باس لە ئیسلامی سیاسی وەک پرسیکی گرنگی جیهانی ئەمرۆ دەکەن.

بەردەوامی پەرەی ئیسلامی سیاسی، بیرۆکەی سکولاربوونی ئیسلامی رۆژ لەگەڵ رۆژ کەم¬بایەخ¬تر کردووە. یۆتۆپیای گۆڕینی ئیسلام بۆ ئایینێکی تاکەکەسی و تایبەت بە پەیوەندی نێوان بەندە و خودا، دەست¬وێرانەگەیشتووتر لە جارانە. لە وەها دۆخێک¬دا چارەیەک جگە لە روانینێکی رەخنەگرانە بە مەبەستی نۆژەن¬کردنەوەی ئیسلام و دووبارە بنیاتنانەوەی بەدی ناکرێ. هەڵبەت ئەوە بەستراوەتەوە بەوەی کە روانینێکی رەخنەگرانەمان بە مەبەستی دووباره بنیات¬نانەوەی مۆدێرنیتەش هەبێ. خاڵی سەرنجراکێش ئەوەیە کە هابرماس دان بەوە دادەنێ کە کردنەوەی دەرگای وتوویژ لەگەڵ ئیسلامی سیاسی

بەستراوەتەوە بە دووبارەبنیات¬نانەوەی ڕەخنەگرانەی مۆدێرنیتە. ناوبراو بە لێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە پرۆژەی فەلسەفی مۆدێرنیتە هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە دەهێنێتەوە بەرچاو و باس لە هەڵاواردنێکی ئاشکرالەهەمبەر بڕواداران دەکات. هابرماس لەسەر ئەو باوەڕەیە کە تەنها بە فۆڕم¬پێدانەوەی مۆدێرنیتە بە شێوەیەک کە ماف بۆ ئیمانداران قایل بێ، دەکرێ ئومیدی ئەوەمان هەبێ کە لەگەڵ ئاسۆکانی ئایینی وتووێژ بکرێ. بنیات¬نانەوەی لێکدانەوەی سیاسی¬کراوی ئیسلام، پێویستە بە تێگەیشتن لە بەرەوپێش¬چوونە دەروونییەکانی ئیسلام بێ. دووانە وێناکردنی ئیسلامی سیاسی و ئیسلامی ناسیاسی ئەو دەرفەتە لەبار دەبا. ئاوڕدانەوە لە تەجروبەکانی چوار دەیەی ڕابردوو، ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی نوسخە جیاوازەکانی ئیسلامی سیاسی، و هەوڵدان بۆ خوێندنەوەیەکی نوێ کە سەرچاوەگرتوو لە تەجروبەکانی پێشوو بێ و وەک دەنگێکی نوێ، کار بۆ دەوڵەمەندکردنی چەمکەکانی جیهانی نوێ بکا، ڕێگاچارەیەکە کە لە بەردەم ئێمەمانان دایە.

# بووژانەوەی کوردەکان
## بەهۆی سەرهەڵدانی داعش و توندبوونەوەی قەیران لە ڕۆژهەڵاتی ناوین

**ئەردەشیر پەشەنگ**
توێژەری باڵا لە ناوەندی نێونەتەوەیی توێژینەوەکانی ئاشتی (IPSC) و توێژەری میوان لە ناوەندی توێژینەوە ستراتێژییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین

**وەرگێر: هەژیر تورجانی**

پـوختـــە
جەنگـەکان بـەردەوام لـە ناخ و بـەدوای خۆیانـدا ئـاکام و بەرەنجامـی جیاوازیان لێکەوتۆتەوە؛ لەلایـەک مەرگی مرۆڤەکان، ئاوارەیی، خۆبەدەسـتەوەدانی کۆمەڵێک لەبەرامبەر کۆمەڵێکیتر، پێشـێلکردنی زیاتـری مافەکانی مرۆڤ و ... بەدواداهاتووە و لەلایەکی دیکە بوونەتە هۆی گۆڕانکاری لە پێشـکەوتنی سـەنعەتی و تیکنۆلۆژی تـا دەگاتـە مودێلـە نوێیـە سیاسـی و حوقووقییـەکان و ... وەک بڵێـی پاش هەر

جەنگێک دونیایەکی نوێ سەرهەڵدەدا. بەجۆرێـک زۆربـەی نـەزم، پێوەندی و پێکەوەهەڵکردنە نێونەتەوەییەکان تاکوو کێشرانـی سـنوورە نێونەتەوەییـەکان، بەهـۆی کاریگەریـی شـەڕەکان و گۆڕانکارییەکانـی سـەرچاوەگرتوو لـە جەنگەکانەوە بـووە. دەکرێ چڵەپۆپەی ئەم پرسـە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و قۆناغە جیاجیاکانـی بەدیبکـرێ. لەڕاسـتیدا، جەنگـەکان بۆ ژمارەیەک وەک دەرفەت و بـۆ ژمارەیەکـی دیکە وەک هەڕەشـە بـووە و هەرواش دەبێ؛ بـەڵام بێگومان ڕوودانـی جەنگ و قەیـران بۆ گرووپ و ڕۆڵگێـڕە ناڕازییەکان لە دۆخـی ئارایی، گەرچی لەلایەک دەتوانێ زۆر پڕمەترسی و کارەسـاتبار بێ، بـەڵام لەلایەکیترەوە دەتوانـێ هەڵگـری دەرفەتگەلێکـی شـاراوە بـۆ گۆڕینـی دۆخـی ئارایی بێ. وێدەچـێ کـوردەکان لـە ڕۆژهەڵاتـی ناویـن و بەتایبەتی لـە دوو وڵاتی ئێراق و سـووریە پاش سـاڵانێکی دووروودرێژ و ڕوودانـی قەیرانگەلـی جۆراوجـۆر کە زیاتر و ئەگـەر بەبوێرییەوە باس بکرێ، بەبەردەوامـی بـە زیانیـان تەواوبـووە، بەڵام ئێستا کەوتوونەتە دۆخێکی نوێوە، دۆخێک کە سـەرچاوەکەی بـۆ قەیرانە هەنووکەیـی و قووڵەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناویـن دەگەڕێتـەوە، ئەمـەش دەتوانێ بـۆ ئـەوان دەرفەتخولقێـن بـێ. لەم نێوانەدا سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی و ناسەقامگیرییەکانی سەرچاوەگرتوو لەو پێشـهاتانە، لە باکووری ئەفریقاوە تاکوو قووڵایـی خۆرهەڵاتی ناوینـی عەرەبی و پاشـان سـەرهەڵدانی داعـش کە خۆی تێکدەرێکـی نوێـی نەزمـی پێشـووی ڕۆژهەڵاتی ناوینە و گەرچی نووکی تیژی نێـزەی پەلامـار و ڕووبەڕووبوونەوەکانی ئـەم ڕێکخـراوە، کوردەکانـی کردۆتـە ئامانج، بەڵام خـودی ئەمەش بواری بۆ گۆڕانـکاری لە ڕۆژهەڵاتـی ناوین خۆش کردووە؛ گۆڕانکاریگەلێک کە هەندێ لە ڕێبەرانی سیاسیی کورد وەکوو مەسعوود بارزانی، سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتان، وەک «لەڕێدابوونی گۆڕانکاریی گەورە» نـاوی دەبـەن: گۆڕانکاریگەلێـک کـە لەوانەیە چارەنووسـی کـوردەکان لەچاو ڕابـردوو تووشـی گۆڕانـی بنەڕەتـی بکا کـە گرینگتریـن و ڕێتێچووترینیـان دەسـتەبەربوونی «مافـی دیاریکردنـی چارەنووس» لە باکووری ئێراق دەبێ.

## پێـشەکی

لە کاتی ڕوودانی شەڕی چاڵدران (١٥١٤ی زایینـی)ی نێـوان دوو ئیمپراتـۆری ڕقەبـەری عوسـمانی و سـەفەوی و، تێکشکانی لایەنی ئێرانی، بەکردەوە سێ لەسـەر چواری ناوچە کوردنشینەکان بۆ هەمیشە لە ئێران جیابوونەوە. چاڵدران ناوچەیـەک لەناو دڵی کوردسـتان بوو و کوردەکان سپاگەلێکیان لەناو دوو لایەنی

ململانێیەکـەدا هەبوو، ململانێیەک کە یەکەمین زەبری کاریی بۆ جیاکردنەوەی سیاسـیی ئەم ناوچانە، لەوان وەشـاند. پاشـان لـە سـەرەتاکانی سـەدەی نۆزدەهـەم بـە پووکانـەوەی بەرەبەرەی ئیمپراتۆریـی عوسـمانی و بەتایبەتی بە شـکانی لە جەنگی جیهانیـی یەکەمدا، شـایەتی دابەشـبوونی زەویـە دابڕاو و داگیرکراوەکانـی ژێـر دەسـەڵاتدارەتی ئـەم ئیمپراتۆرییە دەبین، کە ئەم بابەتە بـۆ کـوردەکان، چارەنووسـێکی تاڵتری بەدواوەدەبـێ؛ چونکـە بەپێچەوانـەی زۆربـەی گرووپە ئەتنیکـی، نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی ژێر چەتری عوسـمانی کـە بوونە خاوەنی ئاڵا و وڵات و دەوڵەتی خۆیان، کوردەکانی ژێر دەسـەڵاتدارەتی عوسـمانی بـە چەنـد هۆکارێـک کە لە پەیمانـی لۆزانیش‌دا هاتـووە، بەکردەوە بەسـەر سـێ وڵاتـی تورکیـە، ئێـراق و سووریەیدا دابەش‌بوون و لەگەڵ ناوچە کوردستانییەکانی ئێران، بەکردەوە بوونە چوار بەشی جیا لە یەک.

لە ماوەی سـەدەی بیسـتەمدا، پرسـی کورد یەکێـک لەو پـرس و قەیرانە زۆر و جیاوازانـەی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە چوار وڵاتی تورکیە، ئێراق، سووریە و ئێران بووە. هەڵبەتـە گرینگیی ئەم بابەتە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانـدا جیاواز بـووە، بەڵام لە زۆربەی کاتەکاندا ئەم قەیرانانە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی پرس و قەیرانە گەورەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوین. درێژەکێشانی سـەردەمی دەوڵەت‌سـالاریی لـە پێوەندییـە نێونەتەوەییەکانیشـدا بووە هـۆی ئەوەیکـە کەمەنەتـەوەکان و پرسەکانیان لەم وڵاتانەدا، گرینگییەکی کەمتریـان بـۆ دەوربگێـڕە گرینگەکانی دیکـەی نێونەتەوەیـی و ڕێکخـراوە نێونەتەوەییەکانـی وەک کۆمەڵـەی نەتـەوەکان و ڕێکخـراوی نەتـەوەکان هەبێ. بـەم پێیە، پرسـی کـورد جیا لە دوو برگەی جیاوازیی زەمەنی لە دەیەی ١٩٧٠ و سـەرەتاکانی ١٩٩٠، کەمـتر بۆتە جێی سـەرنج و بایەخـی ڕۆڵگێڕانی بان‌ناوچەیی و بـە دەربڕینێکیتر، کەمتر وەک قەیرانێکی ئەسـتەم کە پێویستیی بە بوونـی ئیرادەیەک بۆ چارەسـەرییە، چاوی لێکراوە.

بـەڵام کـۆی گۆڕانکارییەکانـی دەیەی کۆتاییسەدەی‌بیستەم کەلێکهەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤییەت و گۆڕینی سیستمی زاڵی دووجەمسەری لێکەوتەوە، هاوکات بوو لەگەڵ شەڕاشۆییە نوێیەکانی ئێراق لە باشـووری کەنداوی فارس و هەروەها گۆڕانکارییەکانـی یەکەمین سـاڵەکانی سەدەی بیست و یەک، بۆ وێنە هێرشی ئەمریکا بۆ سـەر ئەفغانسـتان و ئێراق، چوونەسەرێی ڕقەبەرایەتیی نێوان وڵاتانی بەهێزی ناوچە بـۆ بوونە هێز و دەوڵەتی

دەسەڵاتداری ناوچەیی لە سەردەمی نوێی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان، زۆربوونی ناکۆکییە شوناسییەکانی ئەتنیکی و مەزهەبی ـ بەتایبەتی ناکۆکیی نێوان شیعە و سوننی ـ سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی و لێکەوتنەوەی ناسەقامگیریی لەڕادەبەدەر لە زۆرێک لە وڵاتانی ناوچە و سەرهەڵدانی نموونەیەکی نوێ لە ڕادیکالیزمی ئیسلامی کە بە نواندنی توندوتیژی بە شێوازی سەدەکانی ناوەڕاست، بەنیازی دامەزرانی خەلافەتێکی ئیسلامی پاش نزیک بە ۹ دەیە لە هەڵوەشانەوەیەتی، کۆی ئەمانە دەستیان داوەتە دەستی یەک تاکوو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و ناوچە کوردستانییەکان بەتایبەتی لە سێ وڵاتی ئێراق، سووریە و تورکیە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و لە ئێران بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆتر تووشی گۆڕانکاریی نوێ بن. لەڕاستیدا لەم وتارەدا بەنیازم بەکەڵکوەرگرتن لە تیۆریی «جەنگ و گۆڕان» (War and change) کە لەلایەن «گیلپین»ەوە هاتۆتە بەرباس، ئیددیعای ئەوە بکەم کە گەڕی نوێی قەیرانەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوین کە هاوکاتە لەگەڵ جۆرێک تەنگەژە، توندوتیژی و شەڕە ناوخۆییە پەرەستێنەکان بۆ ناوچەکانی دیکە، لە ناخی خۆیدا بۆ کوردەکان سەرەڕای بوونی هەڕەشە سەختەکانی، دەرفەتێکی بێوێنەی مێژووییشی بۆ ئەوان ڕەخساندووە؛ تا لەلایەکەوە ڕۆڵی نوێی خۆیان لە ناوچە و لە ئاستی نێونەتەوەیی بگێڕن و لەلایەکی دیکەوە بکەونە بیری سەرکەوتن بەسەر دۆخی نەخوازراوی پێشووی خۆیان لە ناوچە جۆراوجۆرەکاندا و دەستەبەرکردنی دۆخیکی دڵخوازتر. لەم گۆڕانی بارودۆخەدا، تراژیدی و حەماسە بۆ کوردەکان بەشێوەی هاوکات لێکئاڵاون و دۆخی دڵخواز بۆ هەندێک لەوان بەواتای مسۆگەرکردن یان لانیکەم نزیککەوتنەوە لە مافی بەرامبەر لەگەڵ دانیشتوانی دیکەی وڵاتەکەیان هەڵبەت بە پاراستنی شوناسی کوردیی خۆیانەوەیە و بۆ بەشێکی دیکەیان دۆخی دڵخواز بەمانای لەدایکبوونی دەوڵەتێکی نوێ و هەڵدانی بەفەرمی ئاڵایەکی نوێ بەناوی کوردستان لە ئاستی نێونەتەوەیی دایە. بەسەرنجدان بە زۆریی ڕۆڵگێڕەکان و ناوچە کوردنشینەکان، بەربڵاویی باسەکە و نەبوونی کات، لێرەدا لە نێوان چوار ناوچەی جیاوازی کوردنشین، تەنیا ئاماژە بە تاوتوێی کاریگەریی سەرهەڵدانی ڕادیکاڵیسمی داعشی لەسەر ناوچە کوردستانییەکانی ئێراق و دەرەنجام و دوورەدیمەنەکانی دەکەین و هیوادارم وتارێکی پوختتر کە سێ بیاڤی کوردنشینی دیکەش لەخۆبگرێ، لە

یەکێک لە بڵاقۆکە زانستییەکانی وڵات بڵاوبکەمەوە.

## لێکدانەوەی ڕووداو

هەرێمی کوردستان بەرلە قەیرانەکانی ئەمدواییە و سەرهەڵدانی داعش

بێگومان درێژخایەنترین و کاریگەرترین جووڵانەوەی خەباتکارانەی کوردەکان لەماوەی ئەم سەد ساڵەی دواییدا، لە باکووری ئێراق هاتۆتەئاراوە. جووڵانەوەیەک کە دوو ساڵ پاش بڵاوبوونەوەی نافەرمیی ڕێککەوتننامەی سایکس ـ پیکۆ و دوو ساڵ بەر لە دامەزرانی ئێراق دەستی پێکرد، بەڵام تا ساڵی ١٩٥٨ بەردەوام لەلایەن دەوڵەتی بریتانیا، دەوڵەتی سەرپەرشتیکار و دواتر هاوپەیمانی ئێراقی نوێ و هاوپەیمانانی عەرەبی سوننی بەغدانشینەکەیەوە سەرکوت کراوە، لە ١٩٦١ بە ڕێبەریی مەلا مستەفا بارزانی ئەم جووڵانەوەیە، خوێنی تازەی وەبەرهاتەوە و لە ١٩٦٨ کە حیزبی بەعس بە کوودەتا هاتەسەرکار، بەسەرنجدان بە تێفکرین و بیرۆکە دژەئێرانییەکانی بەڕێوەبەرانی ئەم دەوڵەتە، بوونە هۆی ئەوەیکە تاران بەکردەوە بۆ گوشار خستنەسەر بەغدا، پشتیوانی لە شۆڕشی کوردەکان بکا، هەڵبەتە ئەم پشتیوانییە چرای سەوزی ئەمریکاشی لەگەڵ بوو و تەنانەت ساواک لەو سەردەمەدا بواری بۆ پێوەندیی مووساد لەگەڵ کوردەکانیش خۆش کرد.

بەڵام بە واژۆکردنی پەیماننامەی ١٩٧٥ی ئەلجەزایر، لە نێوان محەممەدڕەزا پەهلەوی و سەددام حوسەین، کە لە کردەوەدا بە مانای پشتتێکردنی شا لەو کەسانە بوو کە تا ماوەیەک لەوەپێش بە «برایانی ئاریایی» ناوی دەبردن و ئەو واژۆکردنەش بووە هۆی شکانی جووڵانەوە و هەرەسهێنانی. بەڵام چوار ساڵ دواتر بە سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران و پاشان ڕوودانی شەڕ لە نێوان ئێران و ئێراق، باشترین دەرفەتی گونجاو بۆ بووژانەوەی جووڵانەوەی خەباتکارانە و نەتەوەییانەی کوردەکانی ئێراق بە پاڵپشتیی ئێران پێکهات. لە دەیەی ١٩٩٠یش هێرشی ئێراق بۆ سەر کوەیت و دواتر ئیدانەکرانی ئەم وڵاتە لەلایەن کۆمەڵگەی جیهانییەوە، بووە هۆی ئەوەیکە ئەمجارە بەپێچەوانەی قۆناغەکانی پێشوو، سەرکوتی کورد و عەرەبە شیعەکان پەردەپۆش نەکرێ و ئەنجومەنی ئاسایش بە دەرکردنی بڕیارنامەی ٦٨٨ کە جەختی لەسەر پێکهێنانی ناوچەی دژەفڕین لە باکوور و باشووری ئێراق دەکردەوە، بەکردەوە بواری بۆ بەهێزبوونی کوردەکان و

پێکهێنانی دەوڵەتێکی نیمچەئۆتۆنۆمی بۆ ئەوان رەخساند.

هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئێراق لە ٢٠٠٣، بەفەرمی بووە هۆی گۆڕینی سیستمی زاڵ بەسەر ئەم وڵاتە و چوونەدەری کەمایەتیی عەرەبی سوننی لە قووچکەی دەسەڵات و پێسپاردنی بە شیعە و کوردەکان. هەر لەو سەروبەندەدا سیستمی دەسەڵاتدارەتی لە ئێراق بۆ سیستمی کۆماری فیدراڵ دەگۆڕێ و باکووری ئەم وڵاتە بەفەرمی وەک «ناوچەی هەرێمی کوردستان» کە خاوەنی دەسەڵاتی بەرچاو بووە و هەیە، لەناوخۆ و دەرەوە لەباری حوقووقییەوە رەسمییەتی پێدرا.

بەڵام سەرەڕای هاوپەیمانیی کوردەکان و شیعەکان و پیکهێنانی دەوڵەتی نوێ و سەقامگیربوونی سیستمی نوێ لەم وڵاتەدا، ناکۆکییەکان سەرهەڵدەدەن و پەرەدەستێنن، ناکۆکیگەلێک کە زۆربەی پێکهاتەییە و ڕیشەی بۆ رابردوو دەگەڕایەوە، گرینگترینی ئەو ناکۆکییانە دیاریکردنی چارەنووسی ناوچە جێناکۆکەکان بوو، ناوچەگەلی وەک کەرکووک، خانەقین لە دیالە، دووزخورماتوو لە سەلاحەدین و ناوچەگەلێکی وەک شنگاڵ لە پارێزگای مووسڵ کە کوردەکان ئیددیعای ئەوە دەکەن لەباری مێژووییەوە ئەم شارانە کوردنشینن و زۆربەی حەشیمەتی ئێستایان لە کوردەکان پێکدێن و لە سەردەمی حکوومەتە جۆراوجۆرەکانی ئێراق و بەتایبەت لە سەردەمی بەعسدا، هەوڵ دراوە لە ڕێگەی بەعەرەبکردن، کۆچی زۆرەملێی کوردەکان و سیاسەتی زەوییە سووتاوەکان، دێمۆگرافییەکەیان بگۆڕن. لایەنەکان بۆ رەواندنەوەی ئەو رەوتەش، سەرەتا ماددەی ٥٨ی دەستووری بنچینەیی کاتی و پاشان ماددەی ١٤٠ی دەستووری بنچینەییان بۆ تەرخان کرد، تاکوو بەپێی ماددەی ١٤٠ لە ساڵی ٢٠٠٧ و لە پرۆسەیەکی سێ قۆناغیدا چارەنووسیان دیاری بکرێ، بەڵام دەوڵەتی ناوەندیی ئێراق بە سەرۆکوەزیریی کاتیی نووری مالکی، هیچکات بەکردەوە لەم پێناوەدا هەنگاوی نەنا. پرسی پێشمەرگە، پرسی ئاڵا، پرسی بوودجە و لێکدانەوەی دژبەیەک سەبارەت بە دەستووری بنچینەیی و دواتر پرسی نەوتیش، لەو کێشانە بوون کە ناکۆکییەکانی نێوان کوردەکان و دەوڵەتی ناوەندی دوهێندە زیادکرد.

## کاریگەریی سەرهەڵدانی داعش لەسەر کوردەکانی باشوور

هەربەوجۆرەی ئاماژەی پێکرا، قەیران و ڕووداوەکانی ئەمدواییە بۆ کوردەکان، هاوکات هەم تراژیک بووە، هەم

حەماسەخولقێن، هەم لێوانلێو لە هەڕەشەیە و هەمیش دەرفەتخولقێن. بەوجۆرەی کە دەزانین، داعش لە کەمتر لە حەوتوویەک توانی دەست بەسەر زیاتر لە سەتا چلی خاکی ئێراقدا بگرێ و شارگەلێکی گرینگی وەک مووسڵ، تکریت و ڕۆمادی داگیربکا و تەنانەت بگاتە جەلەولا لە ٤٢ کیلۆمیتریی سنوورەکانی ڕۆژاوای ئێران. لەم سەروبەندەدا، ئێراق بەشێوەی کتوپڕ بەسەر سێ ناوچەی جیاوازدا دابەش بوو و کوردەکان خۆیان لە سنوورێکی ١٠٤٠ کیلۆمیتری لەگەڵ دراوسێیەکی نوێ بەناوی داعش دیتەوە. داعش لە قۆناغی یەکەمی هێرشەکانیدا، زیاتر بەدووی داگیرکردنی شارە سوننینشینەکان و پاشان دەستبەسەرداگرتنی بەغدا بوو، بەڵام لە کاتێکدا لە مەودای چەند کیلۆمیتری بەغدا بوون، لەناکاو ئاراستەی پەلامارەکانیان گۆڕی و بەرەو کوردستان لەشکرکێشیان کرد و لە ماوەیەکی کورتدا شاری ئێزەدینشینی شنگاڵ و شارەکانی دیکەی وەک زومماریان داگیرکرد و لە کەمتر لە ٥٠ کیلۆمیتری هەولێر جێگیربوون! و، هەڵبەتە لەو قۆناغەدا داعش دەستی لە کوشتنی بێبەزەییانەی پیاوانی ئێزەدی و دەستدرێژیی ڕێکخراو بۆ سەر ژنانی دیلی ئەوان نەپاراست و دواتر کە شنگاڵ ئازادبوو، گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ئێزەدییەکان یەکلەدوایەک هەڵدەدرێنەوە. کاریگەریی دیکەی داعش پەلکێشکردنی کەسانێک لەناو کوردەکان و زیاتر لە ناوچە کەمتر پەرەسەندووەکانی وەک هەڵەبجە بوو کە دەوترێ لانیکەم ٥٠٠ کوردی باشوور لەم دوو ساڵەی دواییدا پەیوەست بە ریزەکانی داعش بوون.

بەرەنجامە نەرێنییەکانی داعش بۆ کوردەکانی باشوور

گەرچی گرووپە رادیکاڵە ئیسلامگەراکان لە ئێراق و سووریە، بەرەبەرە ڕێکخران و بەهێز بوون، بەڵام حکوومەتی ئیسلامیی ئێراق و شام (داعش) کە خۆی لەو بەستێنەوە و لە ناخی چەندین گرووپی دیکەوە هەڵقوڵا، توانی لەژێر ئەو ناوەدا بەخێرایی و کارەبائاسا پەلوپۆ بهاوێ. داعش لە مەودایەکی کورتدا لە بەهاری ٢٠١٤دا توانی دەستبەسەر لانیکەم سەتا چلی خاکی ئێراق و داگیرکردنی شارە گرینگەکانی وەک مووسڵ، تکریت و ...دا بگرێ. داعش کە لە سەرەتادا ناوچە عەرەبنشینەکانی وەک بەغدای کردبووە ئامانج، پاش ماوەیەک لەناکاو ئاراستەی هێرشەکانی گۆڕی و بەرەیەکی نوێی دژی کوردەکان پێکهێنا.

ئەم پەلامارە لێکەوتە و ئاکامی مەنفی جۆراوجۆری بۆ کوردەکان بەدواوە بوو کە

دەکرێ بەمجۆرە دیاریبکەین:
١ـ داسەپاندنی شەڕێکی نەخوازراو بەسەر هەرێمی کوردستاندا
٢ـ پەرەسەندنی نائەمنی لە کوردستان
٣ـ پچڕانی زۆربەی ڕێگاکانی پێوەندیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سووریە و دەوڵەتی ناوەندی
٤ـ چوونەسەری تێچووە ئابوورییەکان
٥ـ چوونەسەرێی ژمارەی ئاوارەکانی سووری، عەرەبی ئێراقی، مەسیحی و کوردی ئێزەدی
٦ـ یارگیریی لە نێوان گرووپە ئیسلامگەراکانی دژبەر و یان ڕەخنەگری سەرسەختی هەرێمی کوردستان
٧ـ کەمبوونەوەی داهاتەکانی سەرچاوەگرتوو لە گەشتیاری
٨ـ کەمبوونەوەی پرۆسەی ڕاکێشکردنی سەرمایەگوزاریی دەرەکی

## دەسکەوتەکان بۆ کوردەکان:

هەربەوجۆرەی ئاماژەی پێکرا، سەرهەڵدانی داعش بۆ کوردەکان، لە تەنیشت ئەو مەترسی و تراژێدیيانەی کە هەیبووە، هاوکات دەرفەتگەلێکی بێوێنەشی بۆ خولقاندوون کە بەو هۆیەوە کوردەکان توانیویانە لە چەند بواردا سەرکەوتنی بەرچاو دەستەبەر بکەن، کە لێرەدا ئاماژە بە ژمارەیەکیان دەکەین:

### ١. بەنێونەتەوەیی‌بوونی پرسی کورد:

پاش داگیرکرانی شنگاڵ و ئەو کارەساتانەی کە بەسەر کوردانی ئێزەدیدا هات و کۆچکردنیان بەرەو شاری مەسیحی‌نشینی قەرەقووش، بینیمان کە شەپۆلێکی هاودەردیی نێونەتەوەیی لەگەڵ کوردەکان هاتەئاراوە. پرسی کۆبانی لە ڕۆژاوای کوردستان، توانی ڕەهەندی نێونەتەوەیی و سەرنجی میدیاکان بۆ ئەم پرسە دووهێندە بکا. لەڕاستیدا، بەڕای من، لە ماوەی ئەم یەکسەد ساڵەی دواییدا، پرسی کورد تەنیا سێ جار بەنێونەتەوەیی کراوە: یەکەمجار دەگەڕێتەوە بۆ دژکردەوەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەبەرامبەر کیمیابارانی هەڵەبجە، دووەمجار لە بەرامبەر شنگاڵ و دژی کوردانی ئێزەدی هاتەئاراوە و سێهەمین جاریش کاتێک بوو کە لە لایەنی تراژیکەوە چووە قۆناغی حەماسی واتە لە کاتی بەرگریی مێژوویی کوردەکان لە کۆبانی لە بەرامبەر داعشدا.

### ٢. داگیرکردنی ناوچە جێناکۆکەکان

ئەرتەشی پۆشتەوپەرداخی ئێراق، بەبێ ڕووبەڕووبوونەوە شارەکانی مووسڵ و ڕۆمادی چۆلکرد، هەروەها ئەم هێزانە بێ‌سێ‌ودوو لەبەرامبەر داعشدا،شارەکانی کەرکووک، شنگاڵ، خانەقین، جەلەولا،

سـەعدیە و ... بەبێ تێکهەڵچوون جێهێشت، لەو سەروبەندەدا، پێشمەرگە بـەر لـە هاتنـی داعـش توانیـان لـە کەرکووک، شنگاڵ و خانەقین جێگیربن و نەیانهێشـت ئـەو شـارانە بکەویتـە دەست داعش. بەڵام مووسڵ، ڕۆمادی، تکریـت و ... یەکبەدوای‌یەکدا کەوتن و داعش دەسـتی بەسـەرداگرتن. دواتر شنگاڵ بۆ ماوەی ١٥ مانگ کەوتە دەست داعش و پاشـان کەوتەوە دەسـت هێزە کوردییەکان. ئێستا زیاتر لە سەتا ٩٥ی ناوچە کیشەلەسەرەکان، بە دەست هێزە کوردییەکانەوەیـە و لە ڕوانگەی هەندێ لە ڕێبەرانـی وەک مەسـعوود بارزانی و تەنانەت هەندێ لە ڕێبەرانی یەکیەتیی نیشـتمانی، مـاددەی ١٤٠ بەکـردەوە جێبەجێبووە.

## ٣. دەستەبەرکردنی پاڵپشتیی دیپلۆماتیکی نێونەتەوەیی

دەسـکەوتێکی گرینگی دیکە پاڵپشتیی بەرچـاوی دیپلۆماتیکـی نێونەتەوەییە. تەنانەت پاش سەرهەڵدانی داعش، ئێمە دەبینیـن کـە داواکاریی نـووری مالکی بۆ هەنگاوی بەکردەوە و دەسـتێوەردانی ئەمریکا و ڕۆژاوا لە ئێراق هێندە بە گرینگ ناگیـرێ، بەڵام بـە لەمەترسـی کەوتنی ئاسایشـی هەرێمی کوردستان، دەبینین سـێ وڵاتی ئەمریکا، بریتانیا و فەرەنسا، دەزبەجێ پشتیوانیی خۆیان لە هەرێمی کوردسـتان و دواتـر لـە دەوڵەتی ئێراق دەردەبڕن. لەو ماوە زەمەنییەدا، هەولێر دەبێتە ناوەندێکـی گرینگی پڕهاتوچۆی سـەفەری دیپلۆماتیکـی بەرپرسـانی جۆراوجـۆری نێونەتەوەیـی و ناوچەیی؛ ئامادەبوونی سەرۆکوەزیران و و وەزیرانی دەرەوەی ئەورووپایـی و تەنانـەت یەکەمیـن سـەردانی فەرمیـی وەزیری دەرەوەی ئێران و دواتر سەرۆکی پارلمانی ئەو وڵاتە بۆ هەرێمی کوردسـتان، خۆی پیشـاندەری سـەرکەوتنی دیپلۆماسیی کـوردەکان بـووە. ئـەم بابەتـە تـای تـەرازووی لـە گۆڕانکارییـە ئەکتیڤ و هەنووکەییەکانـی ئێـراق تاڕادەیـەک بەقازانجی ئەوان قورس کردووە.

## ٤. کڕینی فەرمیی چەکوچۆڵی سەربازی

یەکێکـی دیکە لـە سـەرکەوتنە بەرچاو و دیارەکانـی کوردەکان کـە بەرەنجامی سەرهەڵدانی داعشـە، کرانەوەی کەناڵی فەرمـی کڕیـن و وەرگرتنـی چەکوچۆڵی پێشـکەوتووتر لە وڵاتانـی جۆراوجۆری ئورووپای ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات و تاڕادەیەک ئەمریکایـە. بابەتێـک کـە بەرلـەوە بۆ کوردەکان بەهیچ شـێوەیەک مەیسـەر نەبـوو. زۆربەی چەکوچۆڵـی کوردەکان قەدیمی و هی کاتی ڕووخانی ئەرتەشـی سـەددام لـە سـاڵی ٢٠٠٣ بـوو، بـەڵام

ئێستا ئەو دەرفەتەیان بۆ ڕەخسابوو، چەکوچۆڵەکەیان نوێ و بەڕۆژ بکەنەوە. لەبەرامبەردا دەوڵەتی ناوەندیی ئێراق لەم ڕەوتە نارازییە و تا ئەو جێیەی بۆی کرابێ پێشی بە ڕادەستکردنی ڕاستەوخۆی چەکوچۆڵ و تەقەمەنی بۆ پێشمەرگە گرتووە.

## ٥. بوونی پێشمەرگە بە هێزێکی جێی متمانە

باشتربوونی سیمای گشتیی کوردەکان و بەتایبەتی پێشمەرگە، یەکێکی دیکە لە دەسکەوتە گرینگەکان بۆ هەرێمی کوردستان بووە. زۆربەی ڕاقەکارانی سەربازی و بەرپرسانی باڵای ڕۆژاوا و تەنانەت سۆڤییەتی، کوردەکان بە گرینگترین هێزی سەربازیی لەسەر زەوی بەدژی داعش لەقەڵەم دەدەن. هەر بەم پێیە ستراتێژیی هێرشە ئاسمانییەکان و هێرشەکانی سەر زەوی لەلایەن پێشمەرگەوە، بۆ ئەوان ئەنجام و دەسکەوتی بەرچاوی لێکەوتۆتەوە. دەتوانین بڵێین ڕۆژاواییەکان بە گرتنەبەری ئەم ستراتێژییە کە هاوکات لە ئێراق و سووریە جێبەجێی دەکەن، پێویستییان بە دابەزاندنی هێزی سەربازی نەکردووە و بەکردەوە تەنیا پشت بە هێرشە ئاسمانییەکان و دانی چەکوچۆڵ دەبەستن، چونکە ئەوان بەتوندی لە دووپاتبوونەوەی ئەزموونەکانی شەڕ لە ئەفغانستان و ئێراقی پاش ٢٠٠٣ نیگەرانن.

## ٦. پێکهاتنی چەشنێک هاوپێوەندیی ناوخۆیی لە نێوان کوردەکاندا

پرسی کوردەکان لەم چوار وڵاتەدا، لەلایەکەوە هەڵگری جۆرێک پێوەندی و لێکگرێدراوێتیە و لەلایەکیترەوە هەرکام لەم بەشانە خاوەنی تایبەتمەندی و هەندێجار چارەنووسی جیاوازن، وێدەچێ سەرهەڵدانی داعش و هێرشی ئەم ڕێکخراوە بۆ سەر ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، بووبێتە هۆی ئەوەیکە بۆ یەکەمین جار کۆمەڵ و حیزبە کوردییەکانی هەر چوار بەش، لە یەکڕیزدا و سەرەڕای هەبوونی کێشە و هەڵوێستی جیاواز، شانبەشانی یەک بجەنگن؛ لە شنگاڵ، لە باشووری کوردستان و لە کۆبانی ئەم بابەتە بەباشی خۆی دەرخست.

## ٧. بوونە ڕۆڵگێڕێکی دیار لە ڕۆژهەڵاتی ناوین

کۆی ئەم بابەتانە، ئەم ڕاستییەمان پێدەڵێن کە کوردەکان لە ئێراق و هەڵبەتە سووریە، بوونەتە دەورگێڕێکی جیددی و لۆکاڵی، کە ئێستا ئیتر ناکرێ لە وتوویژەکان، لە هاوکێشە و

پلانەکانی داهاتوو بـۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین، وەک پێشوو پشتگوێ بخرێن!

٨ـ بەهێزبوونـی دۆخـی کـوردەکان لـە هاوسـەنگی لەگەڵ دەوڵەتـی ناوەندیی ئێراق

لە مانگـی سـێپتامبری ٢٠١٦، وەفدێک لە هەرێمی کوردسـتان بە سەرپەرشتی نێچیروان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێم، سـەردانی بەغدای کرد. لـە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا، وەفدی جۆراوجۆر بـۆ تاوتوێـی چۆنیەتیـی چارەسـەریی ناکۆکییەکانـی هـەردووک لا، لە نێوان بەغـدا و هەولێردا لە هاتوچـۆدا بوون و ئەمە ببووە بابەتێکی ئاسـایی و هەڵبەتە کەمتر شـوێندانەر، بەڵام ئەم سەفەرەی دوایی نێچیروان بارزانـی، جیاوازییەکی بنەڕەتـی لەگەڵ سـەفەرەکانی پێشـوو هەبوو، چونکە بە وتەی هوشیار زێباری، وەزیری دارایی ئێراق کە خۆشـی کوردە، لـەم وتووێژانـەدا، بـۆ یەکەمیـن جـار بـاس لـە پێویسـتیی پێکهێنانـی دوو وەفد بۆ تاوتوێی پرسـی سـەربەخۆیی و جیابوونەوەی هەرێمی کوردسـتان کراوە و هەردووک لاش جەختیان لەسەر ئەم بابەتـە کردۆتـەوە. بابەتێک کـە تا بەر لـەوە لەلایەن دەوڵەتەکانی زاڵ بەسـەر ئێراقدا، وەک هێڵی سوور دەژمێردرا. لە پێکهێنانی وەها دۆخێکدا، توخم و هۆکار و بارودۆخگەلی جۆراوجۆر کاریگەرییان هەبـووە کە لە کورتخایەنـدا، یەکێک لە گرینگتریـن فاکتەرەکان سـەرهەڵدانی داعش و لێکەوتە و بەرەنجامە جۆراوجۆر و چەندرەهەندییەکانـی بـۆ ئێـراق و کوردەکان بـووە. قبووڵکردنی پێکهێنانی وەفـدەکان بـۆ شرۆڤە و تاوتوێی پرسـی جیایـی کـوردەکان لەلایـەن دەوڵەتـی ناوەندییـەوە، بەکـردەوە بـە مانـای قورسـتربوونی تای تەرازووی کوردەکان لە هاوسـەنگیی خۆیان لەگەڵ بەغدا لە دۆخی ئێستادایە.

## دوورەدیمەنەکانی داهاتوو

هەربەوجـۆرەی ئاماژەی پێکرا، جەنگ و قەیرانی هەنووکەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، بۆ ڕۆڵگێڕە جۆراوجۆرەکان، هەم مەترسی بەدواوەیە و هەمیش دەرفەت و یەکێک لـە دەرهاویشـتەکانی «گۆڕان»ـە، تەنانـەت هەنـدێ لـە ڕاقـەکاران و سیاسـتوانان لەسـەر ئەو بڕوایەن، سەد سـاڵ پـاش نەزمـی سـەرچاوەگرتوو لە پەیماننامەی سایکس- پیکۆ، ڕۆژهەڵاتی ناویـن و ناوچـەی شـامات و ئێـراق، پێویسـتی بە نەزمێکی نوێیە و هەر لەم سـۆنگەیەوە باس لە گۆڕانی ڕێتێچووی سـنووورە سیاسییەکانی سـایکس- پیکۆ دەکرێ. ڕێتێچووترینی ئەوانە بە بڕوای مـن لەوانەیـە لە ئێـراق و لـە باکووری ئەو وڵاتە بێتەئـاراوە، چونکە کوردەکانی

باشـوور لـە مـاوەی جووڵانـەوەی ٩٨ سـاڵەیاندا، هـەرکات توانیبێتیـان پەنجەشـکێنی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی بکەن، باسـیان لە سـەربەخۆیی کردووە و هەرکات دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی بەیارمەتیـی هاوپەیمانـە دەرەکییەکانی زیاتر بووە، کوردەکان خوازیاری ئۆتۆنۆمی بوونە و لەتەواوی ئەم ساڵانەدا هیچکات ئـەوان وەک ئەمـڕۆ دەرفەتی باشـیان بۆ نەڕەخسـاوە. هـەر لەم سـۆنگەیەوە بوو کە مەسـعوود بارزانی پاش کەوتنی مووسـڵ ڕایگەیاند، مێژووی ئێراق خاڵی وەرچەرخانی مێژوویی بەسەرداهاتووە و ئەویش ئێراقی پـاش و پێش داکەوتنی مووسـڵە و یـان «محەممـەدی حاجی مەحموود»، سـکرتێری پارتی سوسـیال دێمۆکراتی کوردستانی ئێراق، لەو بڕوایە دایە کە تەنیا ئەو کەسـانەی بە سواری فڕۆکە بەسەر ئاسمانی ئێراقدا تێدەپەڕن، ئێراق لە دوورەوە بە یەکپارچەیی دەبینن، بەڵام ئەگەر بتەوێ بە ماشێن لە ئێراقەوە تێپەڕی، دەبینی وڵاتیکی یەکپارچە نییە، چونکە ئێراق لەکردەوەدا بۆتە سی بەش و هەر بەشـەش یاسا و چیرۆکی تایبەت بە خۆی هەیـە. بەڵام بابەتەکە لێرەدایە کە سەرهەڵدانی داعش بۆ کوردەکان لە تەنیشت چەرمەسـەری و کێشەکانیان، قازانـج و پێگـەی باشـی بـۆ ئـەوان پیکهێنـاوە و ئەوانی لە داخوازییەکانیان نزیکتر کردۆتەوە، بـەڵام ئەمە بە مانای گەیشـتن بە خاڵی کۆتایی نییە و ئەوان هـەروا کێشـەی جۆراوجـۆر، قۆنـاغ و ڕێگەگەلـی دژواریـان لەبـەردەم دایە، ڕێگەیەک کە لەودا بەرلە هەر شـتێک، دەردەکوردی مێژوویی کـوردەکان، واتە نەبوونـی یەکیەتیـی ناوخۆیـی، وەک گەورەتریـن کۆسـپ لـە هەلومەرجـی ئێسـتادا بەرچاودەکەوێ. کەواتە دەبێ ببینیـن کـە کـوردەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان تـا چ ڕادەیـەک دەتوانن لە دەرفەتە هەنووکەییەکان و ڕێنێسانسـی دەسـتپێکراو، بۆ گۆڕینی پێگەی خۆیان و بوونـە ڕۆڵگێڕیکی فەرمی لـە پانتایی گۆڕانکارییە نێونەتەوەییەکان و هەروەها گۆڕانکارییەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناویـن کەڵکوەردەگرن؟

# Tîşkî Nwê

Govarêkî syasî, lêkolîneweyî, kultûrî û mêjûyye

Tîşkî nwê | jmare: 1 | dewrî sêhem | paîzî 1395

Kumîsyonî amuzş û lêkolînewey
hîzbî dêmukratî kurdistan, derîdekat